زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ١١ )



# عەبدولڕەحمان سدیق

## ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟!

نوسینی محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: ئۆگۆستی ٢٠٢٠

زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە (١١)

# عەبدولڕەحمان سدیق

## ڕیفۆرم یان یاریکردن بە وشە؟!

نوسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: ئۆگۆستی ٢٠٢٠

# دەروازەیەک بۆ ڕیفۆرمی ئیسلامی

زۆرن ئەوانەی کە دەم دەکەنەوە لە باسکردنی کێشە وباسە فیکریەکان لە ڕووی تیۆریەوە، وادەزانیت گوێ لە ئیبن ڕوشد دەگریت، کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵوێستێکی هزری وفیکری شایستەی وایان لێ نابینین، کە یەک لە سەد پاڵپشتی قسە تیۆریەکانی بکات. کەسێکن هەڵدەکەن لەناو حزبی بێ هزر و تەژی لە دوژمنانی هزر وبیرکردنەوەی تەقلیدی لە سەلەفیەکان وسیاسیە هەلپەرستەکان، کەچی هیچ کێشەیەکی نیە، لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژانە ژەهری توندڕەوی دەڕێژنە ناو کایەکانی کۆمەڵگاکەمان ومێشکی لاوەکانمان، بێدەنگە لە هەموو قەباحەتەکان بەوپەڕی ترسنۆکی وبێ جورئەتەوە، بۆتە پاسەوانی بتە کۆنەکان، نە بە نهێنی ونە باشکرا ناوێرێت باسی بت و تابۆکان بهێنێت!

کەسانێک لەوانە کە گوایە بایەخ بە فیکر دەدەن، و سەرۆکایەتی سەنتەری هزر و فیکری ئیسلامی دەکەن، بابەتگەلێکی دوور ودرێژی لەسەر تایبەتمەندییەکانی هزری ئیسلامیی و ئاستەنگەکانی دەنووسن، هەمووی لە چوارچێوە تیۆری دەخولێتەوە، کە هەمووی بە قەد هەڵوێستێکی پراکتیکی هزری نایەت کە دەریبڕیت، بێ گوێدانە پلە وپایە وبرادەراتی ونان بڕان و قسە وقسەڵۆک، وئەو قسە قۆڕەی کە دەڵێت: دۆستت هەزار بێ کەمە ودوژمنت یەک بێ خەمە! ئەو قسەیە بۆ شەڕی کۆلانان باشە، لەناو کایەی فیکر وهزر ولای خاوەن فیکری ئازاد جێیان نابێتەوە!

ئەوەی لە بواری فیکر وهزر کاردەکات دەبێت جورئەتی فیکری هەبێت پێش ئەوەی دکتۆرا و ماستەر وئەلقابی زەبەلاح کۆکاتەوە، کە زۆر لەو خاوەن ئەلقابە زلانەمان دیون بای جورئەتی توندڕەوێکی نەخوێندەواریشیان تێدا نیە! کێشەی ڕۆژهەلات ئەوەیە کە توندڕەوەکانی بەوپەڕی حەماسەت ولەخۆبردنەوە

پشتگیری لە هزرە سەقەتەکانیان دەکەن، کەچی میانڕەوانیان لە ئاستی دکتۆرا و لەقەبە زلەکانی تر، ناوێرن فزە بکەن، ودڵی شەیتانی ڕەجیمیش ناشکێنن! بۆیە بەڕای من بڵاوبوونەوەی توندڕەوی سێ بەشی تاوانەکەی لە ملی حزب و کەسایەتی وڕێکخراوە بەناو وەسەتیەکان ومیانڕەوەکانە!

تۆ کە خۆت بە خاوەن هزر وپڕۆژەی هزری زەبەلاح ناوزەد دەکەیت بەڵام لەگەڵ کۆمەڵ، کۆمەڵ بیت، لەگەڵ یەکێتی، یەکێتی بیت، ولەگەڵ گۆڕان، گۆڕان بیت، ولەگەڵ پارتی پارتی بیت، ولەگەڵ یەکگرتوو، یەکگرتوو بیت، لەگەڵ سەلەفی سەلەفی بیت، لەگەڵ سۆفی، سۆفی بیت، ولەگەڵ ئەشعەری، ئەشعەری بیت هتد، چی دەمێنێتەوە بۆ فیکر لە ناو ئەو فەزایە پڕ لە ترسنۆکی وبێ جورئەتی و دڵی مێشێک نەڕەنجانەدا؟!

من سروشتی نووسینی ڕیفۆرمخواز دەناسم، لە خۆمەوەش پیادەی دەکەم، ناڵێم باشن یان خەراپ، بەڵام دەزانم لە کاتی نووسیندا دەبێ تەنها موراعاتی هەقیقەت بکەیت وبەس! ناتوانم ئیدیعای هەقیقەتی ڕەهاش بکەم، بەڵکو هەقیقەت وەک من لەو ساتەدا دەیبینم. نابێ بەدەر لەوە هیچ حیسابێک بۆ تابۆکان و کەسەکان و دۆستەکان و کەسوکارەکان وناوە زلەکان وحزبە قەبەکان وتیرۆرستە پیاو کوژەکان وکەسی تریش بکەیت.

لەو ڕێگایەدا بە پێچەوانەی ئەو بەناو ڕیفۆرمخوازە هەلپەرست وترسنۆکانە، تووشی زۆر سەر ئێشە وجوێن و سوکایەتی و هەڕەشە و موحارەبەکردن دەبیت، لە ڕزق و ناحەز پەیدا بوون وزۆر شتی تر، بەڵام لە پێناو گەیاندنی هەقیقەت وەک خۆی ونەفرۆشتنی وشە، وسازش نەکردن لەگەڵ هێزە تاریک و نەگریس و فریودەرەکان، هەست بە ئاسوودەیەکی ویژدانی زۆر دەکەیت، من خۆم هەست دەکەم ڕاستگۆم لەگەڵ ئەوانەی چاوەڕوانی نووسینەکانم دەکەن، وهەست دەکەم دەتوانم کاریگەری بەجێبێڵم لەسەر ئەو گەنجە پاکانەی، کە عەوداڵی هەقیقەت و

خزمەتکردنـــی میللەتەکەیـــانن، لەنـــاو ئەو زەلکـــاوە گەورەی تونـــدڕەوی و ساختەکاری و فریودەری وخۆفرۆشیەی ڕۆژهەلات.

ترسنۆکی و تەمەلوقی ئیسلامیەکان هەر لە هێزە حزبیەکان کۆێ نابێتەوە، بەڵکو لە زۆر لە ئیسلامیە سەربەخۆکانیش بەرجەستە دەبێت، بۆ نمونە نوسەر هەیە میوانی بەردەوامی تەلەفزیۆنەکانە، لەبەر خاتری چەند مەلایەکی برادەری قسەی وا دەکات جاروبار توندڕەوەکانی سعودیەش قسەی وا ناکەن.

لەو برادەرانە هەیە، لە ڕووی زانستی دینییەوە زۆر نەدار وهەژاریشە، چونکە بە قەیرەیی بۆتە ئیسلامی، هێندە خۆی لێ گۆراوە باسی کەون و کائینات دەکات، باشە ئەگەر شارەزای لە سیاسەت یان مێژوو گوتمان قەیناکا لەو بوارە بدوێیت، بەڵام باسی تیۆرەکانی ئەتۆم و دروستبوونی بوونەوەر و ڕەخنە لە کتێبی دیزاینی مەزنی ستیڤن هاوکینگ دەگرێت، بێ ئەوەی ڕۆژێک فیزیای خوێندبێت، مەگەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا !

هەیانە هەموو نەهامەتیەکانی کورد دەگێڕێتەوە بۆ عەلمانیەت! لای ئەو نمونەی عەلمانیەت تورکیا وسەدام وشای ئێرانە !

هەیانە هێندە سەلەفیزمانە بیردەکاتەوە، وتارێکی دوور ودرێژی سعودیانەی نووسیوە دەڵیت ئاهەنگ کردن و پیرۆزبایی کردنی سەری ساڵ حەڕامە لە نێوخۆمان و لە مەسیحیەکان، هەر بۆ ڕازیکردنی سەلەفیەکان!

هەیە باسی هەموو وردەکاری ڕیفۆڕمی ئیسلامی دەکات، و لە وەڵامی تێزی نەسخی زەمەنی بەندەدا، دەڵێت نەسخ نابیت بەبێ وجودی پێغەمبەر! لە کاتێکدا هیچ نەسخێک بە دەقێکدا نەکراوە و زۆربەی پاش وەفاتی ثێغەمبەر گوتویانە ئەو ئایەتە نەسخە بەوە!

هەیانە قسەگەلێکی تر دەکات لە بن باز و عسیمێنیش توندتر، کاتێک دەڵێت هەموو ئەحکامەکانی ئیسلام سەوابت و جێگیرن وەک یاسای سروشتین، و چۆن یاسای سروشت نابێت بگۆڕێت، چونکە کارەساتی کەون و کائیناتی لێدەکەوێتەوە، بە هەمان شێوە هەر یاسایەکی شەریعەت ڕابگیرێت کارەسات دروست دەبێت !

یانی بۆ نموونە ئەگەر یەکیک دزی کرد دەستی نەبڕین بۆ نمونە کارەسات ڕوودەدات، یان دووکەس لەکاتی زینادا گیران ڕەجم نەکرێن، یان یەکی سەد جەڵدەی لێ نەدرێت، کارەساتی سروشتی ڕوودەدات!

ئەگەر کۆیلەمان زیندوو نەکردەوە، بەپێی دەقەکانی قورئان کە لای ئەو وەک یاسای سروشتین! ئەوە کارەسات ڕوودەدات !

عومەری کوڕی خەتاب وەک سێیەم فیگەری ئیسلام ئایەتی مؤلفة قلوبهم راگرت، یانی ئایەتیکی ڕاگرت لە کار، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کارەساتێک رووی نەدا !

ئەو نمونانە جارێ دەبێ کەمێک بۆشایی فەرهەنگی ئیسلامی خۆیان پڕبکەنەوە ئینجا باسی ڕیفۆرمخوازی بکەن لە ئیسلامدا! ئەوە چ عەقڵیەتێکی کورتبینی دواکەوتووە ئەو بەراوردە ناقیسە بکەیت لە نێوان ئەو تەشریعاتانە کە زۆربەیان ڕیشەیان لە یاساکانی خێڵی عەرەبی پێش ئیسلامدا هەیە، لەگەڵ یاسا سروشتیەکان؟!

ئەو بیرکردنەوە سەرەڕای ئەوەی زادەی جەهلێکی سەتحیانەیە، لە هەمان کاتدا موغازەلەی شەقامی بێ مەنتیقی ئیسلامیە، لە جیاتی ڕێگەیان پێ نیشان دەن، زیاتر سەریان لێ دەشێوێنێت!

چونکە ئەوانە لە بنەڕەتدا پیاوی ڕیفۆرمخوازی نیین، ئەگەر ڕۆژی سەد تەلەفزیۆن و بەرنامەی بەتاڵیش بانگیان کەن بۆ هەڵڕشتنی دوڕ وجەوهەرەکانی، قەت نابنە ڕیفۆرمخواز! ڕیفۆرم چۆن بەو حزب و تاکە بێ جورئەت و ترسنۆک وجاهیلانە دەکرێت؟!

# ئامادەیی کورد بۆ ڕیفۆرمخوازی

کورد بە سروشتی خۆی ئامادەیی ڕیفۆرمی دینی زۆر تێدایە، یەکەم لەبەر سروشتی دەروونی کە کەسایەتیەکی نزیکە لە خۆشی و کەیف و ژیان دۆستی، هەرچەندە لەبەر بەرەڵلایی و دەست واڵاکردنی هێزە توندڕەوە سەلەفیەکان، خەریکە ئەو سروشتە میانرەوەی بەشێکی زۆری کورد دەگۆڕن، بە تووندوتیژی و ڕەشبینی و بیری کارەسات وفیتنەی ئاخیری زەمان!

بەڵام هێشتا زۆربەی خەڵک نزیکترن بۆ ڕیفۆمخوازی ئایینی تا داخراوی. کێشەکە ئەوەیە مەلایە تەقلیدیەکان لە ئاستی ئەو ئەرکە نین، مەلا نوێیە سەلەفیەکانیش هەر لە سەرچاوەوە داڕماون ، تا تێکدان هەبێت بیر لە ڕیفۆرم ناکەنەوە، ئەگەر پێشیان کوفر نەبێت.
بەڵام کورد زەخیرەیەکی مێژوویی باشی هەیە لە بواری ڕیفۆرمخوازی ئایینی، لە مەولانا خالید و مەلای گەورەی کۆیە و نورسی و زەڵمی، دەکرێت لەسەر بیروڕاکانی ئەوانەوە بنیات بنرێت و ڕیفۆرمێکی چاک بکرێت بە سود وەرگرتن لە هەموو هەوڵە ڕیفۆرمخوازەکانی جیهانی ئیسلام.

کێ ئەمڕۆ لە ئیمانداران و هەتا نائیمانداران بە ئیسلام و قورئان هەیە، بە نهێنی و ئاشکرا هیواخواز نە بێت، بە ئیسلامێک دوور لە کوشتن و بڕینی دەست و پێ و بێ کۆیلایەتی ، و بێ ئەحکامی شەڕ و جیهاد و جزیە و دژایەتی کردنی هەموو بونەوەر، و بێ جیاوازی نێر و مێ، وبێ، و بێ؟!

# بۆ خەڵکانێک پێشوازی لەو وتارانە دەکەن؟!

کاتێ عدنان ابراهیم یان مستەفا زەڵمی یان عەبدولڕەحمان سدیق، کە دەڵێن کوشتنی مورتەد نییە، و حۆری نییە تا موجاهید وا خۆی بۆ کەر و گەمژە کات، یان کۆیلایەتی بەسەرچووە و مرۆڤایەتی نەسخیان کردۆتەوە، نەک قورئان!

چونکە ئەو خەڵکە دیندارە پلەی مرۆڤایەتی، و چەمکە نوێکانی مافی مرۆڤ فشاریان لێ دەکات، هیچیتر ڕازی نەبن بە بەردباران کردنی نێر و مێی زیناکەر تا مردن! یان دەستت و قاچ بڕین لە بن هەنگڵەوە بۆ سزای حیرابە، یان جەڵدە لێدانی زیناکەر بە بەرچاوی خەڵکەوە!
ئەگەر ئیمانداران بە ڕاشکاویش گوزارش لەو ئاواتانەیان نەکەن، لە پەنهانیدا وابیردەکەنەوە، ئەگەر واش بیر نەکەنەوە دەبێت گومانت هەبێت لە مرۆڤایەتیان.

بەڵام ئیمانداران تەنها چاوەڕوانی زانایەکی ئیماندار دەکەن، شتێک تابۆیەک و مو حەڕەماتێکی بیرکردنەوەیان بۆ بشکێنن، هەر بە بەڵگەی دینی و لەناو خودی وتاری دینیدا، دەنا ئەو قسانەی زانا نوێخوازەکان دەیکەن، بە زیادەوەش لە نووسینی نادینیەکان دا هەیە، بەڵام بۆ مسۆگەر کردنی شەرعیەتی بیری تابۆ شکێنی دینی، چاوەڕێی زانایەکی یا بیرمەندێکی دینی دەکەن. ئەوانیش وەک کیسەڵ ڕێ دەکەن لە ترسی لە دەستدانی شوێن وپایەی خۆیان. زۆرجاریش خەڵکی گشتی وا دەقی گرتوە بە شتانێک، زاناکانیش دژی بوەستنەوە تڕۆی دەکەن!

هەر نەوەیەک کە دێت، بە پێی ئاستی سەردەمی خۆی، وتاری دینی خۆی فۆرمەلە دەکات. لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستان، هیچ کێشەیەک لە جیهاد و

کۆیلەکردنی دوژمن و بارودۆخی ئافرەت و کوشتنی هەڵگەڕاوە نەبوو، چونکە هەموو جیهان لەو ڕەوتە شارستانیەی ئەوسا هاوڕا بوون.

بۆ لەو کاتە زەڵمیەک یان مەلای گەورەیەک یان جمال الدین الافغانی یەک یان محمد عەبدەیەک ، پەیدا نەبوون دژی کوشتنی هەڵگەڕاوە بن، یان پێیان وابێت ئیسلام نابێت دین و دەوڵەت بێت، یان جیهادی موقەدەس شوێنی نەماوە لە نەخشەی شارستانی نوێدا، یان کۆیلایەتی یان و یان، هتد؟!

ڕیفۆرمی ئایینی دەبێت زیاتر کاری دەستەجەمعی و کەسانی سەربەخۆ و زۆر شارەزا لە فەرهەنگی دینی و دنیایی بیکەن. دەبێت ئەو کارە لە دەستی دەزگا کلاسیکیە دینیەکان دەربکرێت، چونکە ترسنۆک و بێ جورئەتن لەبەردەم دەقدا، مانگێک بیر لە حەدیسێکی زەعیف دەکاتەوە نازانێت چی لێبکات!

ڕیفۆرم دەبێت کەسانی بوێر بیکەن، نەک هێندە ترسنۆک بێت نەوێرێت قال و قیلەیەکیش ڕەتبکاتەوە! ڕیفۆرمی دینی دەکرێت کەسانێک وەک تاکیش ئەنجامی بدەن، بەڵام پێویستە هاندەرێکی پاک و بێ خەوش لە پشت ئەو هەوڵە بێت، و لە پێناو باشکردن و خۆشکردنی ژیانی مرۆڤەکان بێت، نەک زیاتر قورسکردنی ژیانیان.

بە نسبەت حزبە ئیسلامیەکان، دەبوایە ڕیفۆرمی ئایینی کاری یەکەمی حزبە ئیسلامیەکان با، بەڵام لەبەر تێوەگلان لە سیاسەت و ڕاگرتنی دڵی خەڵک، نە لە بواری سیاسی بەرهەمدار و کارامەن و نە لە بواری ڕیفۆرمی ئایینیش کاریگەر و کاران!

ڕیفۆرمی ئایینی دەبێت کەسانێک بیکەن هیچ بەرژەوەندیەکی مادی ومەعنەویان لای خەڵک نەبێت، نەک بە تەمای دەنگی هەڵبژاردن و باربووی خەڵک بیت، لە ترسی ئەو بەرژەوەندییە هەموو پرنسیپەکانی بخاتە ژێر پێیەوە. بۆ نمونە

ئیخوانەکانی کوێت لە ساڵی ١٩٥٢ وەوە هەن هەر دژی دەنگدان و خۆکاندیدکردنی ئافرەت بوون لەبەر خاتری تێڕوانینێکی دینی کلاسیکی عەشایەری کوێت، نەیانتوانی بیرێکی ڕیفۆرمخوازانە لەو بوارە بڵاوکەنەوە تا لە ٢٠٠٥ بەپێی فەرمانیکی ئەمیری ئەو مافانە درایە ئافرەت!

لە یەمەنیش ئیخوان هەمان چیرۆکی فەشەلی دووبارە کردەوە. یانی حزبە ئیسلامیەکان موسایەرەی داب ونەریتی دواکەوتوو دەکەن شتێک ناکەن بۆ ئینسان زیاتر خەریکی سەندنی مافی خوان لە ئینساندا!

ڕیفۆرمی دینی کارێکە لە ئەنجامی تێپەڕبوونی کات و گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی و زانستی دێتە کایەوە. بۆ نمونە بارودۆخی کۆمەڵایەتی زۆر لە داب ونەریتە دینیەکان یان دەخاتە ژێر فشار بۆ گۆڕین، یانیش هەر تێی دەپەڕێنێت. وەک دەزانین قورئان لە ٢٣ ساڵدا دابەزیوە، ١٣ ساڵی لە مەککە، و ١٠ ساڵی مەدینە، لەو دەساڵەی مەدینەدا کە ئایەتەکانی ئەحکام و معامەلات دابەزیوە، چەندین ئایەت بە ڕای زۆربەی زانایانی ئیسلام نەسخ کراوەتەوە، لە پێناو گۆڕانی واقیعدا و هێنانەدی بەرژەوەندی موسڵمانان، ماقوڵ نییە بە درێژایی هەزار وچوارسەد ساڵ، هەموو ئەحکامەکان وەک خۆی بمێنێتەوە!

## ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات؟!

ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕووبدات، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئایەتانەی کە باس لە نەسخبوونی دەکرێت، دەقێکی ڕوون وئاشکرای لەسەردا نەهاتووە، کە لە زەمەنی پێغەمبەر نەسخ کراوەتەوە، زیاتر ڕای ئەسحابە و ئیمام و فەقیهە گەورەکانی پاش وەفاتی پیغەمبەرە؟!
کە نەسخ پاش وەفاتی پێغەمبەر بڕیاری لەسەر دراوە، ئەی بۆ تەنها کە نۆرەی سەردەمی ئێمە هات وتیان نابیت دەست بۆ نەسخ ببرێت؟!

بەڕای من نەسخ زۆرجار وەک کردەیەکی ڕیفۆرمی کراوە، وەک نەسخی دەستبڕین لە کاتی قات وقڕییدا، یان پارەدان بە سەرۆک هۆزانێک بە ناوی مؤلفة قلوبهم، یان قەدەغەکردنی دابەشکردنی زەویەکانی فەتح کراودا، بەدەستی عومەری کوڕی خەتاب. ئەوانە هەمووی نەسخ وڕیفۆرمن لە هەمان کاتدا.

هەندێ نموونەی تر وەک بوونی کۆیلایەتی کە نە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نە مرۆڤایەتی و نە کلتوری یونیڤێرساڵێ قابیلی قبوڵ نییە، بۆیە پێویستە ڕیفۆرمی ئایینی لەو بوارە بکرێت! یان بە بەرد ڕەجمکردن، یان دەستی تاوانبار بە دزی بڕین، ئەمڕۆ کارێکی قبوڵکراو نییە، ئەوەی دەشیکات وەک سعودیە و تاڵیبان و داعش دووچاری ڕەخنەیەکی زۆروزەبەند دەبێتەوە!

ڕیفۆرمی ئایینی زۆربەی دینە بەناوبانگ و سەرەکیەکان تەمەنیان لە دوو هەزار ساڵ کەمتر نییە، ئیسلامیش هەزارو چوارسەد ساڵە تەمەنی، ئەو دەقانەی کە بەر لە هەزار وچوارسەد ساڵ، ژیان و موعامەلات و عیباداتی خەڵکی دامەزراندوە، دەبێت لەگەل تێپەڕبوونی کاتدا وگۆڕینی سەردەمدا، چۆنیەتی بەرخورد کردن لەگەڵ ئەو دەقانەدا بگۆڕێت.

جارێ موعامەلات لە ڕێگای فیقهێکی واقیعیانە و سەردەمیانە دەبێت زۆر چاوی پیدا بخشێندرێتەوە، کەس کێشەی نییە لەو بارەیەوە، بەڵام کیشەکە لەوەیە ئایە لایەنی عیباداتیش پێویستی بە ریفۆرم هەیە؟! بەڕای من بەڵێ. بۆ نمونە لە عیبادەتی ڕۆژوو گرتن، کاتێ یەک مانگی ڕەمەزانی تەواو دەکەوێتە ناو گەرما وتینی هاوین، ماوەی ڕۆژوو گرتنەکە دەگاتە ٢١ سەعات لە هەندێک شوێن و وڵات، باشە کەس دەتوانێت نکوڵی کاریگەری تەندروستی بکات لەسەر تەندروستی رۆژووگران؟!

نەک هەر تەندروستی، کاریگەری ئیمانیشی هەیە، مرۆڤ بە ٢١ سەعات ڕۆژوەوە تووشی بیزاری و وشک بوون و مەلولی دێت، هەرچەندە لە شەرمی خەڵک دەریشی نەخست. کەوابوو دەبێت ڕۆژووگرتن لەو مانگە ریفۆرمی تێدا بکرێت ئەگەر ڕێکەوتی هاوینی کرد.

هیچ ئاماژەیەک لەو ئایاتانە نییە، داوا لە موسڵمانان بکات لە یەک ڕۆژدا خوێنی ملیۆنەها ئاژەڵ بڕژێنن وبیکاتە یەکێک لە شەعائیرەکانی ئیسلام!
عیبادەتێکی تری وەکو قوربانی، باشە زانیمان چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل لە قورئان هاتوە، پاش ئەوەی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم کردوە ئیسماعیلی کوڕی سەربڕێ، کە لێی خۆش بووە بەرانێکی کردۆتە قوربانی وەک چیرۆکە کە هاتووە لە سورەتی الصافات لە ئایەتی ٨٣ بۆ ١١٣.

وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ★ قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ★ إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ الْبَلَاءُ الْمُبِينُ★ وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ★ وَتَرَكْنَا عَلَيْهِ فِي الْآخِرِينَ★ سَلَامٌ عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ★ كَذَٰلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ★ إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُؤْمِنِينَ {الصافات:١٠٤ :١١١}.

وەک دەبینین هیچ ئاماژەیەک لەو ئایاتانە نییە داوا لە موسڵمانان بکات لە یەک ڕۆژدا خوێنی ملیۆنەها ئاژەڵ بڕژێنن وبیکاتە یەکێک لە شەعائیرەکانی ئیسلام!

بیهێنە بەر چاوت، ئەگەر ئەو ملیۆنەها ئاژەڵە سەرنەبڕان لە یەک ڕۆژدا، و بەخێوکران و خزمەتکران بەپێی پێویست سوودیان لێ وەرگیرا باشتر نییە، هەتا نابێتە هۆی دابەزینی نرخی گۆشتیش کە لە وڵاتانی ئیسلامی هەردەم لەسەرەوەیە؟!

دەکرێت وەک پێغەمبەر یەک قوربانی دەکرد و دەیگووت ئەوە لە بۆ هەموو ئومەتی ئیسلام، کە دەڵێن شای مەغریب یش داوای لە خەڵکەکە کردوە ئەو ملیۆنەها ئاژەڵە سەرنەبڕن، زیان لە سامانی ئاژەڵی نەدەن، و خۆی قوربانیەکی سەربریوە لە جیاتی هەموو میللەتی مەغریب. ئەو حەدیسانەی لەو بارەیەوەش هاتوون زۆر پێچەوانەی یەکترن و پڕن لە هاڤدژی.

ئینجا لە بیرمان نەچێت سەربڕینی ئەو هەموو ملیۆن ئاژەڵە لە ناو شارەکان و کوچە وکۆڵانەکان، وفڕێدانی پاشماوەی لاشەکانیان بەو شیوە پیس و ناشارستانیە، دەبێت بیرێکی نوێی لێبکرێتەوە. باشە گوتمان سەربڕینی قوربانی لەسەر حاجی لە حەج واجیبە، ئەو هەموو ملیۆن موسلمانە بۆ لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و خەریکی قوربانی کردنن؟!

جگە لەوەش وێنەی موسڵمانان زۆر دزێو دەبێت کاتێ لە یەک ڕۆژدا خەریکی سەربرین و خوێن ڕشتنی ملیۆنەها ئاژەڵ دەبن، چونکە ئەو جۆرە قوربانیکردنە وخوێن ڕشتنە بە ڕووبار لە شەعائیری دیاناتی وەسەنی نزیکە، پێویستە ڕیفۆرمی تێدا بکرێت. هەروەها کاریگەری خوێنڕشتن و سەربڕینی ئەو ئاژەڵانە لە کوچە وکۆڵانان کاریگەری زۆر نێگەتیڤی دەبێت لەسەر منداڵان و لاوان، ڕایان دەهێنێت بە دیمەنی خوێن ڕشتن، لە ئەنجامدا نابنە خاوەن سایکۆلۆژیەتێکی تەندروست.
ڕیفۆرم دەبێت کەسانی بوێر بیکەن، نەک هێندە ترسنۆک بێت نەوێرێت قاڵ و قیلەیەکیش ڕەتبکاتەوە!

# ڕیفۆرمی عەبدولڕەحمان سدیق

ڕەخنەی من لە مەنهەجیەتی ڕیفۆرمی عەبدوڵڕەحمان سدیق و هەموو شەحروریەکان و قورئانییکان ئەوەیە، کە لە ڕیفۆرمخوازی پەیڕەوی مەنهەجیەتێکی زۆر فشۆڵ ولاواز دەکەن، ئەویش بریتییە لە یاریەکی زمانەوانی لە هەڵگێرانەوەی مانا، وگۆڕینی مانای وشەیەک، نکوڵی لە مانای دێرینی وشەیەک، ودەیان یاریتری نالۆژیکی، کە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی چەند کەسێکی پێ فریو بدەیت، بەڵام ناتوانی تا سەر قەناعەتی بپارێزیت!

سەرەڕای ڕەخنەکانیشم لەو مەنهەجیەتە، هێشتا من لە چەندین بۆنەدا بەرگریم لە عەبدوڵڕەحمان سدیق کردوە کاتێ تەکفیر و سووکایەتی پێکراوە لەلایەن توندڕەوان لەسەر مەنهەجەکەی.
ڕاستە منیش ناکۆکم لەگەڵ مەنهەجەکەی، بەڵام عەبدوڵڕەحمان سدیق هەر شتێک بێ، هەر شتێک بڵێ، هەر چاکترە لەو توندڕەوانەی کە تەکفیری دەکەن و سووکایەتی پێدەکەن. ئەوەی من زۆر پێی پەستبووم لە بیرو فیکری عەبدوڵڕەحمان سدیق، یەکەم بێدەنگی و نزیکییەتی لە دەسەڵاتی گەندەڵ، دووەم دژایەتی کردنی عەلمانیەت و دیموکراتیەت و حوکمی مەدەنیەتی، بە بیانووی ئەوەی حوکمی ئیسلامی مەدەنییە و هیچ جیاوازی دینی ناکات لە نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا! ئەوەش وەهمێکە وەک باقی وەهمەکانی مەنهەجیەتە وشەکاریەکەی.

جارێکی تر سەرەڕای هەر ڕەخنەیەکم لە عەبدولڕەحمان سدیق، ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە کەسێکی ڕۆشنبیرە، لە زۆر بواردا ڕەنگە سوود بگەینێ، هەرچەندە باگراوندە دینیەکەشی هەمیشە ئامادەیە. هەندێ جار نیوەی هەقیقەت دەڵێ، کە هەر سوودی هەیە، بۆ نمونە کە دەڵێ هەموو ئەو تاوان و شتانەی داعش دەیکات لە سەربڕین و کوشتن وتەنانەت سوتاندنی فڕۆکەوانەکەش، لە قورئان ولە

سوونەت نمونەیەکی هەیە! دەبێ دان بەو ڕاستیە دابنێین، بەڵام لە نێوان چەندین تەفسیر و لێکدانەوە بۆ ئایەت وحەدیسەکان یەکێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، تۆ لەسەرتە بیسەلمێنیت کام لەو بۆچوونانە ڕاستە.[1] دوایی دەڵێت ئێمە نابێت دەقەکان بە چاوی مردوو بخوێنینەوە!

ئەگەر ئەو قسەیە هێندە ئاسان جێبەجێ کرابا لەناو موسڵمانان، دڵنیام ئێستا موسڵمانان لە هەرە پێشکەوتوەکانی جیهان بوون، بەڵام مەرجەعیەتی دینەکە لەسەر توندڕەوەکان تاپۆکراوە، هەر میانڕەوێک کە پەیدا دەبێت، هەزاران زانای توندڕەو شەرعیەتی لێ دەماڵن. ئەوەی عەبدولڕەحمان سدیق باسی ناکات، باشە ئەگەر ئەو دەقانەی داعش پشتیان پێ دەبەستێ هیچ تەفسیرێکی تر هەڵنەگرێت، لەو تەفسیرەی داعش پەیڕەوی کردوە؟!

دەبێ ئەو کاتە وەک شەحرور بڵێین النساء مانای ژن نییە، ضرب مانای لێدان نییە و هتد...

عەبدولڕەحمان سدیق لە ڤیدیۆیەکیتردا دەڵێت: لە پاش تەواوبوونی داعش تووشی شۆڕشێکی فیکری دەبین، دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. بەڵام ئەو شۆڕشە بە هیوای عەبدولڕەحمان سدیق و هاوبیرانی نابێت، چونکە ئەو چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە خەڵک بگەڕێتەوە سەر ناسینی ئیسلامی هەقیقی! نازانم ئیسلامی هەقیقی لە کوێدا هەیە؟! بەڵکو خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی ڕەنگە هەر بەرەو ئیلحاد ولادینیەت بچن، وەک ئاماژەکانیش وادەڵێن لە میدیا و سۆشیال میدیای جیهانیدا.

هەروەها زۆرجار کاتێ عەبدولڕەحمان سدیق ڕەتی هەندێ لە حەدیسەکان دەکاتەوە بە لێکدانەوەی نوێ، دەزانم ئەو لێکدانەوانەی ئەو هیچ شوێنی خۆی

---

[1] https://www.youtube.com/watch?v=okkdeN_Dx3U

ناگرێت لەناو مەرجەعیەتی ئیسلامی، بەڵام ڕەنگە لە ڕەهەندێکی شەعبی سنوردار سودێک بگەینێ، وەک ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری کچی منالْی ۹ ساڵە، ئەوەی پێی دەڵێن زواج القاصرات. ئەو کردە ماتماتیکیەی بۆ تەمەنی عائیشە و ئەسما، کارێکی لۆژیکییە، ئەگەر بەو لۆژیکە بڕۆین بەڕیوە ڕەنگە سەدان ئایەت وحەدیس ڕەتکەینەوە. نمونەش زۆرە، بەلام موسڵمانان تا دەنگی عاتیفەی دینی هەبێ، کەی گوێیان بۆ دەنگی عەقڵ ڕاگرتووە.؟

# ڕیفۆرم یان ئاسنی سارد کوتان!

عەبدولڕەحمان سدیق لەوەش ڕاست دەکات، کە هەر تاوانێکی داعش دەیکات لە کتێبەکان دا هەیە، بەڵام کام کتێبە؟! لێرەدا ناتوانێ بە ڕوونی بە خەڵک بڵێ کام کتێبە و ناوێرێ هەتا وشەی سەرچاوەش بەکاربهێنێ! دوایی دەڵی جگە لە قورئان هەموو کتێبەکانیتر هی مرۆڤن قابیلی چاوپێداخشاندنەوەن![٢]

ڕاستە بەڵام کە دەچیتە بواری پراکتیکی، دەبینیت، خاوەنی ئەو کتێبانە بە قەد پێغەمبەریک تەقدیس کراون لە میانەی تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگاردا. دەبینیت لەسەر حەدیسێکی زەعیف تێکڕای میللەت و ئۆمەت دەوروژێنرێ دژی هەر کەسێک بڵێ دەبێ ئەو دەقە وئەو دەقە لاببرێ .هەتا ئەگەر یەکێکیش ئەو کارەی کرد بەبێ دەنگی وەک جمال البنای ڕەحمەتی لە کتێبی: تجريد البخاري ومسلم من الأحاديث التي لا تلزم، کە فەقیرەی لە پێشەکیەکەیدا بەوپەڕی دڵسۆزی دینییەوە نوسیویەتی :

بۆ تۆ ئەی سەردارم ڕەسولی خوا

بۆ تۆ ئەی سەردارم ڕەسولی خوا، ئەو لاپەڕانەت پێشکەش دەکەم،کە ویستم پەڕە و پەرێزی تۆ پاک کەمەوە، لەو شتە خراپانەی دراوەتە پاڵت لەلایەن پیاوگەلێک کە غەفلەت بەسەریاندا زاڵ بوو، هۆکارەکانی سەردەمی خۆیان تەحەکومی پێکردن، نەیاندەزانی ئەو شتانە خراپەی بۆ تۆ تێدایە! ئەو کەیدو پیلانە نەگریسانەیان بەدی نەکرد کە دوژمنانی ئیسلام خستیانە ناوی. کاتێ نەیانتوانی لەوچە لەوچ بکەن لەسەر قورئان یان بە ڕاشکاوی ڕەوشتی جوامێر و ڕێگای ڕاستت بشێوێنن، پەنایان بردە بەر ئەو حەدیسانە بۆ شێواندنت!

---

[٢] https://www.youtube.com/watch?v=ekeSmBMRHD.

پیاوێک لەو ئاستە دینداریە ودڵسۆزیەوە هەوڵی ڕیفۆرمخوازی دەدا لەناو دائیرەی ئیسلام و ئیلتیزامی ئیسلامی، هێشتا نەیتوانی بە قەد بچوکترین مەلای توندڕەو کاریگەری هەبێت بەسەر موسڵمانان!

لەو کتێبەیدا کەتیایدا زۆربەی ئەو حەدیسانەی دەرکردوە کە دەبێتە هۆی تانەلێدان لە کەسایەتی پێغەمبەر، وەک حەدیسی سیحر لێکردنی، و کە پێیوابوو دەچێتە لای ژنەکانی و کەچی نەدەچوو، و حەدیسی هاوسەرگیری لەگەڵ عائیشەی ٦ ساڵی، یان حەدیسی سێکسکردنی لەگەڵ هەموو ژنەکانی لە یەک کاتدا! یان حەدیسی پیرۆزکردنی اللات و العزى والمناة ودەیان حەدیسی تر.

من دڵنیام لە ملیۆنێک موسڵمان سەد کەسیش ئاگاداری ئەو کارە جوانە نین. بەڵام ئەگەر زانایەکی سەلەفی یان تەقلیدی ئەزهەری کتێبێک پوختە بکات لە سەرچاوە گەورەکان، ملیۆنەها پێشوازی لێدەکەن! بەڵام بۆ زانایەکی ڕیفۆرمخوازی وەک جمال البنا کەس ئاگاداری نین، ئەوانەشی ئاگادارن تا بوخاری وموسلیمی ئەسڵی هەبێت وبە لێکدانەوەی توندڕەوە و زانا کلاسیکیەکان، کەس ناچێ بەلای ئەو پوختەیەی بوخاری وموسلیمی ڕەوانشاد جەمال بەنا، کە برای حسن البنای دامەزرێنەری ئیخوان مسلیمینە!

دینەکە خۆی وادارێژراوە مرۆڤەکان بەرەو توندمیزاجی و توندڕەوی ببات، تا شیدەت و توندی هەبێت، ئاوڕ لە نەرم ونیانی نادەنەوە، تا بێ عەقڵی هەبێت ئاوڕ لە عەقڵ نادەنەوە.

# پێنج ملیۆن عەبدولڕەحمان سدیق
# زیانی توندڕەوێکی تیرۆرستی نییە!

خۆ من بە چەندین ڕەخنەی دوور ودرێژم لە مەنهەجیەتی عەبدولڕەحمان سدیق گرتووە لەسەر باسی حۆریەکان و دەوڵەتی مەدەنی و کۆی مەنهەجی.
ئێستاش لەسەر ئەو ڕەخنانەم سوورم، دەڵێم شتێکی گاڵتەجارییە و ئاسان نییە، تۆ پەی بە مانایەک ببەیت بۆ وشەیەک، بەر لە هەزار و چوارسەد ساڵ، کەس پەی پێ نەبردبێ. بەڵام هێشتا بەو شێوەیەی تەکفیرکردنەی عەبدولڕەحمان سدیق، لەلایەن توندڕەوان، بۆمان دەسەلمێت، کە پێنج ملیۆنی وەک عەبدولڕەحمان سدیق زیانیان بە قەد یەک کرێکار نییە.

هەرنەبێ عەبدولڕەحمان سدیق پشتگیری داعشی نەکردوە، و داوای لە گەنجەکان نەکردوە بچنە ناو داعش؟! هەرنەبێ سدیق پێشمەرگەی تەکفیر نەکردوە، و ڕیشگاوەکانی داعشیش بە موسڵمان بزانێت و بە واجبی بزانێت پشتگیری کردنیان؟!

سەیر لەوەدایە کرێکار عەبدولڕەحمان سدیق تەکفیر و تەحقیر و مولحید دەکات، کەچی بەرگریش لە فەرهاد پیربال دەکات! خۆ عەبدولڕەحمان سدیق، سەد بە قەد فەرهاد پیربال زاناترە لە دین و دیندارتر و سەنگینتر و زمان پاکترە.

تۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی جیهادی خۆت هەبێت، دڵنیام لە ڕۆژەکانی یەکەمی دەوڵەتەکەتدا عەبدولڕەحمان سدیق هەڵدەواسیت! ئەی دەبێت چی بەسەر یەکێکی دەم و ڕەفتار بێ کۆنترۆڵی وەک فەرهاد پیربال بهێنیت؟!

تۆ خۆت ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکرات و سێکیولار بایت، لەوانەبوو باوەڕ بەو بەرگریەت بکەین، لە ستەملێکراوانی ئازادی ڕادەربڕین، بەڵام بەخوای لێت نایەت ڕۆڵی بەرگریکار لە ئازادیەکان ببینیت، لە کاتێکدا چاکترین نمونەی دەوڵەتی ئیسلامی، لە زهنیەتی تۆ لە نموونەی داعش چاکتر نابێت، ئەگەر خراپتر نەبێت!

بۆچی دەبێ مەلاو بانگخوازانی کورد بەرگری لە فەرهاد پیربالێک بکەن، سەرەڕای دووری لە دیندا، کەچی عەبدولڕەحمان سدیق تەکفیر دەکەن؟! چونکە ئیسلام زۆر بەرەنگاری ڕیفۆرمخوازی دەکات، ئەوەشی پێی هەڵدەسێت بە هەموو جۆرێ دەیکەوێنن ودەیڕوخێنن.

# تەکفیرکردنی داعشیانەی عەبدوڵڕەحمان سدیق!

ئەخر بۆیە دەڵێم ڕیفۆرم و چاکسازی لە ئیسلام دا، هێندە قورسە دەگاتە ئاستی موستەحیل .
من ڕاستە ڕەخنەشم لە مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق گرتوە، بەس دەزانم لە دڵسۆزی بۆ دینەکەی ئەو هەموو زۆرلەخۆکردن و هەوڵ و تەقەلایە دەدات، بۆ ڕزگارکردنی ئیمانی بەرەیەکی گەورەی خەڵک، کە لە ژێر کاریگەری کارەساتەکانی ئیسلامی توندڕەوان و تیرۆرستان ئیمانیان لەق بووە .

قسە و بیروڕاکانی مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق قابیلی گفتوگۆ و ڕەتکردنەوە و پشتگیریشن. من وەک ڕەخنەم هەبوە لێی بەڵام زۆر بابەتیشم بە دڵ بوە .
بەڵام مەلای توندڕەو و سەلەفی وەک ئەو مەلایە مێشک و ئاسۆ تەنگە، دەزانی بیروڕاکانی مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق، کاریگەریەکی بەجێهێشتوە لەسەر ئەو خەڵکە ئاساییە، کە بەدوای چارەسەرێک دەگەڕێن، بۆ ڕزگاربوون لە وتاری توندڕەی تیرۆرستی، بۆیە لە جیاتی گفتوگۆیەکی دووانە، دێت بە بەرچاوی سەدان ڕەش و ڕووت و بێ ئاگا تەکفیری عەبدوڵڕەحمان سدیق دەکات!

تەکفیری دەکات لەسەر هەندێ بیروڕا، و ڕەتکردنەوەی حەدیسێک یان بە وەحی نەزانینی حەدیس!
ئەو جۆرە تەکفیرکردنە فیچەرێکی ڕاشکاوی فیکری داعشیەتە، بۆیە خەڵکانێک ناهەق نین، کە دەڵێن داعش و ڕوئیای داعش بەشێکی نەپچڕاوی خودی ئیسلامە .

بەڕای من دەبێت ئەوقاف ئەو مەلا داعشیە سزا بدات، بە زیندان و لابردنی لە وتاردانن بۆ هەتایی، چونکە ئەو وتارە توندرەوە، داعشیەت و کوشتن و بڕین وماڵوێرانی دروست دەکات .

بەڵام وتاری مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق ئەگەر هاوڕای هەمووشی نەبین، بەڵام نیازێکی پاک و خێری لە پشتە، بۆ نمونە کە دەڵێت حۆری نیە مەبەستی ڕێگرتنە لە گەمژەکردن وکەرکردنی گەنجی کوردە بەو حۆریانە، دەنا دڵنیام خۆشی دەزانێ لە دیندا هەیە! نەک مەبەستی تر و کوفر وئیمان[3]!

**محەمەد هەریری**
**ئۆگستی ٢٠٢٠**

[3] ٢٠١٦/٩/١٢

# بەشی یەکەم

# مەنهەجیەتی عەبدولڕەحمان سدیق لە تێگەیشتن لە ئیسلام و جێبەجێکردنی

## مەنهەجی پینە وپەڕۆکردنی عەبدوڵڕەحمان سدیق

ئەو مەنهەجیەتەی پینە وپەڕۆکردنی عەبدوڵڕەحمان سدیق بۆ جەماوەرێکی عاتیفی دیندار باشە بۆ ئەوەی چەند ساڵێکیتر بەنج بکرێن بەو قسانە، غزو مورادیفی جیهادە لەوەتی ئیسلام هەیە. ماقولە غزوة البدر بە ناولێنانی کافرەکانی قورەیش ناو لێنرابێت بە غزوة ؟!

پێغەمبەر ناوی کەسەکانی دەگۆڕی بۆ ناوی ئیسلامی، ماقولە ناوێکی کە کافرەکانی قورەیش دایانهێنا بێت ئەو تەبەنناى دەکات، لە جیاتی ئەوەی بیگۆڕێت!؟

باشە خۆ غەزوەی بەنی قورەیزە و غەزوەی تەبوک موسڵمانان دەستیان پێکردوە و ناموسڵمانان هێرشیان نەکردۆتە سەر موسڵمانان، باشە بۆ هەر ناوی بە

غەزوە دێت؟! دوایێ ئەگەر لەبەر تێپەڕبوونی ١٥٠ ساڵێک گومان بخرێتە هەموو سیرە، ئەی کەوابوو بوخاری و مسلم هەر شایەنی باسکردن نین، کە دوو سەد ساڵ زیاتر لەدوای هیجرەتەوە نوسراونەتەوە!

ئینجا لە هەمووی ترسناکتر تۆ ڕیوایەتی عطیة القرظی ڕەتکەیتەوە کە خۆی لەناو غەزوەکەی بنی القریطة بوو و مێردمنداڵ بووە، ئەی ڕیوایەتی کێ قبول دەکرێت لەو نزیکتر و شاهێدتر؟!

لەوەش خراپتر ئەوەیە دەڵێت کاتێ بوخاری و مسلم وباقی کۆکەرەوەی حەدیس هاتن دەوڵەتی ئەمەوی خەریکی غەزوە و شەڕی تالآن وبڕۆی عەرەبی جاهیلی بوون، بۆیە بوخاری وموسلم لەژێر کاریگەری ئەو وەزعە، ئەو حەدیسانەیان لە جیهادەوە کردە غەزوە؟!

بەو قسەیە بێت دەبێت تێکڕای حەدیسی بوخاری وموسلم و ئەوانیتر ڕەتکەینەوە، نەک بەخۆت هەر لەو ڤیدیۆیە دەڵێیت دەبێت دانە دانە ڕەتیان کەینەوە!!![4]

کاریگەری شەحرور زۆر بە ئاشکرا دیارە بەسەر عەبدوڵڕەحمان سدیق

---

[4] ٢٠١٥/١٢/٢٥

# عەبدوڵڕەحمان سدیق و شەحرور

ئەو پیاوە، مەبەستم محمد شحرورە، بۆ ماوەیەک دەکرێت سەرسامت کات، بەڵام کە درێژە دەدەیت بە گوێگرتن لێی، هەست دەکەیت زۆر لە بیرو ڕاکانی لەسەر بنچینەیەکی زۆر لاواز و عەرەب گوتەنی موتەهافیت بنیان ناوە. لە زۆر بابەتدا زیاد لە حەد ڕۆدەچیت لە ڕووی لێکدانەوە زمانەوانەکانی بۆ قورئان.

هەتا لە ڤیدیۆیەکدا پێشکەشکارەکەش بە بابەتەکان ولێکدانەوەکانی و هەڵە خوێندنەوەی قورئانی پێکەنینی دێت، بۆ نمونە کاتێ دەڵیت النساء بە مانای ئافرەت نایەت، بەڵکو کۆی النسئ ە! چونکە ئایەتەکە دەڵێت زین للناس حب الشهوات من النساء، چونکە الناس بۆ ژن و پیاو بەکار دێت، کەوابوو النساء مانای ئافرەت نیە لەو ئایەتەدا!

جارێ الناس بۆ پیاویش بە تەنیا بەکار دەهێنرا، چونکە کۆمەڵگای عەرەب، کۆمەڵگایەکی نێرسالاری بوو، بیگومان لە ڕووی اصطلاحیەوە بۆ پیاو بەکار دەهات، لە رووی زمانەوانیەوە پیاو و ژن دەگرێتەوە. قورئان لە زۆربەی ئایەتەکانی ڕووی لە پیاوە، هەتا ژنان گلەییان کرد جارێک، ئەو کاتە ئایەتەکە گووتی: المؤمنون والمؤمنات، المسلمین والمسلمات،،، دوایێ پێم ناڵێیت لە وەتی ١٤٠٠ ساڵدا کەس هەیە نەزانێت النساء بە مانای ژنان دێت؟!

ئەوە تەکلیف و زۆر لە خۆکردنە لە ئەنجامی ئیحراج بوونەوە دێت بەرامبەر دەقەکان، کە من وتارێکی سەربەخۆم لەسەر نوسیوە، لە فەیسبوکەکەم هەیە. سەدان کتێبی گەورەمان هەیە بەناوی فتاوی النساء، بۆ کەسێک ڕۆژێک لە هیچ

دەقێک النساء ی بە مانای تازەوە بەکار نەهیناوە؟ منیش پێمخۆشە وابیت، بەڵام نە زمان و نە مێژوو و نە لۆژیک ئەوە قبوڵ ناکات.

ئەی ئەو ئایەتانە چ لێدەکات: فانكحوا ما طاب لكم من النساء [خەڵک زەواج بکەن لەگەڵ ژنان یان لەگەل تازەگەری]؟! ئەی ئایەتی {يأيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا كثيرا ونساء} خۆ دیارە دەڵێت ئێوەی دروست کردوە لە یەکێک کە ئادەم و حەوایە و دوایێ پیاوی زۆر و ژنانی لی وەپاشخستەوە. خۆ ناکرێ بڵێیت پیاو و تازەگەری لی وەپاش خستەوە؟!

دوایێ لە بنەڕەتدا نسئ بۆ تاخیر بوون هاتووە نەک بۆ تازەگەری!

لە وتاری [ئەگەر دینی خوایە بۆچی ئیحراج دەبن؟!] باسی ئەو جەماعەتەم وا کردوە: "دەستەیەکیتر هەر لەبەر هەمان ئیحراجیدا، هاتوون دەریچەیەکی سەیریان دۆزیوەتەوە، ئەویش پەنا بردنە بۆ نکوڵی لێکردن و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی زاراوەکان و ماناکان!

ئەوانە زیاتر قورئانیەکان و کەسانیتریشن، هێندە متمانە نیشان دەدەن بەڵام لەبەرامبەر گفتوگۆی جیدی خۆیان پیناگیرێت، دەزانم خەڵکی باش و نیەت پاکن، دەیانەوێت دین دوورخەنەوە لە هەموو شتێکی دژ بە مرۆڤایەتی و نالایق، هاتوون وێنەیەکی زیهنی زۆر میسالیان بۆ دین داتاشیوە، ئەوەی بەدەر لە قورئانە لەو هەموو حەدیس و تەفسیر و فیقە و سیرە و مێژوو و علومی قورئانیش نکوڵی لێدەکەن، هەر ڕوداوێکی هەتا متواتر بێت ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن لە قورئاندا نەهاتووە.

باشە قەیناکا، بەڵام کە دێنە سەر قورئانیش. لەبەرئەوەی قورسە قورئان ڕەتکردنەوە، ئەوجارە سەرلەنوێ چەمک وزاراوە و ماناکانی کە هەزار و چوارسەد ساڵە ئومەت لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوان نکوڵی لە ماناکانی دەکەن هەتا بەدیهیترین ماناش بێت وەک بۆ نمونە دەڵێن: اقطعوا ایدیهما، مانای دەستیان ببڕن نییە!

ماملکت ایمانکم، ملک الیمین کە هەتا ساڵانی ١٩٤٥ یش لە هەموو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکان هەبوو، دەڵێن بە مانای کۆیلەکردن نایەت!

کە دێنە سەر ئایەتی: [والذین هم لفروجهم حافظون الا علی ازواجهم او ماملکت ایمانهم فانهم غیر ملومین] ئەوانەی دامێنیان دەپارێزن تەنها لە ژن و کەنیزەکانیان نەبێت] دەڵێن نەخێر وانیە دەبێت بە زەواج و هاوسەرگیری لەگەڵی بخەوێت، سەرەڕای یەک چیا لە توراسی کۆیلایەتی و دەستور وئادابی کۆیلەداری!

بەو شێوەیە بۆ هەموو باسێکی ئیحراجکەر وەڵامێکیان پێیە، بەشێوەیەکی نا ئیرادی پاکسازی دین دەکەن، لەبەر ئیحڕاج بوون. نکوڵی کردنی عەبدوڵڕەحمان سدیقیش هەر لەو مەنهەجیەتە هەڵدەقوڵێ.

سەیرم بەو کەسانە دێت لە جیاتی خوا ئیحراج دەبن؟! ئەگەر ئەو دەقانەی لێی ئیحراج دەبن دینی خوایە، بۆ ئیحراج دەبن لە جیاتی خوا؟! کە ئیحراج دەبن مانای ئەوەیە یان دینی خوا نییە، یانیش ئێوە نازانن چۆن ڕەفتار بکەن لەگەڵ دینی خواە[٥]".

---

[٥] ٢٠١٥/٩/١٤

سەرەڕای ڕەخنەشم بۆ شەحرور و ئەوانەی کاریگەری شەحروریان بەسەرەوەیە، بەڵام قەت بە چاوێکی دوژمنکارانە لێیانم نەڕوانیوە، هەتا کاتێ شەحرور وەفاتی کرد، زۆرم پێ ناخۆش بوو، بە تایبەتی کە هەڵمەتێکی ڕق و پێخۆشبوونی ئیسلامییەکانم دیت بە مەرگی شەحرور لە سۆشیال میدیا!

ئەو پێخۆشبوونەی ئیسلامییەکان بە گشتی و سەلەفیەکان بە تایبەتی نیشانیان دا بە بۆنەی کۆچی دوایی شەحرور، ڕەوشتێکی تابڵێی نامرۆڤانە و نزمە، و پێشینەیەکی قووڵی هەیە لەناو دەقەکان و مێژووی ئیسلامدا. یانی ئەوانەی وا ڕەفتار دەکەن و شادی دەردەبڕن بۆ چەرمەسەری و کارەساتی خەڵکانی جیاواز لە خۆیان، لە ئەنجامی پرۆسێسێکی قووڵ و پەروەردە ئامێزدا ئەو کارە دەکەن، نەک وەک هەڵوێستێکی تاقەکەسی. ئیلتیزامی دینی هۆکاری سەرەکی ئەو ڕەفتارەیە، چونکە زۆرجار کەسێک دەناسیت پێش ئیلتیزامی دینی دڵێکی پاک و بێ کێشەی هەیە، بەڵام هەر کە ئیلتیزامی دینی پەیدا کرد، و دەرسی وەلا وبەڕائی خوێند، هەمان ئەو مرۆڤە وا ڕقن وبوغزن دەبێ چاردەورەی خۆی هەموو دەبوغزێنێ، لەبەر هۆکاری دینی وعەقیدی! ئەوە کافرە، ئەوە مەسیحییە، ئەوە شەیتانپەرستە، ئەوە بیدعەچی و ئەشعەریە! ئەوە باوەڕی بە ئیسلامی سیاسی نییە، هەتا بە موسڵمانە ئاساییەکان دەڵێن جاهیلە!

ئێمە ڕۆژانە ئەو هەڵوێستانەی موسڵمانە سیاسی وپابەندەکان دەبینین، کە چۆن ئەو پەڕی تەشەفی و پێخۆش بوون نیشان دەدەن بە مردنی کەسێکی ناوداری نائیسلامی یان تووشبوونی بە نەخۆشیەکی قوڕس!

لە کۆنەوەش هەڵوێستی لەو جۆرە زۆر هەبووە، بۆ نمونە کاتێ ابو حنیفە وەفاتی کرد چەند ئیمامێکی سەلەفیەت سوجدەی شوکریان برد لەناو کەعبە!

پێخۆشبوونی موسڵمانان بە موسیبەت و کارەساتی بێباوەڕان و هەتا ئەو موسڵمانانەی بەلادەریان دەزانن هێندە قووڵە دەیەها ئایەت و حەدیس پشگیری دەکەن.

**بۆ نمونە دوعای موسا لە فیرعەون کە تەمەنای ئەوپەڕی خراپەیان بۆ دەکات و داوا دەکات هیدایەت نەدرێن:**

رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلَأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّوا عَنْ سَبِيلِكَ رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُوا حَتَّى يَرَوُا الْعَذَابَ الْأَلِيمَ {یونس:٨٨}

**(خودایە تۆ ماڵ وسامانی زۆرت داوەتە فرعەون و دەست وپێوەندەکانی لە دنیا تا خەڵکی پێ گومراکەن. خودایە ماڵ وسامانیان لەناوبەرە و دڵیان ڕەقکە تا ئیمان نەهێنن تا ئەو ساتەی ئەشکەنجەی بە ئازار دەچێژن)**
**یانی موسا دوعا دەکات خوا دڵیان نەرم نەکات نەوەک باوەڕبهێنن وڕزگاریان بێت لە ئەشکەنجە!**

**العز بن عبدالسلام لە کتێبی قواعد الأحکام دەڵێت: ئەگەر دوژمنی مرۆڤ بکوژرێ بە ستەم وتەعەدا، مرۆڤ پێیخۆش بێت، ئەوە گوناهە یان نا؟**
**دەڵێم: ئەگەر پێیخۆشە کوژراوە بە ستەم و سەرپێچی خودا گوناهبارە، بەڵام ئەگەر پێیخۆش بوو ڕزگاری بووە لە شەڕی و ڕزگاربوونی خەڵک لە دەستی کێشە نییە. هەتا ئەگەر موسیبەتەکەشی لە ئاسمانەوە هاتبێ!**

**شەعراویش لە تەفسیرەکەی دەڵێ: ئەوەی لە ئامانجی خودا لادات، کۆمەڵگای تێکدەدات، وەک دەبینین کۆمەڵگاکان مەینەتیانە بە دەستی کوفری کافرەکان و سەرپێچی گوناهباران...ئەگەر خەڵک بە شەرعی خوا بڕۆن بەڕێوە هەرگیز هیچ خراپەیەک لەو بوونەوەرە و لە ژیانیان ڕوونادات، بۆیە شادومان دەبین کاتێ خودا تۆڵە دەکاتەوەلە ئەهلی کوفر و ئەهلی تاوان، دەڵێین سوپاس بۆ خوا کە وڵات وخەڵکی لە دەست ڕزگارکردن!**
**شەعراوی ئەو کارەی بە کرداریش جێبەجێکرد، وەک دژایەتی و پێخۆشبوونی خۆی ومحمد الغزالی بە کوشتنی فەرەج فۆدە!**

وقال الشعراوي في تفسيره: الذي يشذ عن مراد الله لابُدَّ أن يفسد به المجتمع، كما نرى المجتمعات تشقى بكفر الكافر، وبعصيان العاصي... ولو أن الناس عملوا بشرع الله ما حدث فساد في الكون ولا خَلَلٌ في حياتهم أبدا، لذلك نفرح حينما ينتقم الله من أهل الكفر ومن أهل المعصية، ونقول: الحمد لله الذي أراح منهم البلاد والعباد. اهـ

پێخۆشبوون بە ئەشکەنجە وسووتانی ئەوانەی بە موسڵمانیان نازانن دەگاتە ئاستی ئەوە دنیاش تێپەڕێنێ بەرەو ئاخیرەت بچێت، دەیان ئایەتی قورئان باسی پێخۆشبوونی موسڵمانان دەکات بە ئەشکەنجەدانی بێباوەڕان وئەهلی تاوان...

(ئەمڕۆ ئەوانەی ئیماندارن بە کافران پێدەکەنن، لەسەر چوارپایەکانەوە پاڵیان لێداوەتەوە، دەپرسن کافرەکان سزای کردەوەکانیان وەرگرتەوە!) یانی ئیماندار ئەو هەموو خۆشیەی بەهەشتی بیردەچێتەوە، وپێ لەسەرپێ لەسەر چوارپایەی بەهەشت حەز بە بینینی ئەشکەنجەدانی ناحەزان دەکات، وابن عباس دەڵێ دەلاقەیەکی بۆ دەکرێتەوە وەک سکرینی فول hd و ئەشکەنجەی بێباوەڕانی تێدا دەبینێت وپێدەکەنێ!

( فاليوم الذين آمنوا من الكفار يضحكون على الأرائك ينظرون هل ثوب الكفار ما كانوا يفعلون) المطففين ٣٥

ئەوە باسی حەدیس ناکەین کە پڕیەتی لەو هەڵوێستانە، ئەوەتا لەبەردەم مەرگیش، ئیسلامی کەمێ بێ دەنگ نابێ وبڵێ انا لله وانا اليه راجعون، کاتێ بیرمەندێکی ناوداری وەک شەحرور دەمرێ، هەزاران جوێن ونەفرەت وپێخۆشبوون نیشان دەدەن، وەک بڵێی نۆرەی مەرگی شێخ و مەشایخی خۆیان نایەت!

بۆ زانیاریشتان من ڕەنگە لە سەدا دەش هاوڕای شحرور نەبم، چەندین جار ڕەخنەم لە مەنهەجیەتی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتنی گرتووە، بەڵام ئەوە قەدەغەم ناکات لە بینینی وەک مرۆڤێکی بیرمەند و خاوەن ڕێز و سەنگی خۆی، سوود لێ وەرگرتنی[٦].

[٦] - ٢٠١٩/١٢/٢٧

# نمونەیەک لە جێبەجێکردنی ئەو مەنهەجە

# حۆریەکانی عەبدولڕەحمان سدیق!

## بەشی ١

ئەو بیر وڕایانە ولێکدانەوە ڕیزپەڕانەی عەبدولڕەحمان سدیق، بەر لەوەی باسیان بکات لە دەیان کەسایەتی وسایتی ئیسلامی عەرەبیم گوێ لیبوە و دیومە، ئەگەر خوێنەری کوردیش نەیدیوە یان نەیخوێندیتەوە لە سەرچاوە عەرەبیە ئیسلامیەکان، مانای ئەوە نیە نەبووبێت، چونکە شتی سەیروسەمەرەتریش دەڵێن. بەڵام ئەو شتە سواو و بی بنەمایانە بەڕای من سوودی بۆ خوێنەری کوردی نییە لە مەودای دوور، لەبەر نالۆژیکیەتی و نا عەقلانیەتی و پێچەوانەکردنی لەگەل دەقی ڕاشکاوی قورئان، و زانستی عەرەبی و سروشتی تێگەیشتنی ئاسایی.

نەمویستوە خوێنەری کوردی چەواشەکەم، هەتا ئەو چەواشەکاریەی پێ خۆشیش بێت! یان سەری خوێنەری کوردی پێ بیەشێنم، چونکە هەموو لینگویستیک و زمانزانانی دنیا کۆکەیتەوە ناتوانیت، قەناعەتت پێ بکات، کە وشەی ضرب لە بۆ لێدانی ژن لە [اضربوهن] بە اضراب، و پشتلێکردن تێبگات و لێکیبداتەوە لەو سیاقەی کە لە قورئان هاتوە!

هەموو لینگویستیک و زمانزانانی دنیا کۆکەیتەوە ناتوانیت بڵێت [ما ملکت ایمانکم] جاریە وکۆیلەی ژن نەبوون کە بە دەقی قورئان سێکس لەگەڵ کردنیشیان حەڵال بووە، [والذین هم لفروجهم حافظون الا علی ازواجهم او ما

ملكت ايمانهم...].. [ئەوانەی دامێنی خۆیان دەپارێزن لە ئافرەتان جگە لە هاوسەر و کەنیزەیان نەبێ...]

یان لە بەرنامەیەکی تردا دەڵێت غزو بەمانای جیهاد نەهاتووە! وشەی غزو مورادیفی جیهادە لە وەتی ئیسلام هەیە. ماقولە غزوة البدر، بە ناولێنانی کافرەکانی قوڕەیش ناو لێنرابێت بە غزوة؟!

پێغەمبەر ناوی کەسانێکی دەگۆڕی بۆ ناوی ئیسلامی، ئەگەر ناوەکەی دزێو با لە ڕووی دینی و ماناوە، ماقولە ناوێک، کە کافرەکانی قوڕەیش دایانهێنا بێت پێغەمبەر تەبەنای کردبێت، لە جیاتی ئەوەی بیگۆڕێت!؟

باشە خۆ غەزوەی بەنی قوڕەیزە، و غەزوەی تەبوک، خۆ موسڵمانان دەستیان پێکردوە و ناموسڵمانان هێرشیان نەکردۆتە سەر موسڵمانان، باشە بۆ هەر ناوی بە غەزوە دێت؟!

ئەو کارەی کاک عەبدولڕەحمان سدیق دەستی داوەتێ، هیچ بنچینەیەکی زانستی نییە، جگە لە نکوڵی لێکردن نەبێت، بەو نکوڵی لیکردنەش دەبێت یەک چیا لە سەرچاوە قاموس و تەفسیر و مێژوو سەرچاوە فیقهیەکان و حەدیسەکان بسڕیتەوە! ئینجا ئیدیعایەکی زۆر لوتبەرزانەشە، کە ئەو هەموو زانایانەی دین و زانستە عەرەبیەکان لە قورئان و عەرەبی تێ نەگەیشتوون بە قەد عەبدولڕەحمان سدیق، یان هەتا بەقەد شەحرور و سامر ئیسلامبولی و کەسانیتر!

ئەو مەنهەجیەتەی ئارایشکردنە، و هەڵوەشاندنەوە، و سەرلەنوێ لێکدانەوە ومانا پێ بەخشینەی عەبدولڕەحمان سدیق و هاوڕێبازانی، بۆ جەماوەرێکی عاتیفی دیندار باشە، بۆ ئەوەی جۆرێک ئاشتبوونەوە دروست بکات، لە نێوان

ئیمانی و عەقڵی و فشارەکانی ژیانی سەردەم، یان بۆ چەند ساڵێکیتر بەنج بکرێن بەو جۆرە تەفسیراتانە و قسانە، بەڵام ئەو مەنهەجیەتە هیچ لە هەقیقەتی بوونی ئەو بابەتانەی وەک ملک الیمین و لێدانی هاوسەرت و بوونی حۆری لە قورئاندا ناگۆڕێت.

ئەوەی کە نکوڵی لێ ناکرێت کە کاک عەبدوڵڕەحمان سدیق هەوڵێکی باش و زۆر دەدات لە پێناو ئاشتکردنەوەی چەمکە دینیە توندوتیژەکان، کە نەگونجاون بە ژیانی سەردەم، لەگەڵ موسڵمانانی کورد بە گشتی، و هەوڵی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و داڕشتنی زهنیەتی دینی دەدات، لەسەر بنچینەیەکی دوور لە توندوتیژی و چەمکە ترسناکەکان. لەو ڕێگایەشدا زۆرجار مانای جوان و زۆر مرۆییانەیان بەبەر دەقەکاندا دەکات، ئەگەرچی دەقەکانیش هەڵینەگرن! و بە جۆرێک باسی مانای ئایەت و حەدیسەکان دەکات، لەوانەیە سەحابە و موفەسیرانی پێشوو و فوقەهاکان گوێیان لێی بێت، ئیسلام نەناسنەوە!

دەزانم نیەتی خێرە وەک خۆی لە ئەڵقەی حۆریەکان دەڵێت: ئەو بابەتە بەرپەچدانەوەی داعشە، کە موسڵمانانیان زۆر مەشغول کردوە بە جنس و حۆری! بەڵام ئایە ئاسانە ئەو هەموو هەزارەها کتێب و بابەت و ئەبوابی فیقهی و حەدیسەی لەسەر حۆریەکان نوسراوە، دەستبەرداری لێ بکرێت؟! من لەو باوەڕە نیم، مەگەر بە ڕاشکاوی ئەو دەقانە قەدەغە بکەیت لە باسکردن دا!

زیانی ئەو ڕێگایە لەوەدایە لەبەرئەوەی ئەو هەوڵ کۆششانە لەلایەن، عولەما و فوقەهای ئیسلامی ڕەسمی هیچ نرخێکی نییە، کە خەڵک لە ژێر کاریگەری ئەوانن زیاتر، لەوانەیە کاک عەبدولڕەحمان ئەو قسانەی لە کۆڕێک لە سعودیە، یان هەر وڵاتێکی عەرەبی بڵێت، بە تەکفیرکردنەوە هەڵمەتی بۆبەرن!

بۆیە موسڵمانی کورد تووشی شیزوفرینیای واقیع، و تیۆری نویی لێکدانەوەی دەقەکان دەبێت، کاتێ هەردەم دەبێت لە واقیع کردەوە و شتگەلێکی خەراپ ببینێت، کە بە پشت بەستن بەو دەقانە ئەنجام دەدرێت! کەچی هەمان ئەو دەقانە لەلای ئەو مانای پۆزەتیڤی باشی تریان بەبەرداکراوە، و تا کاری دەبێتە پینەچی، و هەر خەریکی پینەکردنی واقیع و دەرەنجامەکانی ئەو دەقانە دەبێت، کە لەلای ئەو دەبێت هیچ کێشەگەلێکیان تێدا بێت.!

# بەشی ٢

## ئێستاش نۆرەی نکوڵی کردنە لە حۆریەکان!

ئایەتەکانی قورئان لەبارەی حور عین هێندە ڕاشکاون لەسەر وجودی حۆری، نکوڵی لێکردنیان بە پێی بنەماکانی ئیسلام هەر لە دینت دەردەکات، وەک نکوڵی کردنە لە وجودی دۆزەخ یان بەهەشت. لە کۆنەوە ئەو هەقیقەتە پاڵنەرێکی زۆر گرنگ بووە بۆ موجاهیدان، دوور نییە ئەوەش بێت وای لە هیزی ئیسلام کردبیت، لەماوەیەکی کەمی پیوانەییدا دوو ئیمپراتۆریەتی فارسی و ڕۆمانی لە ناوچەکە بشکێنێت، چونکە ئەو کاتە هەردوولا بە چەکی سەرەتایی شەڕیان دەکرد، و ئەوەی ورە و ڕوحیەت و هیمەتی بە هێزتربا سەردەکەوت.

ئەو ورە و ڕوحیەتە و مژدە گەورانەی قورئان و حەدیسیش بە موسڵمانی دەدات، لە کاتی شەهید بوونیدا لە چوونە لای خوا [احياء عند ربهم يرزقون] و پێشوازی حۆریەکان [ولهم فيها أزواج مطهرة وهم فيها خالدون ]، وباقی نیعمەتەکانی تر، هێزێکی لە حەدبەدەری بە هێزی موسڵمانان دا لە شەڕەکان، کە ئەمڕۆ تەنها ئەگەر هێزی تەکنۆلۆژیا بتوانێت بەرامبەر ئەو توونددوتیژیە بوەستێتەوە! هێزێک هەتا هیتلەر ئێرەیی پێ دەبات ودەڵێت: ئەڵمانەکان بە هەڵە دینێکی مێینەیان هەڵبژارد کە مەسیحییەتە، ئێمە پێویستمان بە دینێکی نێرانەی وەک ئیسلامە، کە جەنگاوەرەکانی پەیمانی حۆری و شەراب و ڕابواردنیان پێ درابێت!

ئەو وەسفە ئاشکرایانەی حۆریەکان بەبێ خوێندنەوەی موفەسیرەکانیش، عەرەبی زانان تێی دەگەن. چۆن دەتوانیت نکوڵیان لێ بکەیت وا بە ئاسانی؟!

عەبدوللەتیف سەلەفی، کە بە ڕێبەری سەلەفییەکانی کوردستان دادەنرێت، دەڵێت "بۆ شەرم لە شتێک بکەین خودا بیفەرموویت، یان پێغەمبەر (د.خ) بیفرموبێت و باسی کردبێت، زۆر پێم سەیرە، خەڵک هەیە دەڵێت نابێت باسی ئەوە بکەین لە بەهەشتا حۆری هەیە، بۆ شەرم دەکەی؟ بەڵێ باسی دەکەین و بە سەربەرزییەوە باسی دەکەین، هەر بەشێک هەر فەرموودەیەک سەحیح بوو، باوەڕمان پێیەتی و تاجی سەرمانە، هەروەها بۆ خاتری هەندێ موجریم، مونافیق، مولحید و عەلمانی ناچین بیگۆڕین، لەپێناو ئەوەی لێمان رازیبن و رەخنەمان لێ نەگرن[٧]."

حور العین نە محوەرە و نە تیرۆک و نە گۆڕانی بەردەوام، سەیر لەوەدایە عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت پیاویش حورالعین و حۆرین؟! بە حەسەن سیساوەیان گۆت ئەوە لۆ هەر گۆرانی بەسەر ژناندا دەرێی؟! گۆتی: ئەدی خۆ بەسەر پیاوی گون لەکن چۆچکی نارێم!

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت: "ئەو بابەتە ئەسڵ و ئەساسی نییە و میقادم ئیبن مەعد هێناویەتە نێو ئایینی ئیسلام". بەپێی لێدوانی ئەو، ئەو فەرموودەیە ساڵی ٧٣ی کۆچی، ئەو کاتەی شەڕی نێوخۆ لەنێوان ئەمەوییەکان و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر هەڵگیرساوە، بە جەنگاوەرانی سوپای گوتووە هەر کەسێکتان شەهیدبێت، راستەوخۆ دەچێتە بەهەشت و ٧٢حۆری چاوەڕوانی دەکەن ."[٨]

جارێ ئەو حەدیسەی ٧٢ حۆریە هەر مقدام ابن معد یکرب نەیگێڕاوەتەوە، بەڵکو چەندین سەحابەی تر گیراویانەتەوە وەک ابو هریرە و ابی سعید الخدري و ابو امامە، و عبدالله بن ابي الاوفی وکەسانی تریش.

---

[٧] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٠٠٥٢٠١٦٢٣

[٨] https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/١٠٠٥٢٠١٦٢٣

ئینجا ئەگەر عەبدولڕەحمان سدیق دەلێت ئەو حەدیسەی حور عین لە بوخاری وموسلم نەهاتووە، حەدیسی تر سەبارەت بە حۆری لە بوخاری و مسلم هاتووە، بەلام حۆریەکان ٢ دانەن، کە شەرحکەری ئەحادیسەکان دەلێن هەموو موسلمانێک بچێتە بەهەشت ٢ حۆری هەیە بەبێ خۆ بە کوشتدان، کە شەهیدیش بوویت ٧٠ حۆریت پێ دەدەن ٧٠ + ٢ = ٧٢ حۆری!

لە بوخاریدا هاتووە:
عن أبي هريرة رضي الله عنه : عن النبي صلى الله عليه و سلم [ أول زمرة تدخل الجنة على صورة القمر ليلة البدر والذين على آثارهم كأحسن كوكب دري في السماء إضاءة قلوبهم على قلب رجل واحد لا تباغض بينهم ولا تحاسد لكل امرئ منهم زوجتان من الحور العين يرى مخ سوقهن من وراء العظم واللحم]

[یەکەم جەماعەت کە دەچنە بەهەشت لەسەر شێوەی مانگی بەدری چواردە....هەر یەکیک لەوانە دوو هاوسەری دەبێت لە حوری عێن کە مۆخی ئێسکی قاچ وقولی لە پشت ئێسک و گۆشت دەبینرێت]!!
کەوابوو حوری عێن هەیە، جا ٢ بێت یا ٧٢، ئەوە کێشە نییە، بوخاری ومسلم یش سەلماندوویانە، ئەگەر بیانووت بوخاری و موسلیمە!

لەو ئایەتانە بزانە چەند ڕاشکاوانە باسی دەکات:
{ولهم فيها أزواج مطهرة وهم فيها خالدون }..[البقرە: ٢٥] لە بەهەشت هاوسەری پاکیان هەیە! هەرچەندە هەموو موفەسیران وزانایان دەلێن، باسی ژنانی حۆری دەکات کە پاکن لە هەموو جۆرە خوێن دیتن و هەر شتێک کە لە مرۆڤ دەردەچێت! بەلام ئەوە ئاسانە بۆ مەنهەجیەتی کاک عبدالرحمن بلێت مەبەستی ژنانی خۆیانن لە دنیا!

بەلام کە دەلێت:{ كذلک وزوجناهم بحورعين }..[الدخان: ٥٤ ] تەزویجمان کردن بە حۆریەکان! خۆ وەکی کابرای مەسیحیش لە سؤال جرئ نالێی مەبەستی تریی

ڕەشمان پێ بەخشین؟! خۆ ترێ بە ئاشکرا ناوی هاتووە لە قورئان [اعناب]. لێکدانەوەی حور بە محور هیچ قاموسێکی عەرەبی بەرگەی ناگرێت.

ئینجا کە دەڵێت : { فيهن قاصرات الطرف لم يطمثهن إنس قبلهم ولا جان فبأي آلاء ربكما تكذبان. كأنهن الياقوت والمرجان}..[الرحمن :٥٨ [ئەو چاو شەرمنانەمان دانێ کە پێشتر کەس دەستیانی لێ نەداوە لە مرۆڤ و جنۆکە! کێنە ئەوانەی کەس دەستیانیان لێ نەداون؟! دەبێت خەلقێکی نوێ بن.

# کواعب اترابا
# لەو حۆریە جوانانە بوویتە ژووری چوارگۆشەی هەڵواسراو!

کێ تەسەور دەکات ئەو هەموو موجاهید و جەنگاوەرەی ئیسلام، ئەگەر لەبەر شەوقی ئەو حۆریە جوانانە نەبا، کە دەتوانیت لە وەسفی جوانییاندا، چەند موجەلەداتی لی کۆکەیتەوە، بە ئایەت وحەدیس و تەفسیر و شیعرەوە، خۆیان بە کوشت دابا لە پێناو باخچەیەک وهەندێ ژووری چوارگۆشەی هەڵواسراودا؟!

( إن للمتقين مفازا حدائق وأعنابا وكواعب أترابا....)

دەربارەی ئەو ئایەتە، ئەگەر تەفسیرەکانیتر و لێکدانەوەکانیتری مامۆستا عەبدولرەحمان سدیق، بە تایبەتی لە ڕووی زمانەوانییەوە، ناماقول و دوور بن لە ڕاستیدا، ئەوە لێکدانەوەی بۆ کواعب اترابا هەر گاڵتەجاریە .

جارێ کواعب و تاکی کاعب لە هەزاران شیعری جاهیلی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش هاتووە بە مانای ئافرەتی تازە سنگ خڕکردوو، تا ئێستاش ئەو وشەیە لە زۆر زاری عەرەبی بەکار دێت، کەچی عەبدولرەحمان سدیق دەڵێت: نا مەبەستی ژووری چوارپاڵووە کە لە سویدیش دروستیان کردوە بەناوی خانووی هەڵواسراو!

ئەوەش قەیناکا، ئینجا دەلێت اترابا کۆی وشەی تەریبی کوردییە! ئەوە نەک تەفسیر نییە گاڵتەجاریشە، تۆ بە وشەیەکی کوردی تەمەنی پەنجا ساڵیش نابێت، وشەی اترابا ی تەمەن هەزار و چوارسەد ساڵ تەفسیر بکەیت؟! جارێ خودی تەریب وەک وشەیەکی نوێی کوردی پێویستی بە ڕاڤەیە و لە کوێوە هاتووە؟! الی هنا

لە تەفسیری کواعب اترابا، ابن کثیر دەڵێت:
( كواعب ) أي : نواهد ، يعنون أن ثديهن نواهد لم يتدلين لأنهن أبكار عرب أتراب ، أي : في سن واحدة . " کواعب: ئەوەی سنگی کردوە، مەمکیان بڵ نەبوە چونکە کچن! اتراب: هاوتەمەن.
قورتبی، القرطبي دەڵێت: کواعب کۆی کاعب ە، بەوە دەڵێن کە سنگی خڕ کردوە، دەوترێت: كعبت الجارية تكعب كعوبا ، وكعبت تكعب تكعيبا ، ونهدت تنهد نهودا.
"وكواعب أترابا كواعب : جمع كاعب وهي الناهد ] ; يقال : كعبت الجارية تكعب كعوبا ، وكعبت تكعب تكعيبا ، ونهدت تنهد نهودا .
وەک شاعیر قیس بن عاصم دەڵێت:
[وكم من حصان قد حوينا كريمة ومن كاعب لم تدر ما البؤس معصر ] اتراب: هاوتەمەنی یەکتر، تاکەکەی ترب ە!"

تەبەری، الطبري دەڵێت: کواعب اترابا: ئەوانەی سنگیان خڕکردوە و لە یەک تەمەندان "وقوله ) : وكواعب أترابا (يقول : ونواهد في سن واحدة "
ئەوە تەفسیری سێ موفەسیری گەورە و سەرچاوە سەرەکیەکانی ئیسلامە دەربارەی کواعب اترابا، ناشێت بڵێین ئەوانە لە عەرەبی کۆڵەوار تر بوون لە عەبدولڕەحمان سدیق؟!

# وشە گۆڕکێ!

**لەو ئایەتەش شتێکی تر دەکات کە زۆر سەیرە } :إنا أنشأناهن إنشاءً فجعلناهن أبكارا عربا أترابا لأصحاب اليمين }..[الواقعه: ٣٥ [ئێمە بە بیکری و کچێنی دروستمان کردون، عربا: دەڵێن زمانیان عەرەبی دەبێت، تەعریب گەیشتە بەهەشتیش!، اترابا هاوتەمەن لە ٣٣ساڵ، خۆزگە لە دنیاش تەمەنی مێینەی ئامادە بۆ هاوسەرگیری بەو بەخشندەییە دیاری کرابا، هەر نەبا بە ٢٠ ساڵ، نەک ٩ ساڵ کە هەموو کتێبە فیقهەکان بۆ زەواجی مێینەیان داناوە؟!**

قال ابن أَبِي حاتِم ذكرَ عَنْ سَهْلِ بنِ عُثْمان العَسكَرِيّ حَدَّثَنا أَبُو عَلِيّ عَنْ جَعفَر بنِ مُحَمَّد عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ : قَالَ رَسُول اللَّه عُرُبًا - قَالَ - كَلَامهنّ عَرَبِيّ وَقَوْله أَتْرَابًا قَالَ الضَّحَّاك عَنْ اِبْن عَبَّاس يَعْنِي فِي سِنّ وَاحِدَة ثَلَاث وَثَلَاثِينَ سَنَة.

**مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق وشەی** أبكاراً **لە** ﴿إنا أنشأناهن إنشاءً فجعلناهن أبكاراً عرباً أتراباً﴾ **بە** الإِبْكَارِ **ی بەرەبەیان لیکدەداتەوە!**

**ئەبکار جیایە لە ئیبکار، ئەبکار بۆ کچی شوو نەکردوو بەکار دێت وەک لە قورئانیش دەڵێت: [ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَارًا ] یانی بێوەژن و کچان! ئێستاش لە پێناسنامەی عێراقی بۆ شوو نەکردوو دەنوسرێت: بکر!**

الإِبْكَارِ **بە مانای بەیانی زوو دێت و ئەویش لە قورئان هاتووە وەک:** [بِالْعَشِيِّ وَالإِبْكَارِ]

**چۆن دەبیت بە کەیفی خۆت أبکار بکەیتە إِبْكَارِ؟!**

# بەشی ٣

# تەفسیری پیاوانەی قورئان!

مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت: "تەفسیرەکان بە ڕوانگەیەکی پیاوانە نووسراوەتەوە، ئەگەر بۆ پیاو حوری هاتبێت، ئەی بۆ ژنان چی هاتووە؟ وەک بڵێی قورئانەکە بۆ پیاو هاتبێت!

کەوابو حور العین نابێت هەر ژن بێت، تەفسیراتی قەدیم هەڵەیان کردوە!" ئەی ئەگەر خودی ئایەتەکە ڕووی دەمی لە پیاو بیت کە حۆری بۆ خوڵقاندوە، چی دەڵێیت؟! یانی تۆ مەرج دەخەیتە پێش خوا کە چۆن باسی بابەتەکان بکات؟! قورئان لەبارەی خوداوە دەڵێت: ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾ ٢٣ الأنبياء [خودا پرسیاری لێ ناکرێت چی دەکات، مرۆڤەکان لێیان دەپرسرێت]

جارێ تەفسیراتی قورئان ڕاستە بە ڕوانگەیەکی پیاو سالارانە نووسراوەتەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ژینگەی ڕووحی وعەقڵی سەردەم و کۆمەڵگای عەرەبییە. هەقیقەتێکیش هەیە کە نابێت لەبیری بکەین ئەوەیە، کە قورئان لە زۆربەی زۆری ئایەتەکان دەمی ئاڕاستەی لە نێرە، جاروباریش وتارەکەی ئاڕاستەی ژن وپیاو کراوە، لە چەند حاڵەتێکی کەمیشدا ئاڕاستەی ئافرەت کراوە بە تەنها.

یانی کێشەکە هەر لە تەفسیرەکان نییە، جاروبار خودی ئایەتەکان ئاڕاستەی پیاو کراوە، و ئافرەت وەک بەخششێک و نیعمەتێک لە نیعمەتەکانی خوا بۆ پیاو باسکراوە، و لە بەرامبەردا ئەو پەیامە ئاڕاستەی ئافرەت نەکراوە، وەک لەو ئایەتەدا دەڵێت ( زین للناس حب الشهوات من النساء والبنين والقناطير

المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والأنعام والحرث ذلك متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن الثواب ) آل عمران (١٤)

لەو ئایەتە وشەی الناس، کە بە مانای خەڵک دێت لە ڕووی زمانەوە، و دەبێت نێر ومێش بگرێتەوە، قورئان ئاڕاستەی پیاوی کردوە بە تەنها، چونکە ئاشکرایە پیاو حەز وئارەزووی شەهەواتی هەیە لە ژن، بەڵام شەهوەی ژن بۆ ژن ناچێت، لە ڕوانگەی قورئانییەوە، ئەگەر ئەو لادانە سێکسیە لە ژیانی هاوچەرخیش ڕوو بدات!

چونکە ئەگەر بڵێیت الناس لەو ئایەتە ژنیش دەگرێتەوە، ئەوە دانهێنانی قورئان دەبێت بە مافی لێزبیانیەتی ژن وژن! کەوابوو لەبەر بیّ بایەخی ئافرەت لە ژیانی گشتیدا هەتا وشەی الناس یش تەنها مەبەست لە پیاوەکان بووە. هەتا ام سلمة جارێک گوێی لە بانگی ایها الناس بوو، ڕایکردە لای مزگەوت، پێیان گووت: مەبەستی پیاوانە، گووتی: منیش لە الناس م! کەوابوو زۆرینەی خەڵکیش دەیانزانی الناس واتە پیاوەکان لە زۆربەی حالەتەکاندا!

# قورئان دینە، خۆ جاڕنامەی مافی مرۆڤ نییە!

ئەو قسانەی کە عەبدولڵەحمان سدیق دەیکات: گوایە نابێت خوا وەسفی ئافرەتەکان بکات بە سنگی گەورە، چونکە ئەو ئافرەتانەی سنگیان بچوکە زگیان بە خۆیان دەسووتێ! زۆر بێ بنەما و ساویلکانەیە! چونکە جارێ هەر لە ژیانی دنیای واقیعیدا، ئەگەر بە حسابی عەبدولڕەحمان سدیق بێت، مرۆڤەکان دەبیت ناڕەزایی دەربڕن بەرامبەر خودا، کە کەسانێکی وەک قەترانی ڕەش دروست کردوە، وکەسانێکیتر وەک بەفری سپی، و کەسانێکی بستە بالاو و کەسانێکی درێژ و کەڵەگەت، کەسانێکی لەش وولار جوان و کەسانێکیتری ناحەز و هتد..

ئینجا موفەسیرەکان دەربارەی کواعب دەڵێن ئەو ئافرەتانەن کە سنگیان تازە خڕکردوە، نالێن مەمکی گەورە، ئەوە تەنها قسەی عەبدولڕەحمان سدیق خۆیەتی! سێیەم قورئان دەیەها فەرق و جیاوازی کردوە لە نێوان مرۆڤی دنیا و مرۆڤی بەهەشت، کە یەکێکیان نەمرییە و یەکێکی تر پیر نەبوونە، تا هانی مرۆڤەکان بدات بۆ کارکردن بۆ گەیشتن بە بەهەشت، کەسیش زگی بە خۆی ناسوتێت، چونکە دەڵێت لەوێ چیت دەوێت بۆت دەکرێت، وەک کابرایەکی زۆر ئیماندار حەزی لە جگەرەی ڕۆتمان بوو؛ دەیگووت بەهەشت هەتا جگەرەی ڕۆتمانیشی تێدایە!

ئینجا کاک عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان وەستاوە، دژی سیستمی ئەپارتاید و ڕەگەزپەرستی وتار دەدات و دەڵێت:

ئەگەر خوا مەبەستی لە حور العین ئافرەتی سپی بێت ئەوە تەمیزە و جیاکاریە لە وجودی ئەو هەموو ژنە ڕەشپێستە!

یان ئەگەر چاوی حوریەکان بە مانای گەورە بێت، ئەوە خەڵکی کۆریا وژاپۆن وچین گلەیی دەکەن لە خوا! بۆ بەچاو بچووکی دروستی کردوون!

وەڵلا موسڵمانان ١٤٠٠ ساڵە واش تێگەیشتوون لەو ئایەتانە، تێگەیشتنی تۆ و ئەمسالی تۆ لە ژێر فشاری بیر و ژیانی هاوچەرخ لە دایک بوونە، بە درێژایی تەمەنی ئومەتی ئیسلامی نەمانزانیوە، ئەفریقیەک گلەیی پێست ڕەشی لە خوا کردبێت، یان ئەندەنوسیەک گلەیی چاو بچووکی لە خوا کردبێت!

# مافەکانی مرۆڤ لە دنیا و ئاخیرەتدا!

ئەگەر باسی مافەکانی مرۆڤ بکەین دەبێت لە دەیان شوێن ڕەخنەمان هەبێت لە حەدیس و لە قورئانیش، بۆ نمونە ئەو ئایەتەی سورەتی ئەحزاب، کەدەڵێت: **یا أیها النبي قل لأزواجک وبناتک ونساء المؤمنین یدنین علیهن من جلابیبهن ذلک أدنی أن یعرفن فلا یؤذین وکان الله غفورا رحیما . الاحزاب ( ٥٩ )** [ئەی پێغەمبەر بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵا پۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لەبارترین شتە کە پێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن و (توشی گیروگرفت نەبن)، هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە].

کە دەڵێت خۆتان داپۆشن تا ئازار نەدەرێن وبزانن ژنانی ئازادن خاوەن شەڕەف وکەرامەتن، وەک شوکانی دەڵێت: [ادنی ان یعرفن یانی تا جیاواز بن و لە کەنیزەکان، و بناسرێن کە ژنانی ئازادن کۆیلە نین، تا ئەزیەتیان نەدرێت لە لایەن بەدکارانی شارەکە بە ڕێگرتن و گێچەڵی سێکسی. مەبەست لە ذلک ادنی ان یعرفن ئەوە نییە ئەو ئافرەتە بناسرێت کییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بزانرێت کە ئافرەتی ئازادن و کۆیلە نین، چونکە جلێکیان پۆشیوە تایبەتە بە ئافرەتانی ئازاد.]

وەک شەوکانی دەڵێت: "أدنی أن یعرفن أي : أقرب أن یعرفن فیتمیزن عن الإماء ویظهر للناس أنهن حرائر فلا یؤذین من جهة أهل الریبة بالتعرض لهن مراقبة لهن ولأهلهن ، ولیس المراد بقوله : ذلک أدنی أن یعرفن أن تعرف الواحدة منهن من هي ، بل المراد أن یعرفن أنهن حرائر لا إماء ؛ لأنهن قد لبسن لبسة تختص بالحرائر." فتح القدیر الجامع بین فني الروایة والدرایة للشوکاني.

باشە ئەگەر ژن خەمی پێستی سپی و چاوی گەورە و ڕەشی بێت لە ئاخیرەت، زگی بەخۆی بسوتێت، چۆن لە دنیا ئەو ئافرەتە کەنیزە وکۆیلانە زگیان بەخۆیان ناسوتێت، کە لە ئاسمانەوە داوا لە ژنانی ئازاد دەکرێت خۆیان لەوان جوداکەنەوە، و پۆشاکێکی تایبەت بپۆشن، تا ژنە ئازادەکان ئەزیەت و ئازار نەدرێن، و گێچەڵیان پێ نەکرێت، کەچی ئەو ئافرەتە کۆیلانە زیاتر بەرجەستە و هایلایت بکرێن، بخرێنە بەر ئەگەری دەستدرێژی شەلاتیەکانی مەدینە، و بکرێنە ئامانجێکی ئاسان بۆ ئەزیەت دانیان!

بۆ ئەوانە با کۆیلەش بن، خۆ هەر مرۆڤن و خوا بەخۆی دروستی کردوون! بەو دواییە لە شارێکی بەریتانیا تەنها دەرگای خانووی پەناهەندەکانیان بە سوور ڕەنگ کردبوو، خەریک بوو چەندین بەرپرسی گەورەی بەریتانیا ئایندەیان تێ بچێت، و گووتیان ئەوە کارێکی نامرۆڤانە و جیاکاری و ترسناکە، ئێوە بە ڕەگەزپەرستان دەڵێن ئەوەتا ماڵە پەناهەندە هێرش بکەنە سەریان! شتی تریش زۆر زۆرن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ هەڤدژن، بەس با ئەو نمونەیە بەس بێت.

بۆیە کاک عەبدولڕەحمان سدیق، باش نییە دۆسێی مافەکانی مرۆڤ بکەیتەوە لەکاتی لێکدانەوەی دەقەکانی دین!

شتێکیتریش مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق نیگەران دەکات، وادەزانێت قورئان دەبێت هەموو مافەکانی ئافرەتان و فێمینیزم بەخۆی بگرێت، کە ئەوەش مەحاڵ و زۆرلەخۆ کردنە. ودەڵێت: "ئەگەر خوا لە بەهەشتدا حورالعين ی بۆ پیاو دروست کردبێت، ئەی چی بۆ ژن دروست کردوە؟! ئەی چۆن ژن کاتێ قورئان دەخوێننەوە توڕە نابن کە هیچیان بۆ دیاری نەکراوە لە بەهەشت!؟"

جا قورئان لە دنیادا چەندین بڕیاری جیاواز و جۆراو جۆری بۆ پیاو و ژن تێدایە. مەسەلەی دوو شایەدی ژن بە شایەدێکی پیاو، و دوو بەشی میرات بۆ پیاو و یەک بەش بۆ ئافرەت، چوار ژن هێنان بۆ پیاو و یەک مێردی بۆ

**ئافرەت، ولە کۆی ئیسلامدا دەیەها مافی ئافرەت بە نیو کراوە، هەتا کاتێ لە دایک دەبێت کچ یەک ئاژەڵی بۆ دەکرێتە گوێزەبانە و کوڕ دوو! هەتا خوێنبایشی نیوەی پیاوە لە کاتی کوشتنیدا!**

**هەزارەها و ملیۆنەها ئافرەت ئەو هەقیقەتە دەزانن، و زۆریشیان بەو هەموو بڕ وبیانووانەشی کە ئیسلامیەکان بۆیان دەهێننەوە باوەڕیان نییە، بەڵام لە ترسی لە دەستدانی ئیمانیان رازین! ئەگەر لە دنیادا ڕازی بن بەو هەموو کەم بەشییە، کە خاوەنی هەموو غەریزە دنیاییەکانیشن، چۆن لە بەهەشت و ئاخیرەت ڕازی نابن نیعمەتە سێکسیەکان بەس بۆ پیاوان بن!؟**

**ئینجا بە پیی قورئان خۆشیەکانی بەهەشت هەر لە سێکسدا چڕنابێتەوە، بەڵکو بەپیی ئایەتی ٧٢ سورەتی التوبة:** ﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ **(خوا بەڵێنی داوە بە ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان، بەوەی کە باخەکانی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت کە چەندەها ڕوبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات و جاریە بە بەردەم کۆشکەکانیاندا، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تیایدا، هەروەها چەندەها جێگە و ڕێگە و کۆشک و تەلاری خۆش و ڕازاوەی تایبەتی لە بەهەشتداو لەناو باخی چڕوپڕی (عەدن) دا، لەگەڵ ڕەزامەندی خوای گەورەدا، کە لە هەموو نازو نیعمەتەکان بەنرخترو گرنگترە، ئەوە خۆی سەرفرازیەکی زۆر گەورە و بێ ئەندازەیە.]**

**کەوابوو خۆشتر لە بەهەشت و ناز ونیعمەتەکانی، هەتا حۆریش، رازیبوونی خودایە کە قورئان دەڵێت ڕازیبوونی خوا گەورەترە، و سەرکەوتنێکی هەرە مەزنە.**

# بەشی ٤

## ئافرەتیش بۆ پیاو دروستکراوە، نەک هەر حۆری!

هیچ گومانی تێدا نییە، کە وتاری قورئان و ڕوحیەتە جیهادی و جەنگاوەرەکەی ئاڕاستەی پیاو کراوە بە پلە یەک، چونکە ئەرکی ڕاپەڕاندن و سەرکەواندنی دینەکەی بە ئەستۆی پیاوەکان سپاردوە، و جیهادی ژنان بریتیە لە حەج و گوێڕایەڵی پیاوان.

عائشة لە پێغەمبەری پرسی: [ئایە ئافرەت جیهادی لەسەرە؟، گووتی: بەڵێ جیهادێکی بی شەڕی لەسەرە، حەج وعومرە! ( یا رسول الله هل على النساء من جهاد ؟ ) ، قال : (( نعم عليهن جهاد لا قتال فيه الحج والعمرة )) [رواه احمد].

السرخسي لە بابی قتال النساء مع الرجال وشهودهن الحرب لە شرح السير الكبير (١/١٨٤) دەڵێت:

[پێمان باش نییە ژنان لەگەڵ پیاوان لە شەڕدا بن، چونکە بونیادێکی گونجاویان نییە بۆ جەنگان، لەوانەیە لە دۆخی شەڕکردنیدا، ببێتە هۆکاری عەیبە بۆ موسڵمانان، و موشریکەکان دڵیان پێی خۆش دەبێت، و زیاتر ببێتە هۆی جورئەتکردنیان لەسەر موسڵمانان، ودەیکەنە بەلگە لەسەر لاوازی موسڵمانان، و دەڵێن:
پێویستیان بە هاریکاری ژنان بوە بۆ شەڕیان لە دژی ئێمە!]

( لا يعجبنا أن يقاتل النساء مع الرجال في الحرب ; لأنه ليس للمرأة بنية صالحة للقتال ، ... وربما يكون في قتالها كشف عورة المسلمين ، فيفرح به

المشركون وربما يكون ذلک سببا لجرأة المشركين على المسلمين ، ويستدلون به على ضعف المسلمين فيقولون : احتاجوا إلى الاستعانة بالنساء على قتالنا..)

شێخ ڕەبیعی مەدخەلی دەڵێت: ئافرەت بۆ پیاو دروستکراوە، نەک پیاو بۆ ئافرەت، یان بۆ یەکتر دروستکرابن! دەلێت بڕوانە ئایەتەکان دەبینیت ئافرەت وەک نیعمەتێک و کاڵایەک بۆ پیاو دروستکراوە لە دنیا و ئاخیرەت:

قال تعالى ( والله جعل لكم من أنفسكم أزواجاً وجعل لكم من أزواجكم بنين وحفدة ورزقكم من الطيبات ) سورة النحل آية ٧١.
وقال تعالى : ( ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودةً ورحمة إن في ذلک لآيات لقوم يتفكرون) الروم ٢١ بڕوانن ئەی موسلمانانی نێر ومێی عاقڵ کە دەفەرموێت:

( خلق لكم من أنفسكم ) و(جعل لكم من أنفسكم ) تا بزانن چۆن خودا پیاوی پەسند داوە بەسەر ئافرەت، و ئافرەتی بۆ پیاو و لەبەر پیاو دروستی کردوە، ئەوەش نیعمەتێکی گەورەیە. ئینجا نیعمەتێکی تریشی لێدەکەوێتەوە، ئەویش ئافرەتەکان منداڵ و وەچەی بۆ دەهینن، کە دەدرێنە پاڵ پیاو، نەک پاڵ ئافرەت، دەگوترێت کوڕی فلان پیاو و کچی فلان پیاو، و نەوەی فلان پیاو... بڕوانە [لتسكن اليها] ڕاناوەکە بۆ ئافرەت دەگەڕیتوە لە اليها."
ئینجا دەڵێت: " وقال تعالى : ( زين للناس حب الشهوات من النساء والبنين والقناطير المقنطرة من الذهب والفضة والخيل المسومة والأنعام والحرث ذلک متاع الحياة الدنيا والله عنده حسن الثواب ) آل عمران (١٤)

[ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتی ئاڵتون و زێڕو زیووی زۆرو زەبەندە و ئەسپی چاک و ڕەسەن و هەروەها ماڵات و زەوی و زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دنیان، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوەو خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە.]

لەو ئایەتە ئەو شتانەی سەرەوەی کردۆتە جێگای شەهەوات و ئارەزووی پیاوان و لەو شتانەیە کە لە دنیادا چێژی لێ وەرگرن، لە نێو ئەوەشدا و بەڵکو لە پلە یەکدا حەز و شەهوەی ئافرەتە، کە بۆ حەزی پیاو و سەرتۆپی حەز و شەهوەکانیەتی!]

فجعل هذه الأشياء من شهوات الرجال ومطامحهم ومما يتمتعون به في هذه الحياة الدنيا ومن ضمن ذلك بل أولها المرأة فهي من متاع الرجل وفي مقدمة شهواته. "

کەوابوو ئەگەر قورئان لە وشەی الناس دا مەبەستی پیاو بێت وەک لە ئایەتی زين للناس دا دیارە بە وازحی، کەوابوو لە ئایەتەکانیتری وەک:

﴿وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ.... وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ أُولَئِكَ الْمُقَرَّبُونَ...وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ...إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَعِيمٍ... إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي مَقَامٍ أَمِينٍ...﴾

کە تیایدا باسی نیعمەتی حوری عین و هاوسەری پاک وخاوێن، ازواج مطهرة کراوە، زۆر ئاشکرایە کە وتارەکە ئاڕاستەی پیاو کراوە، و ئافرەت لە دەقی قورئانیدا لە چەند جێگایەکی تایبەت نەبێت، دەنا بە تایبەتی ناوی نەهاتووە، ئەویش زانراوە پاش ئەوەی بەپێی ڕیوایەتەکان کە ئافرەتان چوونە لای پێغەمبەر و سکاڵای حاڵی خۆیان کرد، کە بۆ وەک پیاوان ناویان نایەت لە قورئاندا:

لە تەفسیری: [ إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات والقانتين والقانتات والصادقين والصادقات والصابرين والصابرات والخاشعين والخاشعات والمتصدقين والمتصدقات والصائمين والصائمات والحافظين فروجهم والحافظات والذاكرين الله كثيرا والذاكرات أعد الله لهم مغفرة وأجرا عظيما]

ئیمام ئەحمەد: دەگێڕێتەوە کەوا [گوێم لێبوو ئوم سەلەمەی هاوسەری پێغەمبەر گووتی، بە پێغەمبەرم گووت: بۆچی ئێمەی ئافرەتان لە قورئاندا باسمان ناکرێت وەک پیاو؟ هێندەی نەبرد ڕۆژێک لەسەر مینبەر بانگی کرد...منیش چووم بۆ ژورێک لە ژورەکانیماڵەکەم، گوێم گرت، دەیگووت: خەڵکینە خودا دەڵێت: [ ان المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات]

عبد الرحمن بن شيبة ، سمعت أم سلمة زوج النبي صلى الله عليه وسلم تقول : قلت للنبي صلى الله عليه وسلم : ما لنا لا نذكر في القرآن كما يذكر الرجال ؟ قالت : فلم يرعني منه ذات يوم إلا ونداؤه على المنبر ، قالت ، وأنا أسرح شعري ، فلففت شعري ، ثم خرجت إلى حجرة من حجر بيتي ، فجعلت سمعي عند الجريد ، فإذا هو يقول عند المنبر : " يا أيها الناس ، إن الله يقول : ( إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات) الى آخر الآية. تفسير ابن كثير

لە تەفسیری القرطبي هەمان ئایەتدا هاتوە: کەوا ام عمارەی ئەنساڕی هاتە لای پێغەمبەر [د.خ] گوتی: دەبینم هەموو شتێک هەر بۆ پیاوە، و نابینم ئافرەت هیچ باسبکرێن. هەر دوای ئەوە ئەو ئایەتە دابەزی: إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات الآية .]

روى الترمذي عن أم عمارة الأنصارية أنها أتت النبي صلى الله عليه وسلم ، فقالت : ما أرى كل شيء إلا للرجال ، وما أرى النساء يذكرن بشيء !فنزلت هذه الآية : إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات الآية ...

هەر لە تەفسیری الطبري یش هاتووە "کە ئافرەتان بە کۆمەڵ چوونەتە لای پێغەمبەر سکاڵایان کردوە: خودا باستان دەکات لە قورئان، ئێمە قەت باس ناکرێین، ئێمە هیچمان تێدا نییە تا باسبکرێت؟ خودا ان المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات والقانتين والقانتات...هتد دابەزاند

عن قتادة قال : دخل نساء على نساء النبي – صلى الله عليه وسلم – ، فقلن : قد ذكركن الله في القرآن ، ولم نذكر بشيء ، أما فينا ما يذكر ؟ فأنزل الله تبارك وتعالى ( إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات والقانتين والقانتات )

**هەر ابن كثير و الطبری لە تەفسیری ئایەتێکی هاوبابەتی تردا:**

﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ﴾ ڕیوایەتێکی تریان گواستۆتەوە دەربارەی ئەو ئایەتەی لە ام سلمة، کە دەڵێت: ئەی پیغەمبەری خودا، نابینم خودا لە بابەتی هیجرەت کردنەوە بە هیچ جۆرێک باسی ئافرەتانی کردبێت؟ یانی ئافرەتان کە لە یەکەم ڕۆژی ئیسلامیشدا هیجرەتیان کردبوو لەگەڵ مێرد وکەسوکاریان، لە هەندێ حالەتدا بە تەنیاش هیجرەتیان کردبوو، هێشتا باس نەدەکران!

خودا بەدوای ئەو گلەیەدا ئەوەی دابەزاند: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ﴾

عن عمرو بن دينار ، عن رجل من ولد أم سلمة ، عن أم سلمة :أنها ]ص [ ٤٨٨ : قالت : يا رسول الله لا أسمع الله ذكر النساء في الهجرة بشيء؟ فأنزل الله تعالى " : فاستجاب لهم ربهم أني لا أضيع عمل عامل منكم من ذكر أو أنثى بعضكم من بعض . "

دەربارەی ئایەتی ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ النحل الآية: ٩٧ و ئایەتی تری

هاوشێوەش هەمان چیرۆک و هۆکار هاتوە. بێگومان ئافرەتانی ئەو سەردەمە، عەرەبی پەتی بوون، و بە سروشتی چەشەی زمانزانییان دەیانزانی ئەو ئایەتانەی باسی حۆری و ازواج مطهرة دەکەن، پەیوەندیان بە پیاوەوە هەیە.

قورئان ئیمانداران بە هەموو خۆشی و چیژەکانی دنیا مژدەدار دەکات: وەک باغ و باغات و ڕووبار و گۆشتی تەیروتواڵ لحم الطیر، و میوەجات، و ڕووباری شەڕاب و شیر و هەنگوین، باشە بۆ باسی جنس و سێکسی تێدا نەبێت کە بە هێزتری و بەچێژترین غەریزەیە لای مرۆڤ؟!

ئایە خواردن و خواردنەوە و میوەجات بە قەد ئافرەت شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتی تری لەسەر نووسراوە؟! بە قەد ئافرەت شەڕ و مونافەسەی لەسەردا کراوە؟! کەوابوو چۆن قورئان دەتوانێت فەرامۆشی بەهێزترین و لوتکەی حەزەکانی پیاوە جەنگاوەرەکانی بکات لەو ژینگە وشک وبرینگەی کەتیایدا دەژیان؟!

# بەشی ٥

## بۆچی ئەو ئایەتانەی باسی مێی تێدا کراوە حۆری تێدا نییە؟!

ئەو هۆکاری دابەزینە، واتە سکاڵای ژنـان لـە ناونەهاتنیـان لـەگەڵ پیاوانـدا، لـە زۆربەی ئەو ئایەتانەی کە باسی ئافرەتانی تێدا کراوە دووبارە دەبنەوە. ئەوەش بایەخ وگرنگی خۆی هەیە لەو سەردەمە دوور ودێرینە، ئەو ئافرەتـانە هێنـدە بە تەنگ هاتنی ناویان بن، وەک پاداشتێک بۆ کار و قوربانیەکانیان بۆ دینی نوێ.

پێیـان نـاخۆش بـووە، وەک پیـاوان کۆشـش بـکەن و کـۆچ بـکەن بـۆ حەبەشـە و مەدینە، و کەس وکاریان بەجێ بهێڵن، لە شەڕەکان بەشدار بـن، کەچـی ناویـان بە تایبەت نایەت لە ئایەتەکاندا. ئەوەش گرنگە ئەگەر بـزانین ئـافرەت هەن لەو سـەردەمەدا لەنـاو و دەرەوەی ئیسـلامیەکان، هێشـتا عەقڵیـان بە مافەکانیـان ناشکێت، ناوێرن نەک سکاڵا لە قورئان بـکەن، بەڵـکو نـاوێرن ئەو حەدیسـانەی وەک ناقیساتی عەقڵ و دیـن یـش ڕەخـنە بـکەن! ئەوە بـوو لە ئەنجامـدا وەڵامـی داخوازیەکانیان درایەوە، و ناویان لە چەندین ئایەت هات بە تایبەتی.

بەڵگەش لەسەر ئەوەی ئەو ئایەتانەی باسی حـۆری و هاوسـەری پـاکی لێکـراوە مەبەستی پیاو بووە، ئەگەر بڕوانینە ئەو ئایەتانەی کە باسـی نێـر ومـێ و ژن و پیاودا پێکەوە کراوە، بە هیچ جۆرێک پەیمـانی حـۆری و هاوسـەری پـاک، ازواج مطهرة نەدراوە تیایانـدا، کەچـی لەو ئایەتـانەی باسـی ئـافرەت و مـێ نەکـراوە باسی حۆری و مۆری کراوە! کەوابوو مەبەست هەرپیاو بووە لە پەیمانەکاندا:
لەو ئایەتـانە وەک دیـارە، نە لە ئایەتەکـانی پـێش ونە لە پاشـی هـیچ باسـی حۆری و ازواج مطهرة نەکراوە:

﴿إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ الاحزاب ٣٥

(فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ ۖ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ ۖ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ) ال عمران١٩٥

(وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا) النساو ١٢٤

**ئەوەش کردەوە چاکەکان ئەنجام بدات نێر بێت یان مێ لەکاتێکدا ئیماندار بێت، جا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بەقەدەر پەردەی ناوکی خورما ستەمیان لێناکرێت.**

(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ) ٩٧ النحل

**ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، پیاو بێت یان ئافرەت لە کاتێکدا بڕوادار بێت، سوێند بە خوا بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بەجوانتر دەدەینەوە لەوەی کە ئەوان دەیانکرد.**

( وَلَا تَتَمَنَّوْا مَا فَضَّلَ اللَّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُوا ۖ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ ۚ وَاسْأَلُوا اللَّهَ مِن فَضْلِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمًا)
النساو ٣٢

(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ۚ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

(وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ) التوبه ٧١- ٧٢

(لِّيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا ) الفتح ٥

(يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ) الحديد ١٢

**[ڕۆژێک دێت کەدەبینیت پیاوانی ئیماندارو ژنانی ئیماندار بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن، نوورو ڕوناکایەکی ئاشکرا لەبەردەم و لەلای ڕاستیانەوە دەڕوا، فریشتەکان پێیان دەڵێن: مژدەی ئێوە ئەمڕۆ باخەکانی بەهەشتەکەچەندەها ڕوبار بەناویاندا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوە تیایدا، ئا ئەوەیە سەرکەوتن و سەرفرازی گەورەو بێ سنوور.**

إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ

**ئەوانەی کەخێر خوازن لەپیاوان و ئافرەتان، ئەوانەی کەقەرز دەدەن بەخواو ماڵ و سامانیان لەپێناوی ڕەزامەندی ئەودا دەبەخشن، ئەوانەچەند بەرابەر پاداشتیان دەدرێتەوە و پاداشتی بەڕێزو بەنرخ چاوەڕێیانە]**

(وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ ۖ وَالشُّهَدَاءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ) الحديد ١٨-١٩

**[ئەوانەی کەباوەڕیان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکانی، ئا ئەوانەڕاست و ڕاستگۆکانن، شەهیدەکانیش لای پەروەردگاریان پاداشت و نوور و ڕوناکی**

تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانەش کەباوەڕیان نەهێناوەو ئایەت و فەرمانەکانی ئێمەیان بەدرۆزانی، ئا ئەوانەنیشتەجێی دۆزەخن]

چونکە لە ئایەتی یەکەم باسی ژن و پیاو هاتوە، لە ئایەتی دووەم بە گشتی و بە کۆی نێریش قسە دەکات، بەڵام باسی حۆری ناکات چونکە لە ئایەتی پێشوو وتارەکە ئاراستەی ئافرەت و پیاوە، نەوەک بە هەڵە تێبگەن!

ئەوانە هەموو ئەو ئایەتانەن کە باسی ئافرەت و پیاو پێکەوە کراون، و باسی پاداشت بەهەشت و ڕۆژی دوایی و ناز ونیعمەتەکان کراوە، وەک دەبینین بە هیچ جۆرێک باسی ازواج مطهرة و حور عین نەکراوە!

کەوابوو ئەو جۆرە تەفسیرانەی کە دەڵێن ئایەتەکانی حور عین مەبەستی ئافرەتیشە، یان ژن و پیاو هەردووکیان دەبنە حۆری، وەک تەفسیرە سەیرەکەی مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق، کە ئەو بەناوی تەفسیری تایبەتی کوردی برەوی پێدەدات، لە ڕاستیدا لە تەفسیری گەنجێکی میسری تازە پێگەیشتوو امین صبري، و ئەو ئاڕاستە نوییانە ژێر فشاری ژیانی هاوچەرخ وەریگرتووە، کە سەرەڕای ئەوەی سوودیان هەیە بۆ سووک کردنەوەی گرژی و توونددوتیژیەکانی ناو دەقەکان، بەڵام خودی تەفسیرکردنەوەکە بەو شێوەیە، کە ڕەچاوی هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و مێژوویی زمان و فەرهەنگ و زانستە عەرەبی و ئیسلامیەکان ناکات هەمووی بێ بنەمان، زۆر ئاسان دەتوانرێت هەڵبوەشێنرێنەوە.

ئەمن لەوە سەرم سوڕماوە، سەرەڕای ئیدیعای عەبدولڕەحمان سدیق کە تەفسیرێکی کوردی دەکات، بۆ گوێبگرینە تەفسیری عەرەبی، کەچی بۆم دەرکەوت، هەموو ئەو تەفسیر و لێکدانەوانەی مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق کردوویەتی، لەو منداڵکارەیە امین صبري وەرگرتوە دەقا و دەق.

لە یوتیوب بگەڕێن بۆ ئەلقەی امین صبری لا جنس في الجنة، بۆتان دەردەکەویت ئەو گەنجە میسرییە چەندە تەڵەکەبازە لە یاری کردن بە وشەکان و ماناکانی بەبێ ڕەچاوکردنی بچوکترین قواعیدی زمانەوانی و فەرهەنگی و لۆژیکی.

ئەوەش دەیسەلمێنێت کە عەرەب هەتا شەڕەفی دیاردەیەکی زمانەوانی یان دەنگی [الظاهرة اللغوية او الصوتية] شیان بەرناکەویت، وەک هەمیشە وا وەسفیان دەکرێت.

ئەمین سەبری هەموو خۆشیەکانی بە هەشت بە مێوە لێکدەداتەوە، وەک بڵێی بەهەشت گومرگی هەولێرە یان عەلوەکەی سلێمانییە. عەبدولڕەحمان سدیق هەنگاوێکی تریش دەچێتە پێش و دەڵێت:

هەموومان من و تۆ بە نێر و مێمان دەبینە حۆری لە بەهەشت!!! یانی مەلا مەسعود و مەلا مەزهەر و و سووسەیی و مەلا سەمەد و مەلا عبداللطیف و دختۆر عبدالواحید یش ...هتد. دەبن بە حۆری چونکە ئەهلی ئیمانن![9]

[9] ٢٠١٦/٦/٢٢

# بەشی دووەم

# عەبدولڕەحمان سدیق و عەلمانیەت وگەندەڵی

## عەبدوڵڕەحمان سدیق و گەندەڵی کوردی

مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق باسی چارەسەری گەندەڵی دەکات لە تەلەفزیۆنی خواوەندی گەندەڵان دا. وەک هەمیشە بەڵگە و ئارگیومنتەکانی زۆر جوانە بەڵام هێندە نەزەری باسی گەندەڵی دەکات وەک بڵێی باسی ئەقوامی کۆنی پێش هەزاران ساڵ دەکات.

یەکەم پایەی ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی، خۆ جیاکردنەوەیە لە گەندەڵکارەکان و دەزگاکان و دەستە و دایەرەیان. قسەکانی زیاتر لەسەر ئایەتی [تلک الدار الاخرة نجعلها للذین لایریدون علوا في الارض ولا فسادا] ، دەکات.

دەڵێت پارەی گەندەڵی لە قومار خراپترە، چونکە قومار بۆیە حەڕامە یەکێک پارەی هەموو قومارچیەکان دەباتەوە!

گەندەڵیش مانای ئەوەیە چەند کەسێک پارەی هەموو خەڵک بدزێت و بیخوات. ئەگەر بەپێی ئەو لێکدانەوە بێت کێ هەیە لە هێما وسیماکانی دەسەڵاتی کوردی، گەندەڵێکی حەڕامخۆرتر نەبینێت لە قومارچیەکان؟!

بۆ باسی ئەو هەموو دزی و گەندەڵیە ناکات کە لە دەوروبەری خۆی ڕوودەدات؟! چ پێویست بە باسی نەزەری دەکات، لە کاتێکدا ژیانی عەمەلی کوردستان، هەمووی نوقمی گەندەڵی بووە؟! بۆ باسی ناکات کە خەریکە گەندەڵی هیچ مانایەک بۆ کوردبوون و هەستی ئینتیما ناهێڵێت؟!

گەندەڵی کوردی تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە لە هیچ گەندەڵیتری وڵاتان ناچێت. گەندەڵی کوردی زۆر بێ ئیحساستر و بۆگەنتر ودەبەنگترە، بەڕادەیەک مرۆڤ تووشی خەمۆکی و شیزۆفرێنیا دەکات، توشی شێتبوون دەکات، وکەڵکەڵەی خۆکوژی دەکات!

منداڵەکانی دوێنێی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، بە ملیاردەها دۆلاریان لە دەستە، کەچی سەرەڕای ئەوەی ئەو نەوتەی کوردستان شەو و ڕۆژ بەتاڵان دەبردرێت، هێندە بێ شعور و چڵێس و بێ عەقڵن ئەو گەندەڵانەی کوردستان، هەتا مووچەی پێشمەرگەش، کە پارێزەری مانەوەیانن بە جوانی نادەن!!
گەندەڵی کوردی هێندە پیسە خودی باسکردنیشی گەندەڵ بووە![10]

[10] ٢٠١٥/١٢/١٠

# عەبدولڕەحمان سدیق سوپەر میانڕەو حوکمی دینی دەوێت!

زۆر جار کە کەسانێکی ڕۆشنبیری سێکیولار دەبینم، کە بۆ ساتێکیش باوەڕیان بە میانڕەوترین موسڵمان و دیندار نییە، لە دڵی خۆمدا دەڵێم: بۆچی ئەو برادەرانە تا ئەو ڕادەیە بێ متمانەن بەرامبەر خراپترین دیندار بۆ چاکترینیان؟!

بەڵام زۆر جاریش کە قسە و ڕەفتاری نەشیاو و چاوەڕوان نەکراو دەبینم، لە میانڕەوترین دیندار، دەڵێم هەق بەوانەیە کە بۆ ساتێکیش متمانە بە خاوەن عەقڵیەتی دینی نەکەن.

کاتێ دەزگای سەربازی تورکی، پارێزەری سێکیولاریزم بوو، کە توووند چاوەدێری وتاری دینی دەسەڵاتدارەکانی دەکرد، و چاوپۆشی لە سیاسەتی نەرم گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی نەدەکرد، تورکیا هەنگاوی بەردەوامی دەنا بەرەو سیکیولاریزم و مەدەنیەت.

بەڵام کە چنگی دەزگای عەسکەری خاو بوەوە، و ڕێگایان بە ئەردۆگان دا هێدی هێدی ڕوئیا و تێڕوانینی ئیسلامی سیاسی بسەپێنێتە سەر کایەکانی دەوڵەت، و سواری ئەسپی دیموکراسیەت بێت، بۆ گەیشتن بە قەراغەکانی دەوڵەتی دینی ئیسلامی سیاسی، ئەوە لەو ڕۆژگارە ئەنجامەکەیمان دیت.

ئەردۆگان بەناوی دیموکراسیەت دەوڵەتی تورکیای پڕ کردوە لە داعشفیکری، و توانی سوپا و کورد و دەسەڵاتی میدیا و دادگا وئاسایش، هەمووی کۆنترۆڵ بکات. هەست و سۆزی دینی ساویلکەکان بەرزکاتەوە تا کەشکەڵانی ئاسمان.

عەبدولڕەحمان سدیق ناسراوە بە میانڕەوی، بە هەقیقەت میانڕەویشە، سەرەڕای ڕەخنەی زۆرمان لە مەنهەجی پینەوپەڕۆکردنەکەی، بۆ ڕووە نێگەتیڤ

و ناگونجاوەکان بە ژیانی سەردەم، بەڵام من هەر وتاری ئەوم پێ باشتر بووە، هەتا باوەڕیشم پێی نەبێت، لە وتاری توندڕەوێک هەتا بزانم توندڕەوەکە ڕاستیش دەڵێت!

بۆ نمونە کە عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت کۆیلایەتی لە ئیسلام دا نییە، سەرەڕای ئەوەی هەقیقەتی مێژوو و دەقەکان و زانستە ئیسلامیەکان، دەیسەلمێنن کە تا پێش چەند دەیەکیش کۆیلایەتی هەبوو، بەڵکو ئێستاش لە هەندێ شوێنی جیهانی ئیسلامدا ماوە! بەڵام هەر ئەو وتارەم پێ باشترە، کە نکوڵی لە بوونی کۆیلە دەکات، لە وتاری توندڕەوێک کە دەڵێت کۆیلایەتی لە قورئان و ئیسلام دا هەیە، و ئەگەر زەفەرمان بە کافران برد، خۆیان و ژن و منداڵیان دەکەینە کۆیلەی خۆمان.

هەرچەندە هەقیقەتی بوونی کۆیلایەتی ڕاستیشە، بەلای من و زۆربەی توێژەرانیش، بە کەس و بە هیچ نکوڵی لێ ناکرێت. ڕاستە ئیسلام هەوڵی دا مەرجی ژیانی کۆیلایەتی باشتر بکات، و لە زۆر بۆنەش هانی خەڵکی دا ئازادیان بکەن، بەڵام درۆیەکی گەورەیە گەر بڵێین ئیسلام بڕیاری کۆتایی دابێت بۆ ڕزگارکردن و ئازادکردنی کۆیلەکان. بەڵکو بە شێوەیەکی کراوە مەشروعیەتی کۆیلایەتی بەجێهێشت، بۆ ئەو ئومەتەی عەقڵ وڕەوشت و ویژدانی بە ئایەتێک کار دەکات و بە ئایەتێکی تر لەکاری دەخات!

لە ڤیدیۆیەک (هاوپێچ کراوە) کاک عەبدولڕەحمان سدیق، سەرەڕای فەشەلی گەورەی پڕۆژە دینیەکانی ئیسلامی سیاسی، لە میانڕەوترینیانەوە بۆ توندڕەوترینیان، لە سودانەوە بۆ سۆماڵ بۆ سعودیە و بۆ ئێران و تورکیا وئەفغانستان و دەوڵەتی ئیسلامی داعشی عێڕاق و شام.

هێشتا ئەو عەقڵیەتە کراوەیە سوپەر کراوەیەش، نەگەیشتۆتە قەناعەت کە هیچیتر پێویست ناکات خەڵک گەمژە کەین، بە پۆلیشکردن و ڕازاندنەوەی حوکمی دینی! دەبێ بزانین چارەسەری پێکەوەژیانی مرۆڤەکان، تەنها لە

حوکمێکی سێکیولاری دیموکراتی مەدەنیە، چونکە تەنها لەو کۆمەڵگایە ڕەش وسپی و سوور، موسڵمان ومەسیحی وبودایی و جوو، هەموو جیاوازەکان پێکەوە دەژین بەوپەڕی ئازادی و ئاسایشەوە.

**عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت من بۆیە سێکیولاریزمم ڕەفزە، چونکە لە دینەکەی من مرۆڤ لەسەر بنچینەی دینی پۆلێن ناکرێن؟! و لەسەر بنچینەی دینی ڕێزیان لێ ناگیرێت!**

**ئەو قسەیەش دیسان ئاماژەیەکە بە دەستووری مەدینە، کە دوایی بە درێژی دەیدەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە لە ماهیەت وناوەرۆکی.**

ئەخر هەرزەکارێکی ئیسلامیش وا بڵێت بە حەماسەتەوە ئاساییە! چۆن مەسیحی و جوو و موسڵمان پۆلێن ناکرێن؟! و لە ڕیزگرتندا یەکسانن؟!

ئەی ئەو جزیەی لە مەسیحی و جوو و مەجوسی وەردەگیرێت لەبەر چیە؟! ئەی (یعطوا الجزیة عن ید و هم صاغرون) کە واتای سەرانەدان بە ملشۆڕی و زەلیلی دەگرێتەوە، بێ ڕیزی نەبێت چیە؟! ئیسلامیەکان دەڵێن ئەوە باجی بەرگری لێکردنیانە، و سەربازی پێ نەکردیانە، نەک باجی جیاوازی دینی!

ئەی باشە ئەگەر جیاکاریان لە دژدا نەکرابێت بۆ نابێت مەسیحی و جوو سەربازی بکەن؟!
چونکە گومانی خیانەتکردنیان لە دەوڵەتی ئیسلامی لە عەقلیەتی تەشریعی ئیسلامیدایە! بەتایبەتی لە شەڕە عەقائیدیەکانی لە پێناو خوا و ئیسلام دا!

ئەگەر ئەوە جیاکاری و بێ ڕێزی نەبێت، ئەی جیاکاری چییە؟!

کەوابوو ئەوە کرۆکی پۆلێنکاری و جیاکاری دینیە لە نێوان موسڵمان و مەسیحی و جوو! هیچیتر خەڵکیش چەواشە مەکە بەو قات و ڕیباتە، وعەقڵیەتە کلاسیکیە کۆنەی سەحوەی ئیسلامی!

ئەوە باسی موشریک و کافر و هەڵگەڕاوە لە دین هەر ناکەین، کە لە دەوڵەتی دینی ئیسلامی بەپێی هەموو دەقەکان، تەنها دوو بژاردەیان لە پێشە، یان موسڵمان بوون یانیش شمشێر!

باوەڕتان هەبێت هەتا حزبە ئیسلامیە سیاسەکان، خەریکە بە شەرمەوە باسی جێبەجێردنی شەریعەتی ئیسلامی دەکەن، چونکە دەزانن زۆر لە حوکمەکانی کێشەیان بۆ دەنێتەوە. قورسە دنیا قەناعەت پێ بینیت بە ڕەجمکردنی زیناکەران، یان جەڵدە لێدانیان، ودەستبڕینی دز و کوشتنی هەڵگەڕاوە، و لە بەرزایی فڕێدانی هاوڕەگەزبازان، و چەندین حوکمی سەخت و نەشیاوی تر، کە دەبێت ئازاو ڕاشکاوانە بڵێین هیچیتر بە دەردی ئەو سەردەمە ناخوات. [١١]

[١١] ٢٠١٦/٨/٢

# عەبدوڵڕەحمان سدیق سێکیولاریزمیشی قبوڵ نییە!

**عەبدولڕەحمان سدیق کە دەڵێت** گوایە دینەکەی ئەو کە ئیسلامە، خەڵکی لەسەر بنچینەی دینداریو بێ دینی پۆڵێن نەکردوە! سەرەڕای ئەو هەموو پەرێزپاکردنەوە و پینە وپەڕۆیە، هێشتا لەلایەن توندڕەوەکان ئەو پیاوە مایەی قبوڵ نییە، تەکفیر دەکرێت!
ئەوە هیچ ئەو قسەیە خۆی لە بەرامبەر بچوکترین هەقیقەتی قورئانی و فەرمودەیی خۆی ناگرێت، چونکە ئیسلام دینداری دینەکانیتریشی قبوڵ نیە و جزیەیان لێ دەستێنێت بە صاغری یانی ملکەچی!

بە نسبەت مولحید و بێ دینیش، ئەوە لە شمشێر زیاتری نییە بۆیان، ئەگەر لە مێژووی موسڵمانانندا بێ دین و مولحید گەلێکیش هەبن، ئەوە هەموو ژیانیان لە ڕاکردن و ڕاونانی دەسەڵاتی سیاسی دینی و پیاوانی دینی بەسەر بردوە، ئەگەر ڕۆژێک ئاسودەش بووبن، ئەوە لەبەر دووری خەلیفە و سوڵتان بوە لە دین!

خەمی گەورەی من بۆ مامۆستا عەبدوڵڕەحمان سدیق و هاوفیکرانی ئەوەیە هێشتا حوکمی سێکیولاریزمی هەقیقیان نەدیوە کە چ ئارامیەک و ئاسوودەیەکی ڕووحی دەبەخشێتە دیندار و بێ دین، پارێزگار و ڕابوێر، ڕوو لە دین و خوا و ڕوو لە هەوا .

ئەخر لە چاکترین حوکمی دینیدا، کە دەتوانین بڵێین ماوەی حوکمی پێغەمبەر بووە، ئەو ئارامی و ئاسوودەیی و یەکسانیە نەبووە بۆ هەموو خاوەن بیروباوەڕەکان.

ئەگەر کوشتاری جووەکانیش گریمان بەو جۆرە نەبووە، تەنها وەرگرتنی جزیە و سەرانە بوبێت بەس وکافیە بۆ ئەوەی هاولاَتیەک خۆی بە پلە دوو و لاواز بزانێت، هەمیشە لە دڵەڕاوکێی تێڕوانینی پڕ گوماناوی دەسەلاَتی دینی بژێت!

ئەوە باسی وەزعی ئەهلی کیتاب و مولحید ڕاڕاکان ناکەین لە سەردەمی خەلیفەکانیتر کە چەندە خراپ بوو. بۆیە نازانم عەبدولڕەحمان سدیق و هاوفیکرانی کە سێکیولاریزم و دیموکراسیەت ڕەت دەکەنەوە لە پێناو چ بەدیل و مۆدێلێکی سەرکەوتوو ئەو کارە دەکەن؟!
دەکرێت بڵێین ئەگەر نمونەیەکی باشیش لە حوکمی دینی ئیسلامی هەبێت، ئەوەبۆ سەردەمی خۆی لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ حوکمداریەکانی تر باش بووبێت، بەلاَم بۆ ئەو سەردەمەی دەوڵەتی هاولاَتی ودیموکراتی ناکرێت بە نمونەیەکی سەرکەوتووی بزانین، چونکە جیهان و زەمان و چەمکەکان گۆڕاون[١٢].

[١٢] ٢٠١٦/٩/١٨

# بەشی سێیەم

# دەوڵەتە مەدەنیەکەی عەبدولڕەحمان سدیق

## دەوڵەتە مەدەنیەکەی عەبدولڕەحمان سدیق

مرۆڤی ئیسلامی زۆرجار لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی ئایدیۆلۆژیدا بەدوای ئامانجە سیاسییە ئیسلامییەکانیەتی، سەرەڕای گۆرانی لە ڕووکەشدا. من لە لێدوان وڤیدیۆ و نوسینەکانی بەڕێز عەبدولڕەحمان سدیق سەرنجم داوە، سەرەڕای هەموو گۆڕانێکی وکرانەوەی بەسەر هەندێ بیروڕا و چەمکی نوێدا، بەڵام هێشتا وەک هەر ئیسلامییەک سیکیولاریزم بە تاوان و عەیبە دەزانێت، باسی حوکمی شورای ئیسلامی لا پەسندترە لە دیموکراتیەتی نوێ هەتا کاتێ کە باسی دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی دەکات، خوێنەر کە ڕاستەوخۆ بیری بۆ دەوڵەتی مەدەنی civil state دەچێ، عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ وریابن مەبەستم لە دەوڵەتی مەدەنی civil state مۆدرن نییە، بەڵکو مەبەستم دەوڵەتی مەدینەی منەوەرەی پێغەمبەرە، کە لەسەر بنچینەی قورئان وسونە دایمەزراند!

عەبدولڕەحمان سدیق بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی هەمیشە باسی پەڕاوی مەدینە یان صحيفة المدينة، یان ئەوەی موسڵمانانی نوێ ناوی دەنێن بە دەستوری مەدینە، دستور المدينة دەکات. لەو بابەتەدا بە درێژی باسی ناوەرۆک وماهیەتی سەحیفەی مەدینە دەکەین، لە ڕووی ناوەرۆک و ئەو بانگەشانەی

ئیسلامییەکان بۆی دەکەن، هەلومەرجی دروستبوونی، و بەردەوامبوونی وکاریگەری لە مێژوودا.
ناولێنانی بە دەستووری مەدینە لە سەردەمی نوێدا داهێنرا، لەلایەن موسڵمانانی سیاسی لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی، و ئێستاش لەلایەن ئیسلامییەکان درێژەی پێدراوە. بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئیسلامیش وەک وڵاتانی شارستانی خۆرئاوا خاوەن دەستوری مەدەنی بوون! هەتا خەڵکانێکی ناو دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆشنبیرە نوێ و مۆدرنەکان، وەک عەبدولڕەحمان سدیقیش ئاماژەی پێدەدا، لەبارەی گرنگی هەبوونی دەستوور لە ژیانی هاوچەرخدا، دەیانگووت دەستوور قورئانمانە! ئیسلامییەکانیش، دوایی ئیخوانەکان بە تایبەتی، لە ژێر کاریگەری سۆزی دینی وەڵامیان دانەوە کە نەخێر قورئان دەستوورمانە! جیاوازیش زۆرە لە نێوان ئەوەی دەڵێ دەستوور قورئانمانە، وئەوەی دەڵێ قورئان دەستوورمانە.

ئەو ڕیوایاتانەی باسی ئەو پەڕاوەی مەدینە دەکات، هەموویان جێی گومانن لە ڕووی ڕاستی وسەنەدەوە، هەروەها زۆر بەبێ بایەخی باسکراوە لەلایەن زانایان و سەرچاوەکانی ئیسلامدا. ئەسڵی ڕیوایەتەکە لە تاقە سەرچاوەیەکی ئیسلامیدا هاتووە، کە ابن اسحاقە لە سیرەکەی وحەدیسەکەی گێڕاوەتەوە بەبێ سەنەد، کە موحەدیسەکان بە مورسەل و زەعیفی دادەنێن. دوایی بە هەندێ تەفاسیلەوە باسی کێشەکانی ئەو ڕیوایەتە دەکەین.
عەبدولڕەحمان سدیق یش وەک هەر ئیسلامییەک بەپێی سیمنار و چاوپێکەوتنە ڤیدیۆکراوەکانیەوە، لە سەردەمی قوتابی بوونیەوە نامیلکەیەکی نوسیوە لەسەر دەوڵەتی مەدەنی لە ئیسلامدا، یان بە عەرەبی الدولة الدینیة و الدولة المدنیة.
ئەو بیروباوەڕەی عەبدولڕەحمان سدیق، بەوەی کە ئیسلام پێویستی بە دیموکراتیەت وعەلمانیەت نییە، چونکە خودی خۆی دەوڵەتێکی مەدەنییە، ومافی هەموو کەسێکی ناموسڵمانی جیاوازی تێدا دەبێتەوە، هەر لە سەردەمی ئیخوانی و یەکگرتووبوونیەوە درێژەی هەیە تا بەرنامەی [بە کوردی] تەلەفزیۆنی ئاسمانی کوردستان ٢٤.

## مەبەستی عەبدولڕەحمان سدیق لە دەوڵەتی مەدەنی چییە؟

لەو سیمنارەی هەولێر[١٣] کە لە ٢٠١٤/٩/١٨ بە ئامادەیی خەڵکێکی زۆری نوخبەی ئیسلامی، لە سیاسی ونووسەر وپیاوانی حزبی، عەبدولڕەحمان سدیق بە ناونیشانی دەوڵەتی دینی و دەوڵەتی مەدەنی پێشکەشی دەکات، هەموو تەسەوڕات وبۆچوونی عەبدولڕەحمان سدیق دەربارەی چەمکەکانی عەلمانیەت و دیموکراتیەت ودەوڵەتی مەدەنی دەردەکەوێت. کە دوایش پچڕ پچڕ تا ئەمڕۆ دووبارە دەبنەوە بێ گۆڕانێکی ئەوتۆ. هەوڵ دەدەین قسەکانی لەسەر ئەو چەمک و باسانە بگوازینەوە، ئینجا کۆمێنتی خۆشمانی لەسەر بدەین.

لە سەرەتای سیمنارەکە دەڵێت:" قسەکردن لەسەر ئەو دوو چەمکە مەبەستمان لە دەوڵەتی دینی، دینی ئیسلام نییە، مانای ئەوە نییە دەوڵەتەمان ناوێ، کە دەوڵەتی دینی ئیسلامە. بەڵکو مەبەستمان حوکمی تیۆکراسی کەنیسەیە.
کە دەڵێم دەوڵەتی مەدەنی مەبەستم لە سیڤل ستەیت civil state و سیڤیلازەیشن civilasation نییە، مەبەستم دەوڵەتی مەدینەی پێغەمبەرە! ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەر لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەوە پەسندی کردووە، مەبەستم ئەویانە.
لە ١٩٩٩ ئەو باسەم نووسیوە: الدولة الدينية و الدولة المدنية، الاتحاد الاسلامی لطلبة کردستان، ئەو کاتەی لە یەکگرتوو بوو، دوو پێداچوونەوە و دەسکاری لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٤ لێی دەرچووە."

---

١٣ https://www.youtube.com/watch?v=hmcIlw٠٤KYA&fbclid=IwAR١h٨١biSWVIC٤I٦Jfv١yu٦٣Cb١kZJLPuX٥O٩J٦oN٢KnZO٩HcauzQq٥Yk٩A

یانی عەبدولڕەحمان سدیق پێیوایە ئەو دەوڵەتەی پێغەمبەر دایمەزراندبوو، دەوڵەتێکی دینی تیۆکراسی نەبوو، بەڵکو دەوڵەتی مەدەنی بووا دەوڵەتێک بۆ ئەنجامدانی ئاشتی وشەڕ و عیبادەت و مامەڵە، زەواج وتەڵاق، خواردن وخواردنەوە هەمووی چاوەڕێی فەرمانی پێغەمبەرێک بن، کە ئەویش چاوەڕوانی فەرمانی ئاسمان بێ، هێشتا دەوڵەتێکی دینی نییە؟!

سەتوەتی ئەو دەوڵەتە دینییە هێندە بەهێزە لەسەر زهنیەتی موسلمانی ئیسلامی، زۆر بە زەحمەت لێی ڕزگار دەبێت، تۆ ببینە عەبدولڕەحمان سدیق ناوی مۆدرینی دەوڵەتی مەدەنی بۆ دەوڵەتە دینییە ئیسلامیەکە بەکار دەهێنێت، بەلام هەر لە ناوەرۆکی بەتاڵی دەکاتەوە، لەلایەک ناوی دەنێت بە دەوڵەتی مەدەنی، تا خەڵک بیری بۆلای مەدەنیەت و شارستانیەتی نوێ بڕوا، لەلایەکی تردا دەڵێ مەبەستم لە دەوڵەتی مەدەنی، ئەو دەوڵەتەیە کە پێغەمبەر لە مەدینە دایمەزراند لە ڕوانگەی قورئان و فەرموودەوە پەسندی کردووە، مەبەستم ئەویانە!

کەوابوو باشتر بوو بڵێی دەوڵەتی مەدینەیی، ئەگەر لە عەرەبیش ناچار بیت بڵێی سورەتی یان قورئانی مەدەنی یان دەوڵەتی مەدەنی، ئەوە لە کوردیدا ڕوونتر بوو بڵێی دەوڵەتی مەدینەیی، چونکە ئەوە جۆرێکە لە چەواشەکاری. کابرایەکی ئیسلامی هەبوو قژێکی درێژی جوانی بەردابوەوە، کە خەڵک پێیان دەگووت جوانە، دەیگووت من وەک سونەتی پێغەمبەر بەرم دایتەوە! ئەویش باسی دەوڵەتی مەدەنیمان بۆ دەکات بەپیی قورئان وسونەت!

# هەڵسەنگاندنێک بۆ تێگەیشتنی عەبدولڕەحمان سدیق لە دەستووری مەدینە
# دەوڵەتی تیۆکراسی دینی نین تا پێویستیمان بە عەلمانیەت بێ!

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت: "یەکەم کەس باسی دەوڵەتی تیۆکراسی کردبیت، جوزیفۆس فلافیۆس لە سەدەی یەکەمی زاینی ئەو ناوەی داهێناوە، ئەو کەسە یەکەم دەوڵەتێکی تیۆکراسی جووی دروست کرد لە مێژوودا" ئەوە زانیاریانە هەمووی ڕاست نیین، یەکەم دەوڵەتی تیۆکراسی زۆر کۆنترە لە مێژوودا، هەندێک ئەزموونی دەوڵەت هەر بە کاهینەکان بەڕێوە دەبران، دووەم ئەو پیاوە جووە زیاتر ئەدیب و مێژوونوس بووە، نەک پیاوی دەوڵەتداری، هەتا کەنیسەش زۆر گرنگی بەو پیاوە دەدەن، چونکە لە کتێبێکی باسی یەسوعی مەسیحی کردوە، کە لە یەک سەردەمدا ژیاون.

عەبدولڕەحمان سدیق دوایی دەڵێ: "هەوڵدەدرێ موسڵمانان دەوڵەتی دینی تیۆکراسییان بوێ، ئەگەر ئەو جۆرە دەوڵەتەیان ویست چی دەبێ، بێگومان بەرگەی ژیان ناگرێ، ئەوکاتە ئەوەی ئەو جۆرە دەوڵەتە تیۆکراتیە دینیەی بوێ، ناچار لە ئاخیری دەبێ ببێتە عەلمانی! ئێمە بۆ ئەوەی نەبین بە عەلمانی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە دەوڵەتی مەدەنی کە پێغەمبە دروستی کردووە، خۆی لە سەرەتادا دەوڵەتێکی مەدەنیە، لەبەر ئەوەیە ئێستا دەیسەلمێنین کە ئێمە پێویستیمان بە عەلمانیەت نییە، لەبەر چی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەساسەن دەوڵەتێکی تیۆکراسی دینی نەبووین تا پێویستیمان بە عەلمانیەت بێ، ئێمە خۆمان بنەماکانی شەریعەت پەیوەستە بە مەسەلەی دەوڵەتی مەدەنیەوە".

نازانم کێ هەوڵ دەدات موسڵمانان دەوڵەتی دینی تیۆکراسییان بوێ؟! ئەوە خودی موسڵمانە شەو و ڕۆژ داوای گەڕانەوەی جێبەجێکردنی شەریعەت دەکات، کاتێکیش کە ئەزموونێکی سوونی وەک سودان و سعودیە و داعش فەشەل دەهێنێ، دەڵێن ئەوانە موسلمانی هەقیقی نین، شەریعەت بەو جۆرە پیادە ناکرێ !

ئێستاش نەمانزانی ئەگەر موسڵمان دەوڵەتی تیۆکراسی دینی ناوێ، ئەی نمونەی ئەو دەوڵەتە دەبێ چی بێت لە خەیاڵدانیدا، کە دینی و تیۆکراست نەبێ؟ !
ڕاسترین وتەی عەبدولڕەحمان سدیق ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر دەوڵەتی دینی تیۆکراتی لە ئارادا بوو، ئەو جۆرە دەوڵەتە " ناچار لە ئاخیری دەبێ ببێتە عەلمانی!"! هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو، دەوڵەتی عوسمانی لە هەزار وهەشت سەدەکانەوە بەرەو بە عەلمانیکردنی دەوڵەت دەچوو وەک لە دۆسیێی **خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت** باسم کردوە بە درێژی.[14]

هەر بە پشت بەستن بە پەڕاوی مەدینە عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: " دەیسەلمێنین کە ئێمە پێویستیمان بە عەلمانیەت نییە، لەبەر چی، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەساسەن دەوڵەتێکی تیۆکراسی دینی نەبووین تا پێویستیمان بە عەلمانیەت بێ، ئێمە خۆمان بنەماکانی شەریعەت پەیوەستە بە مەسەلەی دەوڵەتی مەدەنیەوە".
گوایە لەو دەستووری مەدینەیەدا هەموو مافێکی هاوڵاتی بوون، و فرەدینی و نەتەوەیی هاتووە، بەڵام کە بە خودی سەحیفەکەدا دەچیتەوە، و دەزانی لە چ هەل ومەرجێک دروست بوو، چەندە بەردەوامی کێشا، و کێی تێدا بوو، کێی تری لێ هەڵاوێردرابوو، کاریگەری تا چەند بوو لەسەر مێنتاڵیتی سیاسی موسڵمان.

---

[14] - دۆسێی **خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (٩)**

# هەڵسەنگاندنێکی مەدەنیانە بۆ پەڕاوی مەدینەیی

پەڕاوی مەدینە لە سەرەتای ساڵی یەکەمی کۆچیدا نووسراوە، دەڵێن لە مانگی پێنجەمی ئەو ساڵە نووسراوە، تیایدا پێغەمبەر تازە هاتبوو بۆ مەدینە، دیارە پاش چەند مانگێک لە هاتنی پێغەمبەر نووسراوە، چونکە کاتێ پێغەمبەر هات بۆ یەسریب، کە دوایی ناوی لێنا مەدینە، وایدەزانی جووەکان زۆر بە ئاسانی باوەڕ بە پەیامەکەی دەهێنن، چونکە لێکچوونێکی زۆر هەبوو لە نێوان پەیامی پێغەمبەر و پەیامی جووەکان. قورئان چیرۆکی پێغەمبەرانی بەنی ئیسڕائیلی دووپات دەکردەوە، بە شان وباڵی بەنی ئیسڕائیلی هەڵدەدا، تا ڕادەی ئەوەی هێندەی ناوی پێغەمبەرانی بەنی ئیسڕائیل دەهات لە قورئان، هێندە ناوی محمد نەدەهات !

بەڵام کە پاش ماوەیەک دەرکەوت کە جووەکان باوەر بە پەیامی ئەو ناکەن، موسلمان نابن، بەڵکو هەتا بە چاوی پڕ لە گومان و تەوسەوە لێی دەڕوانن، پێغەمبەر ترسی ئەو هەڵوێستەی لێ نیشت، چونکە جووەکان لەبەرئەوەی خاوەن کیتاب بوون، عەرەبەکان بە گشتی سەرسامبوون پێیان، و هەرچیەکیان گووتبا باوەڕیان پێدەکردن!

ئیتر کە پێغەمبەر ئەو هەڵوێستە نەیارەی جووەکانی بینی، بەدوای یاسایەک دەگەڕا، بۆئەوەی پابەندیان کات بەوەی کە خیانەتی لێنەکەن، دەست لەگەڵ دەستی دوژمنانی تێکەڵ نەکەن، تا لە حالەتی ڕوودانی هەر هەڵەیەک بە توندترین شێوە سزایان بدات. هات ئەو پەڕاوەی مەدینەی نووسی بۆ پابەندکردنیان بە ئاسایشی دەوڵەتەکەی خۆی، کە بە دوژمن دەور درابوو. دەنا پێغەمبەر هێندە بەپەرۆش نەبوو بۆ ئەوەی جووەکان بەرگری وشەڕی بۆ بکەن، چونکە لە ئەساسدا متمانەی پێیان نەبوو، هەتا چەندین حەدیس هەیە دەڵێ،

لە شەڕەکانی پێغەمبەر، جووەکان بە چەک و تفاقەوە دەهاتن بۆ بەژداری کردن لە تەک سوپای موسڵمان، بەڵام پێغەمبەر ڕەتی دەکردەوە بەژداریان پێبکات!

حەدیسەکانی قبولکردنی یارمەتی موشریک و جوو لە شەڕدا ناسازن هەندێکیان دەڵێ پشتی پێ بەستوون، هەتدێکی تریان ڕەتی کردۆتەوە بەژداریان پێبکات. زانایانی حەدیس دەڵێن ئەو حەدیسانەی ڕێگا بە جوو و موشریکەکان دەدا بەژداربن لە جەنگەکانی لاوازن، قەدەغەی بەژداری پێکردنیان سەحیحن، بۆیە قەدەغەکردنی قبولی هاریکاری موشرک وجووەکان ڕاست ودروست ترە.

هەندێ جار ئەو فشارە لەسەر بێ باوەڕانی ئیسلام دەبوە هۆی موسڵمان بوونیان، ، وەک الإمام أحمد لە مسندەکەی دەگێڕێتەوە: خوبەیب دەڵێ من وپیاوێکی تر لە هۆزەکەمان هاتین بۆ بەژداری شەڕکردن بۆ لای پێغەمبەر، هێشتا موسڵمان نەببوین، گوتمان ئێمە شەرم دەکەین بەژداری شەڕێک نەکەین کە قەومی ئێمە بیکات. پێغەمبەر گووتی: موسڵمان بوون؟! گووتمان: نەخێر. گووتی: ئێمە هاریکاری موشریکان داواناکەین یان پشت بە هاریکاری موشریکەکان نابەستین! گووتی: ئێمەش موسڵمان بووین ولە شەڕەکە بەژدار بووین!

حديث عبدالرحمن بن خبيب قال: أتيت رسول الله – صلى الله عليه وسلم – وهو يريد غزوة أنا ورجل من قومي، ولم نسلم، فقلنا: إنا نستحي أن يشهد قومنا مشهداً لا نشهده معهم. قال: «فأسلمتما؟» قلنا: لا. قال: «فإنا لا نستعين بالمشركين على المشركين». قال: فأسلمنا وشهدنا معه..

لە حەدیسێکی تری سەحیح لە شەڕی بەدر وابزانم کەتیبەیەک جووی بەنی قینقاع خۆیان ئامادە کردوە، پێغەمبەر بەوانیش دەڵێ:ئێمە هاریکاری موشریکان داواناکەین لە دژی موشریکانی تر یان پشت بە هاریکاری موشریکان نابەستین !

حديث أبي حميد الساعدي رضِي الله عنه، قال: "خرج رسول الله **صَلى الله عليه وسلم**، حتى إذا خلف ثنية الوداع، إذا كتيبة، قال: (من هؤلاء)؟ قالوا بنو قينقاع، وهو رهط عبد الله بن سلام، قال: (وأسلموا)؟ قالوا: لا بل هم على دينهم، قال: (قل لهم فليرجعوا فإنا لا نستعين بالمشركين) [صحيح مسلم، برقم [(٢٥٦٤)

کەوابوو بەرگری هاوبەشی چی و هاوڵاتی بوونی چی لەو سەحیفەی مەدینەیە دەمێنێتەوە؟ !

گۆڕینی هەڵوێستی پێغەمبەر لە جووەکان، لەو سەرکۆنە وڕەخنە توندانەی ئایەتەکانی قۆناغی پاش بێ هیوابوونی پێغەمبەر لە جووەکان دەردەکەوێت.

# دەستووری مەدینە

ئینجا ئەو پەڕاوەی مەدینە لە دوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوو، یەکەمیان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی بوو لە نێوان موسڵمانانی موهاجیر و موسڵمانانی ئەنسارٍ بە پلە یەک. باسی چۆنیەتی بەرگری کردن و پشتگیری یەکترکردن، خوێنبایی دان و هاوپەیمانی کردن دەکات.

لە بەشی دووەمدا باسی جووەکان دەکات، وپەلکێشیان دەکات بۆ ناو وەسیقەکە، بەڵام لەوەدەچێ کە تەنها جووە عەرەبەکانی هۆزە عەرەبیەکان، بە حوکمی ئەوەی عەرەب بوون، کەس وکاریان زۆربەی موسڵمان بوون، لە ژێر فشارێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی چوبنە ناو ئەو پەیمانەی مەدینە. وەک لە پەڕاوەکە هاتووە:

وأن يهود بني عوف أمة مع المؤمنين لليهود دينهم وللمسلمين دينهم مواليهم وأنفسهم إلا من ظلم أو أثم فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.
وأن ليهود بني النجار مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بن الحارث مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني ساعدة مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني جشم مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني الأوس مثل ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني ثعلبة مثل ما ليهود بني عوف إلا من ظلم وأثم فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.
وأن جفته بطن من ثعلبة كأنفسهم.
وأن لبنى الشطبية مثل ما ليهود بني عوف وأن البر دون الإثم.

وەک دیارە لەو دەقەدا دەڵێ: جولەکەی بەنی عۆف کە هۆزێکی عەرەبی بوو، ئومەتێکن لەگەڵ ئیمانداران [نەک لە ئیمانداران] جوو خاوەنی دینی خۆیانن، موسڵمانیش خاوەن دینی خۆیانن بە کۆیلە و خۆیانەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ستەم و تاوان دەکات، ئەو کەسە تەنها خۆی بە هەلاکەت دەدات.

جووەکانی تریش هەر جووەکانی هۆزە عەرەبیەکانن وەک جووی بەنی نەجار، بن حارس، و بەنی ساعیدە، بەنی جەشم، و بەنی ئەوس، بەنی سەعلەبە و هتد...وەک لە حەدیس و مێژووشدا هاتووە، ژنە عەرەبەکانی مەدینە ئەوەی منداڵی نەبووبا، یان بۆی ڕانەگیرابا، نەزری دەکرد کە ئەگەر منداڵی بوو بیکاتە جوو، تا زوو نەمرێ. بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لە جوودا هەبوون لەناو هۆزە عەرەبیەکاندا.

لە مەدینە سێ هۆزی جولەکەی ڕەسەن هەبوو کە بني قینقاع و بني نضیر و بني قریظة بوون، هیچ کامێکیان ناویان لەو پەڕاوی مەدینەیە نەهاتووە! وادیارە هەر لە سەرەتاوە هەستیان بەوە کردوە، کە ئەو سەحیفەیە هیچ جدیەتێکی تێدا نییە، دەیانکاتە تەنها بێگارێک لە خزمەتی دەوڵەت و ئاسایشی قەوارەی پێغەمبەر، هیچ سوودێکیشی بۆ ئەوان تێدا نییە، جگە لە سنوردارکردنی ئازادیەکانیان و دەسەڵاتیان.

یانی ئەو پەڕاوە ڕاستیش بێت، فەرامۆشی گەورەترین بەشی کردوە لەو سێ هۆزە سەرەکیانەی جووەکان. ئەو جووانە بەر لە کۆچکردنی موسڵمانان بۆ مەدینە، خاوەنی دەسەڵاتی باڵابوون لە مەدینە، کەچی لەناکاو پێغەمبەر وموسڵمانان هاتن، هەموو دەسەڵاتیان قۆرخ کرد، بوونە مەترسیش لەسەریان، بە خستنە ڕووی ئەو پەڕاوەش، لەجیاتی ببێتە هۆی دڵنیابونیان، بە پێچەوانەوە بەندەکانی زیاتر تۆقاندوونی، چونکە بە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ پەڕاوەکەی مەدینە، بۆت دەردەکەوێت کە جولەکە داوایان لێدەکرێت ببنە شوێن

کەوتەی پڕۆژەی دەوڵەتی پێغەمبەر و موسڵمانان وەک دەڵێ: وأنه من تبعنا من يهود فإن له النصر والأسوة غير مظلومين ولا متناصر عليهم.

[ئەوانەی دەبنە شوێنکەوتەمان لە جووەکان، پشتگیریان دەکرێ و بە یەکسانی مامەڵە دەکرێن، ستەمیان لێ ناکرێ و گەلەکۆمەیان لێ ناکرێ.]

وأن اليهود ينفقون مع المؤمنين ما داموا محاربين. [جووەکان خەرجی دەکێشن لەگەڵ ئیمانداران، مادامەکێ لە جەنگدا بن[
وأنه لا يجير مشرك مالاً لقريش ولا نفساً ولا يحول دونه على مؤمن. (نابێ موشریک داڵدەی هیچ ماڵ وسامانێکی یان هیچ کەسێکی قوڕەیش بدات، نابێ ببێتە قەڵغانی لە ڕێگای ئیمانداردا!)

(نابێ هیچ جولەکەیەک بەبێ ئیزنی محمد بچێتە دەرەوەی مەدینە!) وأنه لا يخرج منهم أحد إلا بإذن محمد. دیارە گومان وبێ متمانەیی پێغەمبەر لە جووەکان تا چ ڕادەیەکە، هەتا ناتوانن لە مەدینە دەرچن بەبێ ئیزنی پێغەمبەر نەوەک پیلانگێڕی بکەن لە دژیدا وەک اکرم العمری[١٥] دەڵێ .

نەک هەر ئەوە بەڵکو لە بەندێکی تری ئەو سەحیفەیە دەڵێت: هەر کێشە وشەڕێک لە نێوان ئەهلی ئەو پەڕاوە ڕوویدا بۆ چارەسەر دەگەڕێتەوە لای خوا وپێغەمبەر!

"وأنه ما كان بين أهل هذه الصحيفة من حدث أو اشتجار يخاف فساده فإن مرده إلى الله وإلى محمد رسول الله، وأن الله على أتقى ما في هذه الصحيفة وأبره."

---

[١٥] - لە السيرة النبوية الصحيحة، د/أكرم العمري [/٢٩٠-٢٩١]

عەبدولڕەحمان سدیقیش لە چاوپێکەوتنێکی دەڵێ لەو پەڕاوە نە بیسمیلا کراوە ونە باسی پێغەمبەرایەتی کراوە ونەباسی دین، چونکە دەستورێکی مەدەنی بوو، بۆ هەموو هاوڵاتیانی مەدینە بەبێ فەرق وجیاوازی! ڕاستیەکەی وانییە، لەوەدەچێت کاک عەبدولڕەحمان سدیق تەواوی ئەو حەدیسەی سەحیفەی مەدینەی نەخوێندبێتەوە بە وردی دەنا شتی وای نەدەگووت. هەر پەڕاوەکە بە بیسمیلا دەستی پێ کراوە، سێ جار ناوی محمد بە پێغەمبەر هاتوە، دەسەڵاتی شەریعەتیش فەرزکراوەتە سەر جوو و بێ باوەڕەکانی تر بە ئیسلام لە تاکەکانی هۆزە عەرەبەکان، کە هێشتا باوەڕیان بە ئیسلام نەهێنابوو، بەڵام تا دەهات فشارە سیاسی وکۆمەڵایەتی و نەریتیەکان بۆسەریان زیاد دەبوو.
کەوابوو دەستووری مەدەنی چی و دەوڵەتی هاوڵاتی چی؟! ئەوەی هەبوو دەوڵەتێکی دینی تیۆکراتی پێغەمبەرانە بوو، لەسەر شێوەی دەوڵەتەکانی پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل.

# ئیسلام پێش مارکس دینی پێ تلیاکی گەلان بووە!

**بانگەشەکانی** عەبدولڕەحمان سدیق زۆرجار هەموو سنورێکی عەقڵ ومەنتیق تێدەپەڕێنن، بۆ نمونە پێیوایە ئیسلام بەر لە مارکسیش دینی پێ تلیاکی گەلان بووە! هەر لەو سیمنارە **باسی قسەکەی سەحابی ربعي بن عامر دەکات لە سەروبەندی داگیرکردنی ئێراندا، کە دەچێتە لای سەرکردەی باڵای فارس ڕۆستەم، کە لە ڕەبعی دەپرسێ بۆچی هاتوون؟ لە وەڵامدا دەڵێ: [ خوا ناردوونی بۆ ئەوەی بەندەکان لە عیبادەتی عەبدەکان دەرکەین، بۆ عیبادەتی خوای عەبدەکان، لە ستەمی دینەکانەوە دەربازیان کەین بۆ دادپەروەری ئیسلام، لە تەسک و تەنگەبەری دونیا ڕزگاریان کەین بۆ فراوانی دنیا و ئاخیرەت ....]** "لقد ابتعثنا اللهُ لنخرج العباد من عبادة العباد إلى عبادة رب العباد، ومن جور الأديان إلى عدل الإسلام، ومن ضيق الدنيا إلى سعة الدنيا والآخرة"

ئینجا عەبدولڕەحمان سدیق زۆر بە شان وباڵی ئەو قسانە هەڵدەدا، گوایە پێش مارکسیش کەوتۆتەوە کە دەڵێ: دین تلیاکی گەلانە! ئەوە نییە ڕەبعی کوڕی عامر باسی ستەمی دینەکان دەکات؟! وەک بڵێی لەبیری کردبێت، ئیسلامیش لە کۆتاییدا هەر دینە، دەیان ڕەخنەی ئاڕاستەکراوە لە زۆر ڕووەوە، ئینجا هیچ خاوەن دینێک نییە وا باسی دینەکانیتر نەکات بە لادەر وستەمکاریان نەزانێت!

دوایی عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: **" کەوابوو دینەکان جەوریان هەیە، ئیسلام عەدلی هەیە، بۆ ئیسلام عەدلی پێیە؟! چونکە لە زەمانەکانا ئەحکامی خۆی دەگۆڕێ، لەگەڵ مەکانەکانا ئەحکامی خۆی دەگۆڕێ، لەگەڵ گۆڕانی مرۆڤەکان ئەحکامەکانی خۆی دەگۆڕێ، لەبەر ئەوە ئیسلام عادیلە، خۆ ئەگەر ئیسلامیش چەقبەستوو بێ، لەسەر قسەی یەک دانە کەس بڕوات بە ڕێوە، لەسەر قسەی**

**یەک سەردەم بڕوات بەڕێوە، ئیسلامیش دەبێتە مەسیحیەتی کەنیسەی سەدەی ناوەڕاستی ئەوروپا. بۆیە دەرکەوتنی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی وەک لە خەواریجەوە بگرە تا دەگەیتە تاڵیبان و قاعیدە و داعش، ئەوە ئەو جۆرە ڕێکخراوانەن کە دەیانەوێت بە بۆجوونەکانی ڕابردوو حوکمی ئێستا بکەن. بەو نیەتەی هەیانە، هەر شتێ بێ، ئەوە شتێکی خراپ دەدەن بە دەستەوە، کۆمەڵگا ناچار دەکەن کە ئەوە بە کەڵک نەهات، کەواتە با ڕوو لە عەلمانیەت بکەین، ئەوە هەوڵێکە بۆ ئەو حاڵەتە."**

**نازانم چۆن ئیسلام ئەحکامەکانی دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی زەمان ومەکاندا؟! ڕەنگە لە هەندێ تەفاسیلی لاوەکیدا وابکات، بەڵام هیچ ڕۆژێک ئیسلام باڵادەست بوو بێت لە شوێنێک، هیچ ئەحکامێکی گۆڕیوە؟! بۆ نمونە حوکمی زینای گۆڕیوە؟ حوکمی نوێژکردن و نەکردنی گۆڕیوە؟ حوکمی جزیە وەرگرتنی لە ئەهلی کیتاب گۆڕیوە؟! بێگومان نەخێر.**

**کەوابوو ئەو قسانە هەمووی بانگەشەی بێ ناوەرۆکن، لەواقیعدا هیچ هەقیقەتێکیان نییە.**

عەبدولڕەحمان سدیق لە جیاوەزەکانی نێوان دەوڵەتی تیۆکراتی و دەوڵەتی مەدینەیی پێغەمبەر دەڵێت:

دەوڵەتی تیۆکراسی، دەوڵەتێکە باوەڕی بە ئازادی بیروباوەڕ نییە، و پێویستی بە هێزە بۆ سەپاندنی بیروڕاکانی، دەوڵەتێکە بۆ سەپاندن، بەڵام دەوڵەتی پێغەمبەر دەولەتێکە بۆ بە سەلماندن، یانی خەڵک لە دەورەی کۆدەبێتەوە، خەڵک قەناعەتی پێدەکات.

ئەی ئەگەر وابێ بۆ پێغەمبەر ئەو هەموو شەڕەی ناوخۆ ودەرەکیەی کرد؟! ئەی ئەگەر خەڵک خۆبەخشانە لە دەورەی پێغەمبەرایەتی کۆببنەوە، بۆچی لە بەشی هەرە گەورەی بانگخوازیەکەی لە مەککە، ئەوانەی لە دەوری کۆبوونەوە لە دوو سەد کەس تێپەڕیان نەدەدا؟! ئەی بۆ هەر لەپاش مردنی پێغەمبەر ٩٠٪ موسڵمانانی جەزیرەی عەرەبی هەڵگەڕانەوە؟! ئەی ئەوە نییە شێخ یوسفی قەرەزاوی یش هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئیسلام بە ڕاشکاوی بۆ بوونی حەد و سزای هەڵگەڕاوە دەگەڕێنێتەوە، و لە ڤیدیۆیەکدا دەڵێت: ئەگەر حەدی ڕیدە و هەڵگەڕانەوە نەبا کەس موسڵمان نەدەما و ئیسلام نەدەما لە سەردەمی پێغەمبەرەوە!!![١٦]

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: " دەوڵەتی تیۆکراتی سێکوچکەی دەسەڵاتی بریتییە لە خوا، ئینجا فەرمانڕەوا، ئینجا ئومەت، دەڵێ حاکم یان فەرمانڕەوا ڕاستەوخۆ فەرمان لە خواوە وەردەگرێت، بەڵام دەوڵەتی پێغەمبەر دەڵێ خوا، بەڵام دووەم ئومەت، ئینجا فەرمانڕەوا!"

هەموو بەڵگەشی ئەوەیە خەلیفە ابوبکر وعومەر گوتویانە: أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم، واتە گوێڕایەڵیم بکەن تا گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرم کرد، ئەگەر ملپێچی خوا و پێغەمبەرم کرد، گوێڕایەڵیم مەکەن!

دەلێ ئەوە دیموکراتیەتە، کە بڕیار دەدرێتە دەست گەل و ئومەت! ئیتر دیموکراتیەت شتێکی نوێی نەهێناوە کە دەڵێت حاکم لەلایەن خەڵکەوە دیاری

---

١٦ https://www.youtube.com/watch?v=ysBdQM٥MhkU&feature=youtu.be&fbclid=IwAR١KxA٦XwvzE٥EG٨v٨bGSIlk-TpafQoBnZakBkA٨naVvUEtFSW٨g٣_gVJkg

**دەکرێت و لادەدرێت! بەلام لێرەش گوێڕایەڵیەکە بەستراوەتەوە بە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر و قورئان وحەدیس! واتە کۆمەڵی ئەوامر ونەواهی دینی ناو دەقەکان، کە بەلادان لە بچوکترینیان دووچاری تەکفیر و سزای کوشتنیش دەبیت! هەر ئەو ئەبوبەکرە سەدان هەزارکەسی کوشت و ناچاری کردن بە ملکەچی بۆ ئیسلام بە زەبری شمشێر، چونکە پاش مردنی پێغەمبەر هەڵگەڕانەوە! هەندێکیان هێشتا موسڵمانیش بوون و نوێژیشیان دەکرد، تەنها گوتیان زەکات نادەینە حاکمی مەدینە، خۆمان دابەشی دەکەین، هەژاری خۆمان زۆرن، هێشتا ئەبوبەکر ڕازی نەبوو، گووتی بەخوا ئەگەر پارچە گوریسێکی وشتر بەستنەوەشم لێ قەدەغە بکەن، لەگەڵیان دەجەنگم! ئەوە لە کوێی دیموکراسیەتە؟!**

**سەرەڕای ئەوە حەدیسەکەش یان ئەسەرەکەش لاوازە لای فەرموودەناسان![17]**

---

١٧ - مدى صحة قول أبي بكر ضي الله عنه أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم

أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم
قول أبي بكر رضي الله عنه : ( أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم.(
وهذا الأثر ضعيف فقد أخرجه عبد الرزاق في مصنفه (٣٣٦/١١) عن معمر قال: حدثني بعض أهل المدينة قال: خطب أبو بكر ... وفيه: (.. أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم.(
لأن الواسطة التي بين معمر بن راشد وبين أبي بكر مبهمة، فهذا البعض لا ندري من هو ولا ما حاله، ومثل هذا الإسناد لا يثبت به شيء لضعفه، وهذا معروف عند أهل الحديث ولله الحمد ، فإن كان له إسناد صحيح فأين هو؟!!
خطبة أبي بكر الصديق رضي الله عنه بعد توليه الخلافة
بعد أن تمت البيعة العامة لأبي بكر رضي الله عنه قام فخطب في الناس فحمد الله وأثنى عليه، ثم قال: أما بعد ،،،
أيها الناس، فإني قد وليت عليكم ولست بخيركم، فإن أحسنت فأعينوني وإن أسأت فقوموني ، الصدق أمانة والكذب خيانة والضعيف فيكم قوي عندي حتى أريح عليه حقه إن شاء الله، والقوي فيكم ضعيف حتى آخذ الحق منه إن شاء الله.
لا يدع أحد منكم الجهاد في سبيل الله ، فإنه لا يدع قوم الجهاد في سبيل الله إلا ضربهم الله بالذل ، ولا تشيع الفاحشة في قوم إلا عمهم الله بالبلاء.
أطيعوني ما أطعت الله ورسوله، فإذا عصيت الله ورسوله فلا طاعة لي عليكم.
مصادر رواية هذه الخطبة : ( قال ابن كثير في البداية والنهاية "٢٤٨/٥" و "٣٠١/٦": إسناده صحيح. (
ورواها البيهقي في سننه الكبرى ج٦/ص٣٥٣ حديث رقم: ١٢٧٨٨. وابن جرير فى التاريخ (٢٣٧/٢. (
وأخرجه ابن هشام في السيرة (٨٢/٦) عن ابن إسحاق حدثني الزهري حدثني أنس بن مالك.
ورواه ابن حبان في السيرة

دەیباشە خۆ گەل لە سەردەمی عوسمان، زۆربەی گەلان بە سەحابە و عائیشەی دایکی موسڵمانانەوەش. گوتیان تۆ حاکمێکی خراپی وازبێنە و دابەزە، لە چاوتروکانێکدا حەدیسێکی پێغەمبەری دۆزیەوە، وئەو حوکمە مەدەنیە دیموکراتیە بوەوە حوکمی تیۆکراتی وگووتی پێغەمبەر فەرمانی پێکردووم: من پۆشاکێک دانەکەنم بۆ مونافیقەکان کە خوا لەبەری کردبم!

الحديث عن رسول الله صلى الله عليه و سلم أنه قال :يا عثمان، إن الله عز و جل عسى أن يلبسك قميصًا فإن أرادك المنافقون على خلعه فلا تخلعه حتى تلقاني، يا عثمان، إن الله عسى أن يلبسك قميصًا فإن أرادك المنافقون على خلعه فلا تخلعه حتى تلقاني ثلاثًا .رواه أحمد والترمذي وابن ماجه وصححه الألباني وقال شعيب الأرنؤوط في تحقيق المسند :إسناده صحيح، رجاله ثقات رجال الصحيح غير الوليد بن سليمان .اهـ[١٨]

دەی ئەوە تیۆکراتی نەبێ، وحوکمکردن بەناوی خوا نەبێ، چییە؟!

لە خاڵێکیتردا عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: " لە دەوڵەتی تیۆکراتی دینی، حاکم و فەرمانڕەوا هەمیشە پێی وایە هەق لای ئەوە، چونکە خۆی پێ وصی بالحق، و دەڵێ لەخواوە دیاریکراوە، مادەم شت لە خواوە وەردەگرم دەبێ لەسەر هەق بم!

---

[١٨] https://www.islamweb.net/ar/fatwa/١٩٥٠٣١/%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٨٪A٨٪D٨٪A٨-%D٩٪٨١٪D٩٪٨A-%D٨٪A٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪B١-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٦٪D٨٪A٨٪D٩٪٨A-%D٨٪B٥٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٩-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٧-%D٨٪B٩٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨A%D٩٪٨٧-%D٩٪٨٨٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥-%D٨٪B٩٪D٨٪AB%D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٨٪D٨٪B٩٪D٨٪AF%D٩٪٨٥-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AA%D٩٪٨٦٪D٨٪A٧٪D٨٪B٢٪D٩٪٨٤-%D٨٪B٩٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AE%D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٩٪٨١٪D٨٪A٩

بەڵام لە ئیسلامدا و تواصوا بالحق هەیە، بەمانای ڕاسپاردەکردنی یەکتر بە هەق، واتە هەق ڕۆژێ لای منە و ڕۆژێتر لای تۆیە، و هەق ئیحتیکار نەکراوە لای یەک کەس! ئەگەر وابێ خۆ دەیان سەحابەی گەورە بە عومەریشەوە دژی جەنگی ئەبوبەکر بوون لە دژی ئەو موسڵمانانەی تەنها دەیانگووت زەکات نانێرینەوە بۆ چەقی دەسەڵات، بەڵکو لەناوەخۆماندا دەیدەینە هەژارەکانی خۆمان، بەڵام ئەبوبەکر لەبەر ڕای خۆی بەردەوام بوو لە جەنگەکەیدا، هەزارانی لێ کوشتن.

لە خاڵێکی تردا عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: دەوڵەتی تیۆکراسی، دەوڵەتی ئەحکامی ئیلاهییە بەناوی خوا، بەڵام دەوڵەتی مەدەنی [ڕاسترە بڵێی مەدینی] دەوڵەتی ئەحکامی ئیلاهی نییە، زیاتر ئەحکامی فیقهییە. ئەحکامی فیقهیش یەکسانە بە وەحی واتە کیتاب وسونە، کۆ الفقیە کۆ کات و کۆ شوێن. تۆ ناتوانی وەحیەکە بگۆڕیت چونکە کیتاب و سونە سابیتە، بەلام فەقیهەکە و کات و شوێن و حاکمەکە دەگۆڕێت، بەو شێوەیە حوکمێکی نوێ بەدەست دەهێنین!

من دەڵێم کە ئەحکامی قورئان وسونە جێگیربوون، هیچ هێزێک ناتوانێ بیانلەقێنێ! با ئەحکامی ڕاشکاو هەبێ لە قورئان وسونە، با فەقیە و زەمان و مەکانیش بگۆڕێت، بزانە کەس دەتوانێ ئەو ئەحکامانە بگۆڕێ! بزانە کەس دەتوانێ بڵێ دز نابێ دەستی ببڕدرێ، ئەگەر دزیەکەی بچوک بێ، با زیندانی بکرێ بۆ ئەوەی هەلێکیتری بدەینێ وسەقەتی نەکەین؟! ڕەنگە تەنها ئەو شتانە قابیلی گۆڕان بن، کە دەقێکی ڕاشکاویان دەربارە نەهاتووە.

# دەوڵەتی پێغەمبەر مەدەنی بوو جێگای جوولەکەی لێ بووبوەوە!

عەبدولڕەحمان سدیق دوایی دەڵێ: "بۆیە دەوڵەتی پێغەمبەر مەدەنی بوو، چونکە جێگای جوولەکەی تیابوەوە وەک لەو دەستوورەی پێغەمبەر نوسیویەتی بۆ مەدینە، دەوڵەتێکە پشت بە دەستوور دەبەستێ! ... قورئان دەستوور نییە، قورئان شتێکە گەورەترە لە دەستوور، قورئان سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی دەستوور، لەبەرئەوە پیغەمبەر شەریعەتیشی هەبوو، بەڵام کە چوو بۆ مەدینە دەستووری نوسیەوە، بۆ دەستووری نوسیەوە، خۆ قورئان و سونەتی هەبوو؟! چونکە خەڵکێکی تر هەن لەوێ موسڵمان نین، بۆیە دەبێ دەستورێ بۆ ئەو خەڵکە بنوسیتەوە. بۆیە دەستوورێکیان بۆ دەنوسێتەوە حوریەتی [ئازادی] دینی بۆ هەمووانە، للیهود دینهم، وللمسلمین دینهم."

جارێ ئەو سەحیفەیەی مەدینە کە ئەیفۆرێک A٤ پڕناکاتەوە نابێتە دەستوور، تەنها چەند پرنسیپێکی سیاسییە بۆ دڵنیایی پێغەمبەرە، وبۆ ئەوەی جووڵەی جووەکان سنوردار بکات، خەرجی پاراستن و جەنگەکانی بخاتە ئەستۆی هەمووان بە جوەکانیشەوە، وەک لە بەندەکانیدا خوێندمانەوە. ئینجا هەر لەو سەحیفەیە دەڵێ، هەرکێشەیەک ڕوویدا لەنێوان ئەهلی ئەو سەحیفەیە بۆ لای خوا و پێغەمبەر دەگەڕێتەوە، یانی بۆ لای شەریعەت! ئەی چۆن عەبدولڕەحمان سدیق ئەو بانگەشەیە مەدەنی وسێکیولاریستە دەکات بۆ دەوڵەتی ڕەسوڵ؟!

عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێ: "ئەوە لەگەڵ ئەوەیدا هەندێ کەس دەڵێن باشە قورئان خۆ دەڵێ: لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا ... المائدە (٨٢)"

[ سەر سەخترینی خەڵک لە دوژمنایەتیدا بەرامبەر بەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، جولەکەن و ئەوانەی کە هاوەڵیان بۆ خوا داناوە]

ئێ باشە مەگەر پێغەمبەر ئەوەی نەزانیوە؟ با زانیویەتی، بەڵام ئەمە ئەحکامی تەقیمە [هەڵسەنگاندە] تەقیمم بۆ بەرامبەر ئاوایە، بەڵام تەعامولم لەگەڵی خوا داوام لێدەکات بە حوسنا بێ لەگەڵی، هەر وەک گوتمان ئەگەر یەکێ باوکی کافر بوو خوا دەڵێ: ﴿وَإِن جَاهَدَاكَ عَلَىٰ أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۖ وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا.. لقمان ١٥﴾ [ئەگەر دایک و باوکت کۆششیان لەگەڵتا کرد، تا بەبێ هیچ بەڵگە و زانیاریەک هاوەڵ بۆ من بڕیار بدەیت، بە قسەیان مەکە، لە دنیاشدا هاوڕێ و هاوەڵ و خزمەتگوزارێکی چاک بە بۆیان لە هەموو بارو دۆخێکدا]"

تۆ بڕوانە ئەو ئەعسابە ساردەی عەبدولڕەحمان سدیق! دەڵێ لەلایەک خودا پێیان دەڵێت جولەکە هەرە سەرسەخترینی دوژمنی موسڵمانان و خوا و پێغەمبەرن، داواشیان لێدەکات ڕێزیان لێبگیرێت وەک هاولاتی! موسلمانێک بەو هەموو سۆز وخۆشەویستیەی بۆ خودا وپێغەمبەر و ئیسلام و قورئان، کە بە لەتە حەدیسێک بە ئاسماندا هەڵدەبەزێت، چۆن دەتوانێ پاش ئەو هەموو ئایاتە بە دوژمن گرتنەی قورئان بۆ جولەکە، خۆشیانی بوێت یان ڕێزیان لێبگرێت؟! قورئان دەیەها ئایەتیتری سەرکۆنەکردنی جولەکە و بە کەمزانین وتا ڕادەی سوکایەتی پێکردنیانی تێدایە، کە لەوەچەی مەیمون و بەرازیان حسێب دەکات، ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ﴾ البقرە (٦٥)

[زانیووتانە و ئاگادارن چیمان بەسەر ئەوانەتاندا هێنا ڕۆژانی شەممە دەستدرێژییان دەکردو لە سنوور دەردەچوون، (لەبەر ئەوە بڕیارمانداو) وتمان: ببنە مەیموونی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خوا]

یان [ قل هل أنبئكم بشر من ذلک مثوبة عند الله من لعنه الله وغضب عليه وجعل منهم القردة والخنازير وعبد الطاغوت] المائدة : ٦٠.

[بلێ: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە کردارێک کە تۆڵەکەی لای خوا خراپترە لە تۆڵەی لەکەدارکردنی موسڵمانان، ئەوەش کرداری ئەو کەسەیە کە خوا نەفرینی لێکردوە و جامی خەشم و ڕقی خۆی ڕژاندووە بەسەریداو هەندێکیشی کردن بە مەیمون و هەندێکیشیان بە بەراز و هەندێکیانیشی کردە تاغوت پەرست و بت پەرست؟! ]

کە ڕۆژێ حەڤدەجار لە پێنج نوێژ داوا لە خوا دەکەن کە بمانپارێزێ لە ڕێگای ئەوانی خوا غەزەبی لێگورتوون کە جولەکەیە [غیر المغضوب علیهم]

قورئان دەڵێ جولەکە گاڵتەی بە ئیسلام دێ، کاتێ دەڵێن باوەڕ بە موسڵمانان بهێنن بەیانیەکەی بۆ ئێوارە کافربن پێی! ﴿ وَقَالَت طَّائِفَةٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمِنُوا بِالَّذِي أُنزِلَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَجْهَ النَّهَارِ وَاكْفُرُوا آخِرَهُ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ... ﴾ ئآل عمران: ٧٢- ٧٣

**یان کاتێ بە تەزویرچیان دەزانێ** ﴿ مِّنَ الَّذِينَ هَادُوا يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَاسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَاعِنَا لَيًّا بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِي الدِّينِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاسْمَعْ وَانظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ]النساء: ٤٦

[هەندێک لەوانەی کە بوونەتە جوو قسە لەجێی خۆیدا دەسکاریی دەکەن و جێ گۆڕکێی پێدەکەن و بەئارەزووی خۆیان لێکی دەدەنەوە (بە کینەوگاڵتەوە) دەڵێن: بیستمان و بەقسەشمان نەکردیت!! گوێ بگرە دەک گوێت لێ نەبێت!! (هەروەها دەیان وت:) (راعنا) و دەمیان بۆ خوار دەکردەوە تا مانایەکی هەڵە ببەخشێت و ببێتە تەعنە و ڕەخنە لە دین، خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەوان بیانوتایە: بیستمان و گوێڕایەڵین و تۆیش گوێمان بۆ بگرەو مۆڵەتمان بدە (تا تێبگەین) چاکترو ڕاسترو بەنرختر بوو بۆیان، بەڵام خوا نەفرەتی لێ کردوون بەهۆی کوفریانەوە، بۆیە باوەڕناهێنن کەمێک نەبێت]

[ قل هل أنبئكم بشر من ذلک مثوبة عند الله من لعنه الله وغضب عليه وجعل منهم القردة والخنازير وعبد الطاغوت] المائدة : ٦٠

[پێیان بڵێ: ئایا هەواڵتان بدەمێ بە کردارێک کە تۆڵەکەی لای خوا خراپترە لە تۆڵەی لەکەدارکردنی موسڵمانان، ئەوەش کرداری ئەو کەسەیە کە خوا نەفرینی لێکردوە و جامی خەشم و ڕقی خۆی ڕژاندووە بەسەریداو هەندێکیشی کردن بە مەیمون و هەندێکیشیان بە بەراز و هەندێکیانیشی کردە تاغوت پەرست و بت پەرست؟!]

جا یەک ئایەت کە دەڵێت جولەکە سەرسەخترین دوژمنی موسڵمانان، بەسە بۆ ئەوەی موسڵمانان لە هەر کوێیەک جولەکە ببینن دوژمنایەتیان بکەن، و ناڕێزیایان پێبکەن، چ جای ئەو هەموو ئایەتانەیان بۆ ڕێز بکریت، و بەو هەموو سیفاتە پڕ لە حیقد وکینە وگاڵتە و دوژمنایەتی خوا، بوونە مەیمون وبەراز و دەیان سیفەتی خراپتریان بدرێتە پاڵ، ئینجا عەبدولڕەحمان سدیق بلێت ئەوانە ئەحکامی هەڵسەنگاندنە هیچ نییە، ئێوە لە خۆڕایی خۆتان مشەوەش کردوە!

موسڵمانانی پەناهەندە، کە خۆیان لە دەست ستەم و بارخراپی ڕایان کردوە لە وڵاتانی خۆیاندا، لەو ئەوروپایەدا گێچەڵی زۆر بە جوولەکە دەکەن، لە هەر شوێنێک بیانبینن بێ گێچەڵ قورتاریان ناکەن! ئەگەر ئەوە کاریگەری خیتابی دینی وسیاسی دینی نەبێ، کاریگەری چییە؟! بۆ ئەهلی دینەکانیتر زۆر بە ئاسایتر دەڕوانە جوو و جوواتی؟!

دەوڵەتی مەدەنی چۆن دادەمەزرێت، کاتێ پیرۆزترین مەرجەعیەتی ئەو دەوڵەتە کە قورئانە، بەشێک لە هاولاتیان بە دوژمنی خوا و پێغەمبەر و موسڵمانان بزانێت؟! مرۆڤ ڕەنگە بە حوکمی سۆز و پەیوەندی خوێن کەمێک ڕێز لە دایک وباوکی کافری خۆی دەگرێت، ئەوەش مسۆگەر نییە، چونکە حالەتی زۆرمان هەیە، منالی موسڵمان باوک ودایک وبرا وخوشکی خۆی کوشتوە لەسەر بەبێ باوەڕی، چۆن موسڵمان دەتوانێ ڕێز لە هاولاتی بوونی جولەکە بگرێ بەو هەموو تەعبیئە و هەڵمەتەی قورئانەوە لە دژیان؟!

# پێغەمبەر پێویستی بە ئیمان و سامانی جووەکان بوو!

سەرەڕای ئەو هەموو سیفاتە خراپ ودزێوەی قورئان دایە پاڵ جووەکان، سیرە یان ژیاننامەی پێغەمبەریش پڕیەتی لەو تێڕوانینە نێگەتیڤانە.

هێشتا جووەکان فزەیان نەکردبوو، هیچ پیلانێک نەبوو لە گۆڕێ، کاتێ هەوڵەکانی محمد بۆ باوەڕهێنانیان بە پەیامەکەی شکستی هێنا، تەنها پیلانیان ئەوە بوو کە جووەکان باوەڕیان بە پەیامی نەکرد. پێغەمبەریش پێویستی بە باوەڕهێنانی ئەوان بوو، چونکە خاوەن کتێب بوون، عەرەب زۆر باوەڕیان بە جوولەکە دەهات، چونکە هەر کۆی پێغەمبەرایەتی داهێنانێکی جوولەکان بوو!

هۆکارێکی تریش هەبوو کە پێغەمبەر حەزی بە باوەڕهێنانی جوولەکە بوو، ئەو پارە وپولەی دەستیان بوو، چونکە جوولەکە وەک هەمیشە دەوڵەمەند بوون، دەیانزانی چۆن پارە پەیدا دەکەن، زۆربەی عەرەبی مەدینە لای ئەوان کاریان دەکرد!

کە جوولەکە باوەڕیان پێ نەهێنا، تا دەهات پێغەمبەر هێزی زیاتر پەیدا دەکرد و بە ئاشکرا ونەهێنی هەڕەشەی دروست دەکرد لەسەر جووەکان. کە لە بەدر سەرکەوت، لەگەل هاتنەوەی چووە لای جوولەکەی بەنو قەینوقاع هەڕەشەی لێکردن وەک ابن اسحاق لە سیرەدا باسی دەکات دەڵێ پاش سەرکەوتنی لە بەدر پێغەمبەر چووە لای بەنی قەینوقاع لە بازاڕدا کۆیانی کردەوە، گووتی: ئەو گەلی جوولەکە، لە خوا بترسن ئەوەی بەسەر قوڕەیشی هێنا بەسەر ئێوەشی بهێنێ، موسڵمان بن، چونکە ئێوە دەزانن من پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوم، لە کتێبەکەتان و پەیمانی خوا بۆ ئێوە نووسراوە. گووتیان: ئەی محمد تۆ وادەزانی وەک قەومی تۆین، بەوە مەخەڵەتێ ڕووبەڕووی قەومێکی نەشارەزا لە جەنگ

بوویەوە، بە ئاسانی سەریانکەوتی، بەخودا ئەگەر ئێمە ئەگەر رووبەڕووت بینەوە دەزانیت ئێمە ئەهلی جەنگین.

وقد كان فيما بين ذلك ، من غزو رسول الله صلى الله عليه وسلم أمر بني قينقاع ، وكان من حديث بني قينقاع أن رسول الله صلى الله عليه وسلم جمعهم بسوق ) بني ) قينقاع ، ثم قال : يا معشر يهود ، احذروا من الله مثل ما نزل بقريش من النقمة وأسلموا ، فإنكم قد عرفتم أني نبي مرسل ، تجدون ذلك في كتابكم وعهد الله إليكم ، قالوا : يامحمد ، إنك ترى أنا قومك لا يغرنك أنك لقيت قوما لا علم لهم بالحرب ، فأصبت منهم فرصة ، إنا والله لئن حاربناك لتعلمن أنا نحن الناس..[19]

مرۆڤ کە سەرکەوتوو دەبێت لە جەنگێکەوە، خەڵکانێک کە کەمایەتی بن لە وڵاتی سەرکەوتوو، لە خۆیان دەترسن، لەجیاتی هێور بکرێنەوە، کۆدەکرێنەوە لە بازاڕ و هەڕەشەیان لێدەکرێت کە خوا وەک قوڕەیشیان بەسەر بهێنێ! ئەوە چۆن دەوڵەتێکی مەدەنییە؟! جووەکانی بەنی قەینوقاعیش لە ترسی ئەو هەڕەشەیە گووتیان: ئەی محمد تۆ وادەزانی وەک قەومی تۆین، بەوە مەخەڵەتێ ڕووبەڕووی قەومێکی نەشارەزا لە جەنگ بوویەوە، بە ئاسانی سەریانکەوتی، بەخودا ئەگەر ئێمە ئەگەر رووبەڕووت بینەوە دەزانیت ئێمە ئەهلی جەنگین.

هەتا چیرۆکی لەناوبردنیان هەتا ڕووداوەکەش ڕاست بێت، کارەساتە! دەڵێن ژنێکی موسڵمان چۆتە بازاڕی جووەکان، یەک دوو سەرسەری گێچەڵی سێکسیان پێکردووە، ژنەکە هاواری کردوە، موسڵمانەکان جوولەکەیەکیان کوشتوە،

---

[19] السيرة النبوية لابن اسحاق، ل٣٢٣ . حققه احمد فريد المزيدي، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى ٢٠٠٤، بيروت لبنان.

**کەسوکاری جوولەکەکانیش موسڵمانەکەیان کوشتۆتەوە.[٢٠] لەو حالەتەدا دەبوایە سزای ئەو یەک دوو کەسەی جوولەکەکان بدارابایە، نەک یەک سوپا هێرش بکاتە سەر تەواوی بەنی قەینوقاع، ئەگەر عەبدوڵلای کوڕی سەلول نەبا، کەپێی دەڵێن سەرداری مونافیقان، گشتیان کەللەپاچە دەکران وەک بەنی قورەیزە، یەخەی پێغەمبەری گرت و گووتی چاکەکار بە لەگەڵ ئەو دۆست و هاوپەیمانانەم، پێغەمبەر دووسێ جار ویستی وەڵامی نەداتەوە، بەڵام لەبەر پایەی عبدالله ی کوڕی سەلول کە هێشتا خەڵکانێکی زۆری لەگەڵ بوو، کە عەبدوڵلا دەستی خستە ناو گیرفانی کراسەکەی ونەیهێشت بڕوا، پێغەمبەر تووڕە بوو گووتی بەرم دە، گووتی بەخوا بەرت نادەم دەتەوێ لەیەک نیوەڕۆدا چوارسەد پیاوی بێ قەڵغان و چەک، وسێسەد چەکدار و قەڵغاندار بکوژیت، کە ئەوان هەمیشە بەرگریان لێکردووم؟! پێغەمبەر ناچاربوو گووتی: باشە باوابێ واتە نایانکوژم.[٢١] بەڵام دەریشکران ومال و موڵک وسامانیان هەمووی دەستی بەسەردا گیرا. ئەوە چۆن دەوڵەتێکی مەدەنییە، هەموو هاوڵاتیانی قەبیلەیەک سزا بدەیت بەکاری یەک دوو سەرسەری؟!**

---

[٢٠] قال ابن هشام: وذكر عبدالله بن جعفر بن المسور بن مخرمة، عن أبي عون قال: كان من أمر «بني قينقاع» أن امرأة من العرب قدمت بجلب لها، فباعته بسوق «بني قينقاع»، وجلست إلى صائغ بها، فجعلوا يريدونها على كشف وجهها، فأبت، فعمد الصائغ إلى طرف ثوبها فعقده إلى ظهرها، فلما قامت انكشفت سوأتها، فضحكوا بها، فصاحت. فوثب رجل من المسلمين على الصائغ فقتله، وكان يهوديا، فشد اليهود على المسلم فقتلوه، فاستصرخ أهل المسلم المسلمين على اليهود، فغضب المسلمون، فوقع الشر بينهم وبين «بني قينقاع .«

[٢١] قال ابن إسحاق: وحدثني عاصم بن عمر بن قتادة، قال: فحاصرهم رسول الله صلى الله عليه وسلم حتى نزلوا على حكمه، فقام إليه عبدالله بن أبي ابن سلول حين أمكنه الله منهم، فقال: يا محمد، أحسن في موالي، وكانوا حلفاء الخزرج، قال: فأبطأ عليه رسول الله صلى الله عليه وسلم، فقال: يا محمد أحسن في موالي قال: فأعرض عنه. فأدخل يده في جيب درع رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال له رسول الله صلى الله عليه وسلم: «أرسلني«، وغضب رسول الله صلى الله عليه وسلم حتى رأوا لوجهه ظللا، ثم قال: «ويحك أرسلني»، قال: لا - والله - لا أرسلك حتى تحسن في موالي، أربع مائة حاسر وثلاثمائة دارع قد منعوني من الأحمر والأسود، تحصدهم في غداة واحدة، إني –والله- امرؤ أخشى الدوائر، قال: فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: (هم لك .(

**یان لە غەزوەی بەنی نەزیرِ نضیر لە ساڵی ٤ کۆچی پاش شەڕی ئوحد، هەندێ دەڵێن پێش ئوحد، کە پێغەمبەر دەچێتە واری بنو نضیر بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وکۆکردنەوەی خوێنبایی دوو کەس لە بنی عامر کە کوژرابوون بە هەڵە، لەناکاو پێغەمبەر وەک ابن اسحاق دەگێڕێتەوە هەواڵی ئاسمانی بۆ دێ کە جوولەکەکان دەیانەوێ بیکوژن، بە هەڵدانی گاشە بەردێک لە سەربانی ماڵێکەوە![22] سەیر لەوەدایە ڕیوایەتەکان هەمووی باسی گفتوگۆکانی نێوان جووەکانیش دەکەن، کە چۆن پیلانیان داڕێژتووە بۆ کۆشتنی پیغەمبەر، هەتا ناوی ئەو کەسەش [عمرو بن جحاش] دەهێنن کە ویستویەتی گاشە بەردەکە هەڵداتە سەر پێغەمبەر! باشە ئەو هەموو تەفاسیلە لە کوێ هات؟!**

**هەتا ئەگەر ئەو تۆمەتەش ڕاست بێت، ویستبیان پێغەمبەر بکوژن، چۆن هەواڵێکی ئاسمان، کە جوولەکەکان هەر باوەڕیان بەوە نەبوو کە محمد لە ئاسمانەوە هەواڵی بۆ دێت، دەبیتە بەڵگە بۆ ئەو ڕاگوێزان و مولک وماڵ داگیرکردنە؟! بۆچی هەرلەوێ دوو کەسی لە هاوەڵانی خۆی نەدەناردە سەربانەکە**

[22] قال ابن إسحاق: ثم خرج رسول الله صلى الله عليه وسلم إلى بني النضير يستعينهم في دية ذينك القتيلين من بني عامر اللذين قتلهما عمرو بن أمية للعهد الذي كان صلى الله عليه وسلم أعطاهما، وكان بين بني النضير وبين بني عامر عهد وحلف، فلما أتاهم صلى الله عليه وسلم قالوا: نعم يا أبا القاسم نعينك على ما أحببت. ثم خلا بعضهم ببعض فقالوا: إنكم لن تجدوا الرجل على مثل حاله هذه -ورسول الله صلى الله عليه وسلم إلى جنب جدارٍ من بيوتهم قاعد - فمن رجل يعلو على هذا البيت فيلقي عليه صخرة ويريحنا منه ؟ فانتدب لذلك عمرو بن جحاش بن كعب، فقال: أنا لذلك، فصعد ليلقي عليه صخرة كما قال، ورسول الله صلى الله عليه وسلم في نفر من أصحابه، فيهم: أبو بكر، وعمر، وعلي. فأتى رسول الله الخبر من السماء بما أراد القوم، فقام وخرج راجعاً إلى المدينة، فلما استلبث النبي صلى الله عليه وسلم أصحابه، قاموا في طلبه فلقوا رجلاً مقبلاً من المدينة فسألوه عنه، فقال: رأيته داخلاً المدينة، فأقبل أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم حتى انتهوا إليه، فأخبرهم الخبر بما كانت يهود أرادت من الغدر به.

السيرة النبوية لابن اسحاق، ل٣٨٢-٣٨٦ . حققه احمد فريد المزيدي، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية، الطبعة الاولى ٢٠٠٤، بيروت لبنان.

بۆ گرتنی پیاوەکەی کە دەیویست بیکوژێت، تا ببێتە بەڵگەیەکی مادی ڕاشکاو؟! لەجیاتی ئەوە بە خێرایی واری بەنی نەزیری جێهێشت و بە سوپایەوە گەڕایەوە بۆ سەریان، هەمویانی دەرکرد هەر کەسەی هەقی باری حوشترێکی هەبوو لەگەڵ خۆیدا بەریَ، لە هەمووی سەیرتر غەنیمەتی بەنو نەزیر هەمووی بۆ خودی پێغەمبەر بوو وەک غەنیمەکانیتر پێنج یەکی بۆخۆی نەبرد وەک ابن الجوزي دەڵێت لە "**المنتظم في تاريخ الملوک والأمم**"! ئەوەش دەیسەلمێنیَ کە شەڕی جوولەکەکان زیاتر بیانوو بوو بۆ دەستگرتن بەسەر ماڵ وموڵکیان. جا سەیرە پێغەمبەر بەو هەموو سەروەت وسامانەی جوولەکە و غەیری جوولەکەشەوە، لە نێو یەکیَ لەو درۆیە هەڵبەستراوانە هاتوون دەڵێن پێغەمبەر کە مرد قەڵغانەکەی بارمتە کردبوو لای جوولەکەیەک لە بری برێک جۆ!

لە شەڕی بەنی قورەیزەش لە پێنجی کۆچیدا خاتیرەیەک، کە بە زهنی من و هەزاران خەڵکیتریش بۆی هەیە تێپەڕیبێت، باسی عەفوعامی قورەیش لە فەتحی مەکەدا لە ٨ی کۆچی، کە سەرەڕای شەڕی چەندین ساڵەیان لەدژی پێغەمبەر، بە دۆڕاویش کەوتنە ژێر دەستی، کەچی هەموویانی عەفوو کرد، وگووتی: بڕۆن ئازادن گەردنتان ئازا بێت! یانی ڕزگاریان بوو لە کوشتن و کۆیلەبوون و بە تالان و غەنیمە بردنی موڵک وسامانیان! ئینجا موشریکیش بوون واتە پلەیەک نزمتر بوون لە ئەهلی کیتاب بەپێی تێڕوانینی دینی.

کەچی لە ساڵی ٥ ی کۆچی، هەر سێ ساڵ پێش ئەو عەفواتە، چەند کەسێک لە بەنی قورەیزە لەسەر نیەتی پیلانگێڕی چەند سەرکردەیەکیان، سەرەڕای ئایەتی " و لا تزر وازرة وزر أخرى-".... گوناهی کەس بە کۆڵی یەکێکیتر هەڵمەگرن... تێکڕایان کوژران و کەللەپاچە کران!

یانی بەنی قورەیزە ویستیان پیلانگێڕیەک بکەن، کە ڕووشی نەدا، لەگەڵ قورەیش، کەچی بەنی قورەیزە قەڵاچۆ کران، بەڵام قورەیش پاش ئەنجامدانی

چەندین شەڕی گەورە و دەیان پیلانگێڕی، عافوات گرتینیەوە و بەخشینی گشتیان بۆ دەرکرا!

یانی ئەو قوڕەیشەی بەرەوڕووی موسڵمانان بوەوە لە چەندین شەڕدا، و گەمارۆی توندی دان لە سەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلامیدا و دواییش لە گەمارۆی خەندەقدا، چل گەنجی دەستنیشان کرد بۆ کوشتنی پێغەمبەر شەوی هیجرەت، دەیان موسڵمانیان کوشت و ئەشکەنجەدا، کەچی لە فەتحی مەکەدا پێیان گوترا اخ کریم و ابن اخ کریم و پێیانی گووت: بڕۆن ئازادن گەردنتان ئازا بێت!

کەچی چەند سەرکردەیەک لە بەنی قوڕەیزە ویستیان هاوپەیمانیەک بکەن لەگەڵ قوڕەیش، سزایان کوشتنی بە کۆمەڵ بووا!"

سەرەڕای ئەو داستانە خوێناویانە، عەبدولڕەحمان سدیق وکەسانیتر باسی دەوڵەتی دیموکراتی و مەدەنی ئیسلام دەکەن، هەر خودی بەراوردەکە هەڵەیە، چونکە ناکرێ تۆ بە پێوەری دیموکراتیەت ومەدەنیەتی سەدەی بیست ویەک، ئەزموونی دینی مەدینە بپێویت، چونکە کە دەچیتە ناو تەفاسیڵەوە، دەزانی چۆن ئەو ڕیزلێگرتن و پاراستنی گیان و موڵکی جووەکان ماوەیەکی کورت بوو لەسەرەتای هیجرەت، ڕەنگە چەند مانگێکیشی نەخایاندبێ وەک بینیمان سەحیفەی مەدینە لە مانگی پێنجەمیساڵی یەکەمی کۆچی نووسرا، هەڵگری هەموو گومان ونیگەرانییەکانی پێغەمبەرە لە جوولەکەکان.

# بۆ جزیەیان لە جوولەکە وەرنەگرت؟!

عەبدولڕەحمان سدیق لە ڤیدیۆیەکیتردا لە باسی جزیە وەرگرتندا دەلێ: بۆ لە وەسیقەی مەدینە، کە شانازی پێدەکەین، پێغەمبەر باسی وەرگرتنی جزیەی لە یهود نەکردوە؟ چونکە پێغەمبەر دەزانێ ئەو کارە هەڵەیە، چۆن جزیە لە هاولاتیانی خۆی وەردەگرێت؟![23]

دەڵێ جزیە بە هەڵە فەقیهەکانی سەردەمی عەباسی وئومەوی سەپاندویانە بەسەر تاکی ناموسڵمان لەناو دەوڵەتی ئیسلامدا! هەروەها دەڵێ ئەو جزیەیە تەنها لە نێوان وڵاتاندایە.

عەبدولڕەحمان سدیق وادەزانێ قورئان لە یەک شەودا هەمووی هاتۆتە خوارەوە! جزیە دوایی فەرزکرا، هێشتا دەوڵەتەکەی مەدینە هێندە پتەو و سەقامگیر نەبوو، جزیە وسەرانە لە خەڵک وەرگرێت، بۆیە لە سەحیفە یان پەڕاوی مەدینە ئەو بابەتە بوونی نییە. بەر لە هاتنی قۆناغی جزیە، پیغەمبەر زۆر زیاتر لە جزیەی لە جوولەکە وەرگرت، هەموو موڵک وسامانی لێ وەرگرتن، بەشێکی لێ کوشتن و بە کۆیلەکردن وەک ئەوەی بەنی قوڕەیزە، یان وەک بەنی قەینوقاع وبەنی نەزیر، شاربەدەری کردن و دەستیشی بەسەر مال ومولکیان داگرت.

ئینجا سەیر لەوەدایە عەبدولڕەحمان سدیق لە سەرەتادا دەڵێت جزیە تەنها لە نێوان دەوڵەتی ئیسلام و دەوڵەتەکانیتر بووە، نەک لە تاکەکانی ناو وڵاتی موسڵمانان سەندرابێ، دوایی بابەتەکە بە تەواوی دەگۆڕێت لە جزیەوە بۆ

[23] https://www.youtube.com/watch?v=٢FPsbevxQcE&t=٥٠٠s

**قەرەبووی جەنگ، بە زۆر دەیەوێ بڵێ جزیە  بە مانای قەرەبووی دوژمنکاری هاتوە باسی نمونەی ئەڵمانیا و عێراق و کویت دەکات! کە چۆن ئەڵمانیا و عێراق ملیارەها دۆلار قەرەبوویان دایەوە بەو وڵاتانەی هێرشیان کردبوە سەر!**

**بەڵام ئایەتەکەی جزیە ۲۹ی سورەتی التوبة زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: (ئەی ئیمانداران) دژی ئەوانەی کە باوەڕی بەخواو بەرۆژی قیامەت نیە و ئەو شتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن و پەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە کتێبیان پێدراوە لە (گاورو جوو) بجەنگن، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری و ملکەچی[۲٤] باج یان سەرانە دەدەن بە زەلیلی[۲٥].**

﴿ قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾

---

[۲٤] قال الواحدي وأما قوله: {وهم صاغرون} فالمعنى أن الجزية تؤخذ منهم على الصغار والذل والهوان بأن يأتي بها بنفسه ماشيا غير راكب، ويسلمها وهو قائم والمتسلم جالس. ويؤخذ بلحيته، فيقال له: أد الجزية وإن كان يؤديها ويزج في قفاه، فهذا معنى الصغار. وقيل :معنى الصغار هاهنا هو نفس إعطاء الجزية، وللفقهاء أحكام كثيرة من توابع الذل والصغار مذكورة في كتب الفقه. تفسير الرازي، سورة التوبة، الآية ۲۹ نسخة محفوظة ۰۸ مارس ۲۰۱٦ على موقع واي باك مشين.

[۲٥] وقد جاء في تفسير البغوي بخصوص الآية المذكورة بالأعلى :

قال الله تعالى: {قاتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر} فإن قيل: أهل الكتاب يؤمنون بالله واليوم الآخر؟ قيل: لا يؤمنون كإيمان المؤمنين، فإنهم إذا قالوا عزير ابن الله والمسيح ابن الله، لا يكون ذلك إيمانا بالله. {ولا يحرمون ما حرم الله ورسوله ولا يدينون دين الحق} أي: لا يدينون الدين الحق، أضاف الاسم إلى الصفة. وقال قتادة: الحق هو الله، أي: لا يدينون دين الله، ودينه الإسلام .وقال أبو عبيدة: معناه ولا يطيعون الله تعالى طاعة أهل الحق. {من الذين أوتوا الكتاب} يعني: اليهود والنصارى. {حتى يعطوا الجزية} وهي الخراج المضروب على رقابهم، {عن يد} عن قهر وذل. قال أبو عبيدة: يقال لكل من أعطى شيئا كرها من غير طيب نفس: أعطاه عن يد. وقال ابن عباس: يعطونها بأيديهم ولا يرسلون بها على يد غيرهم. وقيل: عن يد أي: عن نقد لا نسيئة. وقيل: عن إقرار بإنعام المسلمين عليهم بقبول الجزية منهم، {وهم صاغرون} أذلاء مقهورون. قال عكرمة: يعطون الجزية عن قيام، والقابض جالس. وعن ابن عباس قال: تؤخذ منه ويوطأ عنقه .

وقال الكلبي: إذا أعطى صفع في قفاه .وقيل: يؤخذ بلحيته ويضرب في لهزمتيه .وقيل: يلبب ويجر إلى موضع الإعطاء بعنف . وقيل: إعطاؤه إياها هو الصغار.

قورتبی موفەسیر ڕایەکی ماقول دەخاتە ڕوو لەبارەی ئەوەی جزیە لە کێ وەردەگیرێت، ودەڵێ: "زانایانمان دەڵێن ئاماژەکانی قورئان دەڵێن جزیە لە جەنگاوەرەکان وەردەگیرێت، ئەوەش کۆ دەنگییە کە جزیە لەسەر کەللە سەری پیاوانی باڵق بووی ئازاد دادەنرێت، ئەوانەی لەسەر ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و شێت و کۆیلەکان دەجەنگێن."

"قال علماؤنا: الذي دل عليه القرآن أن الجزية تؤخذ من المقاتلين، وهذا إجماع من العلماء على أن الجزية إنما توضع على جماجم الرجال الأحرار البالغين، وهم الذين يقاتلون دون النساء والذرية والعبيد والمجانين المغلوبين على عقولهم والشيخ الفاني"

بەڵام هەر قورتبیش لە تەفسیری ئەو ئایەتە ئاماژە بە سەپاندنی جزیە دەکات لەلایەن پێغەمبەرەوە بەسەر تێکڕای خەڵکی بەحرەین و یەمەن. کە پارچەیەکیش بوون لە جەزیرەی عەرەبی!

بەداخەوە زۆربەی ڕاکانی تری زانا وموفەسیرەکان بەپێچەوانەی ڕاکەی قورتبین، جزیە دەسەپێنە تاک بە تاک و نێر ومێی ئەهلی کیتاب، دەتوانین لەو بارەیەوە هەزاران نمونە بهێنینەوە.

ئەگەر جزیە وەک قەرەبووی جەنگ بێ، دەبوایە تا ڕۆژی قیامەت داوای قەرەبوو لە موسڵمانان کرابایە، چونکە لە ژێر دروشمی فتوحاتی دینیدا هێرشی کردە سەر زۆربەی جیهانی ئاوەدانی ئەو کاتە، سەرەڕای هێرشیش جزیەشی بەسەر سەپاندن.

ئایا پێغەمبەر قەڵغانی بارمتەکردبوو لای جولەکەیەک؟!

ئینجا بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی زیاتری ئەو سەحیفەی مەدینەیە عەبدولڕەحمان سدیق دەڵێت، هەر بۆ ئەوەی پیغەمبەر جەخت لەسەر ئەو یەکسانی و هاوبەشیەی لە شەڕ وئاشتی لەگەڵ جوولەکەکان بکاتەوە، وەک دەستپێکی بنەمای هاوڵاتیبوون لە ئیسلامدا، مامەڵەی ئاوا کردووە کە جوولەکەیەکیش هاوڵاتی دەوڵەتەکەی ئەوە، بۆیە دەبینی [ پێغەمبەر کاتێ وەفاتی کردوە زرێپۆشەکەی بارمتە بوو لای جوولەکەیەک بەرامبەر بڕێک لە جۆ!] توفي رسول الله صلى الله عليه وسلم ودرعه مرهونة عند يهودي بثلاثين صاعاً من شعير. رواه البخاري.

باشە پێغەمبەرێک دەست بەسەر ئەو هەموو موڵک وسامانەی جووەکان دابگرێت، پێنج یەکی دەستکەوتی غەنیمەکان هەمیشە بۆ خۆی وخوا بێت، بۆچی دەبێ پێویستی بە قەرزوەرگرتن بێت بە ڕەهنکردنی قەڵغانی بەرامبەر چیش، بڕەک جۆ!؟

دوایێ کوا جوولەکە لە مەدینە مابوون تا پێغەمبەر قەرزیان لێبکات؟! ئەگەر ماشبن بۆ قەرز لەو هەموو دەوڵەمەندانەی سەحابە ناکات، بۆ لە جوولەکەیەکی دەکات، بۆ بڕە جۆیەک قەڵغانی خۆی لا دەکاتە بارمتە؟!

ئەو سەحیفەیەی مەدینە پڕی کێشەیە، دیارە لە هەل ومەرجێکی پڕ گومان و نیگەرانی نووسراوەتەوە، باڵادەستی تیایدا بۆ پێغەمبەرە، ئەوانیتر دەبێت هەمووی شوێنکەوتەی ئەو بن، هەر لە سەحیفەکەدا هاتووە: نابێ ئیماندار ئیمانداری تر بکوژێ لەسەر کافرێک! **ولا يقتل مؤمن مؤمناً في كافر ولا ينصر كافراً على مؤمن. یانی ئەگەر لەناو ئەوانەی پەیڕەو لەو بەناو دەستوورە دەکەن، موسڵمانێک کافرێکی کوشت، جا کافرێکی جوو بێت یان عەرەبی بێت هێشتا باوەڕی نەهێنا بێت بە ئیسلام – ئەوانە چینێک بوون لە سەرەتای هاتن**

**وکۆچکردنی پێغەمبەر بۆ یەثریب یان مەدینە هەبوون، لەگەڵ جوو و مەسیحییەکان جۆرێک لە فرەڕەنگیان بە کۆمەڵگای مەدینە دەدا، دوایی وردە وردە پاکتاوکران، کۆمەڵگا گۆڕا بۆ یەک ڕەنگی- ئەو بکوژە موسڵمانە ناکوژرێتەوە لەبەر خاتری کوشتنی کافرێک، چونکە خوێنی کافر بێ نرخترە.**

**ئینجا ئەو سەحیفەیە هەر لە ژیانی خودی پێغەمبەر هیچ کاریگەریەکی نەبوو، هەر زوو بە زوو جوولەکەی هەموو پاکتاو کرد، ئەو کەمە بێباوەڕە عەرەبە وئەوانەی پێیان دەگووتن مونافیق و دووڕوو، هەر زوو بڵاوەی پێکردن ئیتر هەمووی بووە یەک ڕەنگ وفرەیی نەمایەوە تا سەحیفەکە یان دەستوورەکە کاری خۆی بکات. ئینجا ئەو باقی جوولەکەیەی ماشبوون لە دووری مەدینە، عومەری کوڕی خەتاب دەریکردن، بە بیانووی حەدیسێک کە دەڵێ نابێ دوو دین کۆ ببێتەوە لە جەزیرەی عەرەب، یان حەدیسی موشریک و جوولەکە وەدەرنێن لە دوورگەی عەرەبی!**

**ئەوە کۆی سەرنجەکانی من بوو دەربارەی دەوڵەتە مەدەنیەکەی عەبدولڕەحمان سدیق و سەحیفەی مەدینە، کە تاچ ڕادەیەک بەرگەی ئەو بانگەشە گەوارانەی دەستووریەت و دیموکراتی و فرەیی وهاولاتیبوون دەگرێ.**[26]

---

[26] ئەوە تەواوی سەحیفەی مەدینەیە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**هذا كتاب من محمد النبي (رسول الله) بين المؤمنين والمسلمين من قريش وأهل يثرب ومن اتبعهم فلحق بهم وجاهد معهم.**
**إنهم أمة واحدة من دون الناس.**
**المهاجرون من قريش على ربعتهم يتعاقلون بينهم وهم يفدون عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو عوف على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو الحارس (من الخزرج) على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو سعادة على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو جشم على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو النجار على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**
**وبنو عمرو بن عوف على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.**

وبنو النبيت على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.
وبني الأوس على ربعتهم يتعاقلون معاقلهم الأولى، وكل طائفة تفدى عانيها بالمعروف والقسط بين المؤمنين.
وأن المؤمنين لا يتركون مفرحاً بينهم أن يعطوه بالمعروف في فداء أو عقل.
وأن لا يخالف مؤمن مولى مؤمن دونه.
وأن المؤمنين المتقين أيديهم على كل من بغى منهم أو ابتغى دسيعة ظلم أو إثماً أو عدواناً أو فساداً بين المؤمنين، وأن أيديهم عليه جميعاً ولو كان ولد أحدهم.
ولا يقتل مؤمن مؤمناً في كافر ولا ينصر كافراً على مؤمن.
وأن ذمة الله واحدة يجير عليهم أدناهم، وأن المؤمنين بعضهم موالي بعض دون الناس.
وأنه من تبعنا من يهود فإن له النصر والأسوة غير مظلومين ولا متناصر عليهم.
وأن سلم المؤمنين واحدة لا يسالم مؤمن دون مؤمن في قتال في سبيل الله إلا على سواء وعدل بينهم.
وأن كل غازية غزت معنا يعقب بعضهم بعضاً.
وأن المؤمنين يبئ بعضهم عن بعض بما نال دماؤهم في سبيل الله.
وأن المؤمنين المتقين على أحسن هدى وأقومه.
وأنه لا يجير مشرك مالاً لقريش ولا نفساً ولا يحول دونه على مؤمن.
وأنه من اعتبط مؤمناً قتلاًَ عن بينة فإنه قود به إلا أن يرضى ولى المقتول )بالعقل(، وأن المؤمنين عليه كافة لا يحل لهم إلا قيام عليه.
وأنه لا يحل لمؤمن أقر بما في هذه الصحيفة وآمن بالله واليوم الآخر أن ينصر محدثاً أو يؤويه، وأنه من نصره أو أراه فإن عليه لعنة الله وغضبه يوم القيامة ولا يؤخذ منه صرف ولا عدل.
وأنكم مهما اختلفتم فيه من شئ فإن مرده إلى الله وإلى محمد.
* * *
وأن اليهود ينفقون مع المؤمنين ما داموا محاربين.
وأن يهود بني عوف أمة مع المؤمنين لليهود دينهم وللمسلمين دينهم مواليهم وأنفسهم إلا من ظلم أو أثم فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.
وأن ليهود بني النجار مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بن الحارث مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني ساعدة مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني جشم مثل ما ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني الأوس مثل ليهود بني عوف.
وأن ليهود بني ثعلبة مثل ما ليهود بني عوف إلا من ظلم وأثم فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.
وأن جفته بطن من ثعلبة كأنفسهم.
وأن لبنى الشطبية مثل ما ليهود بني عوف وأن البر دون الإثم.
وأن موالى ثعلبة كأنفسهم.
وأن بطانة يهود كأنفسهم.
وأنه لا يخرج منهم أحد إلا بإذن محمد.
وأنه لا ينحجز على ثأر جرح، وأنه من فتك فبنفسه وأهل بيته إلا من ظلم وأن الله على أبر هذا.
وأن على اليهود نفقتهم وعلى المسلمين نفقتهم، وأن بينهم النصر على من حارب أهل هذه الصحيفة، وأن بينهم النصح والنصيحة والبر دون الإثم.
وأنه لا يأثم أمره بحليفه وأن النصر للمظلوم.
وأن اليهود ينفقون مع المؤمنين ما داموا محاربين.
وأن يثرب حرام جوفها لأهل هذه الصحيفة.
وأن الجار كالنفس غير مضار ولا آثم.
وأن لا تجار حرمة إلا بإذن أهلها.
وأنه ما كان بين أهل هذه الصحيفة من حدث أو اشتجار يخاف فساده فإن مرده إلى الله وإلى محمد رسول الله (صلى الله عليه وسلم)، وأن الله على أتقى ما في هذه الصحيفة وأبره.

وأن لا تجار قريش ولا من نصرها.
وأن بينهم النصر على من دهم يثرب.

وإذا دعوا إلى صلح يصالحونه ويلبسونه فإنهم يصالحونه ويلبسونه، وأنهم إذا دعوا إلى مثل ذلك فإنه لهم على المؤمنين إلا من حارب في الدين.
على كل أناس حصتهم من جانبهم الذي قبلهم.
وأن يهود الأوس مواليهم وأنفسهم لأهل هذه الصحيفة مع البر المحض من أهل هذه الصحيفة، وأن البر دون الإثم لا يكسب كاسب إلا على نفسه وأن الله على أصدق ما في هذه الصحيفة وأبره.
وأنه لا يحول هذا الكتاب دون ظالم أو آثم، وأنه من خرج آمن ومن قعد آمن بالمدينة إلا من ظلم أو آثم، وأن الله جار لمن بر واتقى، ومحمد رسول الله صلى الله عليه وسلم.

# ناوەڕۆک


| ژمارەی لاپەڕە | بابـەتــەکان | |
|---|---|---|
| ٣ | **دەروازەیەک بۆ ڕیفۆرمی ئیسلامی** | |
| ٧ | ئامادەیی کورد بۆ ڕیفۆرمخوازی | |
| ٨ | **بۆ خەڵکانێک پێشوازی لەو وتارانە دەکەن؟!** | |
| ١١ | ئایا مەرجە تەنها پێغەمبەر لە ژیاندا بێت تا نەسخ ڕوودات؟! | |
| ١٤ | ڕیفۆرمی عەبدولڕەحمان سدیق | |
| ١٧ | ڕیفۆرم یان ئاسنی سارد کوتان! | |
| ١٩ | پێنج ملیۆن عەبدولڕەحمان سدیق زیانی توندڕەوێکی تیرۆرستی نییە! | |
| ٢١ | تەکفیرکردنی داعشیانەی عەبدولڕەحمان سدیق! | |
| ٢٣ | **بەشی یەکەم**<br>**مەنهەجیەتی عەبدولڕەحمان سدیق**<br>**لە تێگەیشتن لە ئیسلام و جێبەجێکردنی** | |
| | **بەشی ١** | |
| ٢٣ | **مەنهەجی پینە وپەڕۆکردنی عەبدولڕەحمان سدیق** | |
| ٢٥ | **عەبدولڕەحمان سدیق و شەحرور** | |
| ٣٢ | **نمونەیەک لە جێبەجێکردنی ئەو مەنهەجە** | |
| ٣٢ | **حۆریەکانی عەبدولڕەحمان سدیق!** | |
| | **بەشی ٢** | |
| ٣٦ | **ئێستاش نۆرەی نکوڵی کردنە لە حۆریەکان!** | |
| ٤٠ | **کواعـب اترابـا لـەو حـۆریە جوانــانە بـوویتە ژووری چوارگۆشــەی هەڵواسراو!** | |
| ٤٢ | **وشە گۆڕکێ!** | |
| | **بەشی ٣** | |
| ٤٣ | **تەفسیری پیاوانەی قورئان!** | |
| ٤٥ | **قورئان دینە، خۆ جاڕنامەی مافی مرۆڤ نییە!** | |
| ٤٧ | **مافەکانی مرۆڤ لە دنیا و ئاخیرەتدا!** | |
| | **بەشی ٤** | |
| ٥٠ | **ئافرەتیش بۆ پیاو دروستکراوە، نەک هەر حۆری!** | |
| | **بەشی ٥** | |
| ٥٦ | **بۆچی ئەو ئایەتانەی باسی مێی تێدا کراوە حۆری تێدا نییە؟!** | |

| | | |
|---|---|---|
| | بەشی دووەم | ٦١ |
| | عەبدولڕەحمان سدیق و عەلمانیەت و گەندەڵی | |
| | عەبدولڵڕەحمان سدیق و گەندەڵی کوردی | ٦١ |
| | عەبدولڕەحمان سدیق سوپەر میانڕەو حوکمی دینی دەوێت! | ٦٣ |
| | عەبدولڵڕەحمان سدیق سێکیولاریزمیشی قبوڵ نییە! | ٦٧ |
| | بەشی سێیەم | ٦٩ |
| | دەوڵەتە مەدەنیەکەی عەبدولڕەحمان سدیق | ٦٩ |
| | مەبەستی عەبدولڕەحمان سدیق لە دەوڵەتی مەدەنی چییە؟ | ٧١ |
| | هەڵسەنگاندنێک بۆ تێگەیشتنی عەبدولڕەحمان سدیق لە دەستووری مەدینە | ٧٣ |
| | هەڵسەنگاندنێکی مەدەنیانە بۆ پەڕاوی مەدینەیی | ٧٥ |
| | دەستووری مەدینە | ٧٨ |
| | ئیسلام پێش مارکس دینی پێ تلیاکی گەلان بووە! | ٨٢ |
| | دەوڵەتی پێغەمبەر مەدەنی بوو جێگای جوولەکەی لێ بووبووەوە! | ٨٨ |
| | پێغەمبەر پێویستی بە ئیمان و سامانی جووەکان بوو! | ٩٣ |

# تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان:

## ژمارەی دۆسێکان:

ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا ( ١ )

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا! جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! ( ٢ )

ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی ( ٣ )

پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک ( ٤ )

ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب ( ٥ )

ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا ( ٦ )

فەرهاد پیرباڵ: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! ( ٧ )

کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! ( ٨ )

خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت (٩)

عەبدلواحید خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی ( ١٠ )

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&lng=١

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان .. وەرگێڕان.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی ادا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- چەند باسێکی ئیسلامی سیاسی و کلتوری لە چەند دیمانەیەکدا
- میحنەتی خەلقی بوهتان سکاندالەکەی عەبدوللەتیف سەلەفی
- گەندەڵستان؛ چیرۆکی ئەزمونێکی تێکشکاو لە باشووری کوردستان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەلوەشانەوەی ئەفسانەی میانڕەوی ئیسلامی

### هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=٨&main=٢٠١٥٠٦٣٠٢٢٥٢٠٣١٢٤٦٥٩&qr=true&report=relateditems



# محەمەد هەریری

لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەولێر لە دایکبووە. لە بواری نوسیندا بە "محەمەد هەریری" ناودێر کراوە. کۆلیژی ئادابی بەشی ئینگلیزی لەزانکوی سەلاحەدین تەواو کردوەو، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی بەریتانیا ماستەری لە لە وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی بەدەست هێناوە.

* لە کۆتایی هەشتاکانەوە دەنوسێت لەسەر بابەتی سیاسی و دینی و فیکری و کۆمەڵایەتی.

* لەساڵی ١٩٩٥ کۆچی هەندەرانی کردوەو لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. سەرنوسەری رۆژنامەیەکی کوردی و گۆڤارێکی عەرەبی بووە، بە کوردی و عەرەبی و جاروبار ئینگلیزیش دەنووسێت.

بە بەردەوامە لەنوسین لە رۆژنامەو ماڵپەرە کوردی و عەرەبیەکان، وەک نوسەرێکی کوردی سەربەخۆ خاوەن رای تایبەتی خۆیەتی لەسەر زۆربەی ئەو کێشانەی لە گۆڕەپانی کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا روو دەدات.

* سەرەکیترین بواری نووسینی دەربارەی توندڕەوی دینییە لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی، لەو بوارەدا سەدان وتاری بڵاوکراوەی هەیە. توندڕەوی دینی بە تایبەتی سەلەفیزم بە هەموو فۆرمەکانیەوە. بەڕای نووسەر خوێندنەوەیەک و فکرێکی نامۆیە بە سروشتی دینداری کوردی، ڕاستە لە کۆنەوە کەمێک چەمکەکانی لە ڕێگای مەزهەبی شافیعیەوە هاتۆتە ناو کورد، چونکە پەیوەندی ئەحمەد و شافیعی وەک

پەیوەندی مامۆستا و قوتابییە، هەتا دەڵێن ئیمام ئەحمەد کراسێکی شافیعی شۆردوە و ئاوەکەی خواردۆتەوە! لە کتێبی تاریخ الإسلام الذهبي: ابن خزیمة دەڵێت: "ئایە ئەحمەدی کوری حەنبەل جگە لە مناڵێک لە مناڵەکانی شافیعی زیاتر بوو؟"

بەڵام وەک ئەو لێشاوە سەلەفیەتە نەبووە کە جێگای مەترسی جیدی بێت لەسەر ڕووحیەتی دینداری کوردی. نووسەر پێی وایە دەبێت کورد ڕزگاری بێت لە هەموو فۆرمە ئیسلامە نامۆکانی عەرەبی و غەیری عەرەبی، خاوەن دیدو خوێندنەوەو فۆرمی تایبەتی خۆی بێت.

گرنگیەکی تایبەت دەدات بە دۆزی ئافرەت لە ئیسلام و کۆمەڵگای کوردیدا، تا ئێستا سەدان وتار و چەند کتێبێکیشی تایبەت کردوە بە دۆزی ئافرەتی کورد، کە پێی وایە کەوتۆتە نێوان بەرداشی توندڕەوی دینی و توندڕەوی هەندێ لە فێمنستەکان.

* هەروەها لە بواری ڕەخنەی سیاسیش دەنووسێت، بە تایبەتی لەسەر ئەزموونی دەسەڵاتی کوردی. نوسەر خەبات لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و بەرقەرابوونی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی گەورە بە گشتی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی دا دەکات.

A Series of Cultural & Intellectual Dossiers
Dossier Number: ( 11 )

# Abdul Rahman Siddiq
## Reformation or Play With Words ?!



ڕەخنەی من لە مەنهەجیەتی ڕیفۆرمی عەبدولڕەحمان سدیق و هەموو شەحروریەکان و قورئانییکان ئەوەیە، کە لە ڕیفۆرمخوازی پەیڕەوی مەنهەجیەتێکی زۆر فشۆڵ ولاواز دەکەن، ئەویش بریتییە لە یاریەکی زمانەوانی لە هەڵگێرانەوەی مانا، وگۆڕینی مانای وشەیەك، نکوڵی لە مانای دێرینی وشەیەك، ودەیان یاریتری نالۆژیکی، کە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی چەند کەسێکی پێ فریو بدەیت، بەڵام ناتوانی تا سەر قەناعەتی بپارێزیت!

سەرەڕای ڕەخنەکانیشم لەو مەنهەجیەتە، هێشتا من لە چەندین بۆنەدا بەرگریم لە عەبدولڕەحمان سدیق کردوە کاتێ تەکفیر و سووکایەتی پێکراوە لەلایەن توندڕەوان لەسەر مەنهەجەکەی.

ئەوەی من زۆر پێی پەستبووم لە بیرو فیکری عەبدولڕەحمان سدیق، یەکەم بێدەنگی و نزیکییەتی لە دەسەڵاتی گەندەڵ، دووەم دژایەتی کردنی عەلمانیەت و دیموکراتیەت و حوکمی مەدەنیەتی، بە بیانووی ئەوەی حوکمی ئیسلامی مەدەنییە و هیچ جیاوازی دینی ناکات لە نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا! ئەوەش وەهمێکە وەك باقی وەهمەکانی مەنهەجیەتە وشەکاریەکەی.

لەو دۆسیێە ڕەخنە لەو مەنهەجیەتە دەگرین، خاڵەکانی دەدەینە بەر باس و ڕەخنە، باسی هەڵوێستەکانی عەبدولڕەحمان سدیق دەکەین لە گەندەڵی و حوکمی ئیسلامی و سێکیولاریزم و حوکمی مەدەنیەت. هیوادارم خوێندنەوەیەکی هاوسەنگ بێت لەسەر بیروڕاکانی بەڕێز عەبدولڕەحمان سدیق.

DESIGN ; HADI HUNAR

Written by: Mohammed Hariri

First Edition: August 2020